



پەخش

۳

گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەری

ساڵی دووەم؛ ژمارە ۳، گەڵاڕێزانی ۱۳۹۰ی هەتاوی



گۆڤاری ئەدەبی. فەرهەنگی و هونەری

پێرست

سەروتار.....۱

هێمن: ئیمپراتۆری ڕووتی ولاتی ئاو ـ عەبدولقادر نیازی ۲

ڕەوانناسیی داستانی منداڵان ـ یاقووب خزری ۸

ڕەوایەت. واقیعی دووهەمی مرۆڤ ـ محەممەد ڕەحیمیان ۱۱

کامۆ و خوێندنەوەیەکی تر ـ عادڵ قادری ۱۴

مەرگ لە سەد ساڵ تەنیاییدا ـ مێهرداد ڕامیدی نیا ۲۴

ژیان و شێعری ئەلیسا ستالینگز ـ عەلی حسەینی ۲۶

وت وووێژ لەگەڵ ڕەئوف مەحموودپوور.

چنوور سەعیدی و محەممەد سەدیق کەریمپوور ـ هەوار خزرزادە ۲۸

وتووێژ لەگەڵ سالح سووزەنی ـ فرەیدوون سامان ۳۲

وتووێژ لەگەڵ محەممەد قازی سە بارە ت بە وەرگێڕان ـ ئامادەکردنی: هەرمان وەتمانی ۳۵

شێعر: مادی ئەرجومەندی/ سوڵحی سەلیمی/ محەممەد مستەفازادە/ ڕووانا چووپانی/هەژار ئیوەر/ زانکۆ حەلیفە/ عەباس ئاقایی/ ئیرەج عیبادی قاسم موئییەدزادە/ جەلال پوورحەسەن/ئەورسەلان چەلەبی/ سۆران حوسەینی/.....۳۷-۴۲

حەوتەوانەی ئەوین ـ سەباح محەممەدی ۴۳

سێناریو ـ جیهان کەرەمی ۴۴

بووکەشووشە ـ لەیلا نووڕانی.....۴۵

وێستگەیەک بە تەنیایی ـ ک.د.ئازاد ۴۷


بن کەپرێک و تاپۆی پیاوێکی بەدبینەیی ـ مریەم قازی ۴۹

ئەو پیاوەی وا لە زەینی خۆیدا نەدەگونجا ـ کوردستان گولابی ئازەر ...۵۱

لە ژێر چاوەدێری:
هەرمان وەتمانی
هەوار خزرزادە
شەویار گولابی ئازەر

تەرپاحی، گرافیست و ڕازاندنەوە:
ئەمیر سەفا
ناوەندی ڕاگەیاندنی مەگرافیک
۰۴۴۲۲۲۴۳۷۴۹

هەورامان دیجیتال



سەروتار

دەوری قەڵەم و بیرمەندان لە سەقامگیربوونی کۆمەڵگاکان‌دا

ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بێشکەی لە مێژینەی شارستانییەت بە هۆگەلی جۆراوجۆر لە هەموو چاخەکانی مێژوویی‌دا یەکێک لە ئاڵۆزترین ولاتانی جیهان بووە، ڕووداوە مێژوویی‌یەکان بەردەبەرە ئاڵوگۆڕییان پێکهێناوە و ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هەموو کات‌دا، سەرەتای دەستپێکێکی نوێ بووە بۆ داهێنانی

هزر و ئەندێشە و بەگشتی ژیانێکی نوێ لە هەر ناوچەیەکدا.

ئاڵوگۆڕ بنەمای هەرمان و بەرەو پێش چوونە، بۆی نییە بە بێجموجۆڵی هەمە لایەنە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی دەنگ و هەرای پڕوپاگەندەی چوونەپێش، بەرزکرێتەوە. تا هەر ڕادە کە هەموو نەهادەکانی کۆمەڵایەتی شارەزاتر و کارناسانەتر لە گەڕ دابن و شێوازێکی زانستی بە سەریان‌دا زاڵ بێت، بە هەمان ڕادەش ئاڵوگۆڕ تیژتێپەڕتر و پڕ دەسکەوتتر دەبێت کە ئەگەری ڕوحێکی سڵامەت و سەرزیندە بۆ کۆمەڵ و دانیشتووان پێکدێنێ. بۆ ئەم مەبەستە فێرکاری یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانە و لەم پێیەدا دەوری بیرمەندان و نووسەران بەرچاوتر دەبێتەوە.

پشتگری‌کردنی قەڵەم‌بەدەستان لە هەموو بارێکەوە و کەشوهەوایەکی لەبار و ئازاد کە بکرێ نووسەر بە بێدڵەڕاوکە و لە مەترسی‌کەوتن، لەودا هەناسە هەڵکێشێ و بە تەسەلی و وردبینانە کۆمەڵ بخاتە بەر لێکدانەوە و پێداچوونەوە بێگومان دەورێکی باڵای دەبێ لە بە کردەوەکردنی هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەی پێویستی هەموو کۆمەڵگاکەیە.

چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ڕامیاری ـ ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە شیکاری و چالاکی خەسارناسانە لە لایەن بیرمەندانەوە هەیە. کەوابوو ڕادە و چۆنییەتی بڵاڤۆگ و گۆڤار و کات‌نامەکان وەک خەزێنەی داهات و سامانی هزری هەر نەتەوەیەک دیاریکەری ڕادەی خوازیاری ئەم کۆمەڵگایەیە بۆ بەرەو پێش‌چوون و پێداچوونەوە.

ئا لەو بەشە دایە کە هونەر و هونەرمەند، نووسەر و شاعیر، ئەندازیار و... بە تێڕامان و وردبوونەوە بە هەموو زمانەکانی هونەری دەبنە ئەم ئەستێرە پڕشەنگدارانەی کە بە سەر شانی هەموو کۆمەڵێکەوە دەدرەوشێنەوە.

لە هەر شوێنێک کتێب بسووتێندرێ، پەیکەرە بخرێتە بەر تەوژمی بیور، تابلۆکان حەشار درێن، هۆنراوەکان بنێژرێن، نووسەر و هونەرمەند کپ و بێدەنگ کرێن، بێگومان لەم شوێنە مرۆڤیش لە ناخەوە دەسووتێ، کۆمەڵ تووشی نوقسان و مەلوولی دێ کە ئیتر چاوەڕوانی هیچ داهێنانێکی لێناکرێ. ئەوە هونەرمەندان و نووسەران بوون لە دەورەی ڕێنێسانس لە ڕۆژئاوادا بۆ چەندین سەدە قەڵەمیان لە گەڕ خست، مێعماری نوێیان داڕشت، ئاڵوگۆڕییان بە سەر فێرکارییە نەگۆڕەکانی کلیسادا هێنا، بە دەیان و سەدان ڕۆمان بە خۆیان‌دا هاتنەوە و لێفەیان لە سەر هەتیو هەڵداوە و هۆکاری شۆڕشی سەنعەتی و ژیانێکی مۆدێرن پێکهات، لە بیرمان بێ لە هەر شوێنێک کە زمان بێدەنگ دەبێ و دەکەوێتە سەر کۆڵانێکی داخراو، شۆڕشێکی نوێتر سەرهەڵدەداتەوە.

مریەم قازی

هێمن؛ ئیمپراتۆری ڕووتی وڵاتی ئاو





عەبدولقادر نیازی

پاش ئەوەیکە لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، گۆڕان و وەرچەرخانێکی مەزن لە دونیای ئەدەبیاتی کوردیدا لە لایەن سێ کەڵەشاعیری گەورە، نالی (١٨٥٦-١٨٠٠)، سالم (١٨٦٩-١٨٠٥) و کوردی (١٨٤٩-١٨٠٩) بەرپا دەبێت پلەوپای ڕێبازێکی نوێش لە شێعری کوردی دادەمەزرێت و لە ڕێگای بەرەی دووهەمی شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی خوارووواتە (مەحوی ١٩٠٦-١٨٣٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٩٠٩-١٨٣٥) و حاجی قادر کۆیی (١٨٩٧-١٨١٦) و لە موکریان بۆ یەکەم کەس و یەکەم جار لە لایەن میرزا عەبدولڕەحیم سابڵاغی ناسراو بە وەفایی (١٨٩٩-١٨٣٨) درێژەی پێدەدرێ و بە درێژەدرانی لە لایەن مەجدی (١٩٢٥-١٨٤٩) ئەدەب (١٩٣٢-١٨٧٤) حەریق (١٩٠٧-١٨٥١)، سەرئەنجام دەگاتە قازی مستەفا شەوقی لە سەردەمی مەشرووتەدا کە ئاڵاهەڵگری ڕۆشنگەری لە موکریان و دواتر ڕاگوێزی مەلا مارفی کۆکەیی (١٩٤٥-١٨٧٤) دەکرێ و لە ئاکامی ئەو بەرەیەشدا سەرئەنجام دەدرێتە ئەبولحەسەنی سەیفی قازی ناسراو بە سەیفولقوزات (١٩٤٤-١٨٧٧) کە بێهیچ سێ و دوو لێکردنێک پێشەنگی شێعری نیشتمانی و سیاسیە و بەڕاشکاوی دەتوانین ئیدعای ئەوە بکەین کە کلاسیزمی نوێ بە درێژایی ٢٠ ساڵ (١٩٤٠ تا١٩٢٠) زەبروزەنگ، زەخت و گوشاری دیکتاتۆری و سەرەڕای قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە کاتی سەڵتەنەتی ڕەزاشای پەهلەوی‌دا بە حەول و هیمەتی کوردانەی شاعیری نیشتمانپەروەر سەیفولقوزات ڕێچکەی بۆ شکا و دواتر هاوکات لەگەڵ شەڕی دووهەمی جیهانییەوە (١٩٤٥-١٩٤٠) و لە ئاکامی دەست بەسەر داگرتنی بارودۆخێکی نوێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لێی بێبەری نەبوو گەل و ئەدەب بەتێکڕایی گەیشتن بە قۆناغێکی هۆشیاری و بووژانەوە و ڕسکان و ڕێگای بۆ کانالیزەکردنی بەستێن و بەستەرێکی تر و نوێتر لە بواری هزر و ئەدەب و ئەندێشەدا دۆزییەوە و هەندێ شاعیری بەرپرس و دەروەست و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و ئاشنا بە ژان و زامە کۆمەڵایەتییەکان سەریان هەڵدا کە "هێمن" ئەگەر گرینگترینیان نەبێ بێشک یەکێ لە گرینگترینیانە کە گرووتینێکی بەهێزی بەخشی بە ئەدەب و وێژەی موکریان و گەشە و پێشکەوتوویی ئەو لە ئەدەب کە هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵەی ژ - کاف ئەوەندەی حاشاهەڵنەگر دەبێ کە لە لایەن پێشەوای نەمر "قازی محەممەد"ەوە وەک شاعیری میللی و نەتەوەیی ناوزەد دەکرێ. هەرچەند لەم دەستنیشانکردنەدا لە لایەن قازی محەممەدەوە "هەژار" یش بێبەری نابێ بەڵام ئەوەیکە لە دەوری ئەم بەرەیەدا واتە بەرەی نێونجی و ناوەڕاست و دووهەمی شێعری موکریان‌دا کە بریتین لە "هێمن، هەژار، هێدی، مەلاغەفوور، سەید کامیل، حەقیقی، خاڵەمین و ئاوات و نووری) پتر دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئەم سامانە بەهێزە لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵێک فەرهەنگی و ڕووناکبیرهاتۆتە بەرهەم کە شێعر و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی موکریان‌دا کەبانداوتە تەشقی خۆی و هەندێ خسڵەتی تایبەتیان بۆ دیاری کردووە کە ئەگەر بەشی هەرە زۆری بە بەرهەم و تێکۆشانی ئەدەبی هێمنەوە بزانین بە هەڵەدا چووین و یاخود ڕێدەڕەویمان نەکردووە. لە بەر ئەوە کە ئەدەبیاتی هێمن دەروەست و بەرپرسە کە ئاوێنەی بااڵنوێنی داببونەریت و کەلتووری کوردییە و لە هەمان کاتیشدا ئاشنا لەگەڵ ژان و حورمان و قەیرانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییەکی لە دەست دەرچووە کە پێویستی بە سەر لە نوێ ناسینەوە هەیە. ئەگەرچی شێعری هێمن لە چەند جێگادا خۆی لە کزی و لاوازی و پارادۆکس داوە بەڵام ئاوێتەی تەجرەبەی سەخت و دژواری شکست و نەهامەتی مرۆڤ و کۆمەڵگایە کە لە ئەندێشە و هزر تا ڕادەیەکی زۆر بەتاڵ کراوە و جگە لە چاوەڕوانی، جودایی، شکست و ناهومێدی کە خاڵی هاوبەشی بانگەوازی هێمن بانگەوازییەکی سەر لە نوێیە بۆ دۆزینەوەی شەرەفی مرۆڤایەتی و کەرامەتی مرۆڤ کە گرینگترین پاڵنەر و پەرەنسیپی ژیانێکی ئازاد و مانادار و خاوەن پێناسە و بێگەردە.

ڕیسالەتی شێعری هێمن ئاشکراکردن و بەرجەستەکردنی ئەم خاڵەیە کە مرۆڤ دەبێ خۆی بەردەنگی خۆی و هەڵکەتوو و نموونە بێ بۆ ژیان و مان و کۆمەڵگاش لەژێر ڕکێفی باوەڕێکی چڕ و لۆژیکی‌دا پێناسە بکا. هێمن لای وایە کە کۆمەڵگا بەرهەمی مرۆڤە و مرۆڤ بەرهەم و دەسکەوتی ئەندێشە و هزری خۆی. هەر بۆیە ئەگەر بمانهەوێ لە دید و ڕوانگەیەکی تایبەتەوە ئاوڕ دەینە سەر فاکتەرە سەرەکی و گرینگەکانی شێعری هێمن ڕەنگە بەم ئاکامە بگەین کە هۆکارە گرینگەکانی سەرکەوتوویی هێمن کە لە بەستەری شێعرەکانیا جەریانی هەیە دیاری کەین ئەو هۆکارانە دەتوانن (زمان، ئەندێشە، ناوەڕۆک و خەیاڵ و...) و ئەو وێنە ڕاستەقینە و حەقیقیانە بگرێتەوە کە میسداقی تایبەت بە خۆیان هەیە و شێعری هێمن یان وەک شێعرێکی شوێندانەر هێنابێتە ئاراوە و ئێمەش هان دەدات کە بڕوا بە بینینی دەرئەنجام و دەرکەوتەی شێعری هێمن پتەو کەین. کۆتایی و دەرئەنجامی ئەو خۆزگە و خولیایانەی لە شێعری هێمن‌دا شۆڕش دەکەن و کاتی خۆی و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، وەک ئۆستووەرە

هەواڵنێری کێبڕکێ

دێنە بەرچاو ڕەنگە بە پێداچوونەوەیەک بە سەر شێعرەکانی هێمندا بەو ئاکامە بگەین کە لەم چاخەدا بە گوێرەی ئەوە کە نیازی مرۆڤی ئەمڕۆی تێدا نابیندرێ لە ڕوانگەی هەندێ مرۆڤی تێنەگەیشتوو و هەروەها لە بەر ئەوە کە فرە مانایی و فرە شێوەیەکی کە کەڵکەڵەی مرۆڤی ئێستایە (مۆدێرن) تیادا نایەتە بەرچاو، بە هەڵقوڵاو لە ئەندێشەیەکی نوێش ناوزەد نەکرێن، یاخود ئەگەر ئاماژەیەکی هەر چەند بچووکیشیان بە کەڵکەڵەی مرۆڤی سەردەم هەیە ئەوانە کەڵکەڵەگەلێکن کە زەمان بە سەریاندا ڕابردووە و تێپەڕیوە. هەڵبەت هێنانی فەزای ژیان و جیهان و سروشت و ژن و ناسیونالیزم و ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە کارکوشتەیی و قەهارییەتی هێمن بە ئەژمار دێن و ئێمەش وەک مرۆڤێک لێیان دەڕوانین و بە پیرۆزیان دەزانین و دان بە ئەوەشدا دەهێنین کە کردەوە دەروونییەکانی شاعیر لە تەواوی شێعرەکانیا هەڵقوڵاو لەو واقیع و حەقیقەتانە بووە کە فەزای کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمیان پێناسە کردووە.

یەکێ لەو هەزاران پرسیارەی کە وا لە بارەی شێعر، لێرە ئاراستەی دەکەین ئەوەیە کە شێعر دەبێ لە خزمەت کام فاکتەر دابێ؟! هەروەها ولامی پرسیارەکەشمان لە شێعری هێمندا دەدۆزینەوە. ڕەنگە یەکەم ولامی شیاوی ئەم پرسیارە ئەوە بێ کە شێعر بۆ ئەوەی خولقێنەری جوانی بێ، خۆیشی دەبێ بچێتە ژێر خزمەتی جوانییەکان. ولامێکی کە پێوەر و پێودانگی مەزندەی شێعری هێمنە و لە لایەک بناغەی لەسەر بنکە عەقڵانییەکانی هزری هێمن دامەزراوە و لە لایەکی ترەوە، پۆتانسیەلی تەتبیقدرانی لەگەڵ مێژووی شێعر و ژیانی شاعیر واتە هێمنیش هەیە. ئەوە ڕەنگە لایەنێکی ئەو هەموو بۆچوونە بێ کە لەسەر شێعری هێمن دێتە ئاراوە و وێڕای ئەوەش ڕەنگە بکرێ چەندین پرسیاری سادەی ئاراستە بکرێن کە یەک لە ئەوان ئەوەیە کە ئایا شێعری هێمن لە خزمەتی چ چەمک و مژارێکدا نییە و نابێ دەخزمەتیشی دابێ؟! هەر وەکوو دیارە کاتی خۆیشی هێمن شوێن و ولامی ئەم پرسیارەی لە زەینیدا بە یەقین دۆزییەوەتەوە کە ڕێگای بۆ ئافراندن و داهێنانی شێعرگەلێکی هێند بەپێز، خۆش و هەموار کردووە و شاعیر و شێعر و بەردەنگی بە شێوەیەک بار هێناوە کە پتر لەوە وا شێعر بخاتە ناو بازنەی دابینبوونی نیازە دەروونیەکانی شاعیر، ڕاستەوخۆ بیخاتە خزمەت جوانیناسییەوە و لە لایەن پێشەوای کوردایەتی و نمادی شەڕەف، قازی محەممەد نازناوی شاعیری نەتەوایەتی بدرێتێ. ئەگەرچی شێعری هێمن لە چەند جێگایەکدا (یادگاری شیرین) بۆنی پارادۆکس و لاوازیان لێوەدێ بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک نابێتەوە دەلیل بۆ ئەوەی نە بە ناوی نوێخوازی و نوێڕاپڕێژی و هەندێ فاکتەری تر، لایەنی مانا و زمان و ناوەرۆک لە شێعر دەرباوێین، نە بێینە سەر ئەو قەناعەتە کە زەبری لە باری جوانیناسی شێعری هێمن داوە. لە پەنا ئەوەشدا ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە و نابێ بە مافی خۆیشمانی بزانین کە شێوە ڕوانین و چلۆن ڕوانین بۆ شاعیر بەگشتی و بۆ هێمن بەتایبەتی دیاری کەین. ئەوەیکە بمانهەوێ شێوە ڕوانین و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ جیهان و فەزای کۆمەڵگا بۆ شاعیر دیاری کەین پتر وەک کایەکی منالانە دێتە ئاراوە لەبەر ئەوە کە ڕوانین و دید و زەینییەتی شاعیر لە ئاست ژیان و دیاردەکان و کۆمەڵگا و مرۆڤ و... شتێکی خاوەن چوارچێوە و مانادار و تەعریفکراوە کە بەردەنگ دەکێشێتە ناو خۆی و خۆی پێناسێنێ. وەها سەرێتییەک، شێعری هێمنی گەیاندووەتە پلە و پایەیەک کە ئێمەش بێینە سەر ئەم قەناعەتە کە شێعر و شاعیر هەڵقوڵاو لە کۆمەڵگا و شعووری گشتی کۆمەڵگایەکن، شعوورێکی بەپێز و شوێندانەر کە لە پانتای خەیاڵدا مانا دەکرێتەوە.

هەر بۆیە بە خوێندنەوەی شێعری هێمن دەگەینە ئەو سێحر و جادووە مەزن و پیرۆزە کە تێیدا شاعیربوون و هێمنبوون هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کیمیاگەری نییە.

لەبەر ئەوە کە شێعری هێمن مانیفێست و بەیاننامەی مرۆڤایەتییە کە پتر لە هەموو شتێک کەڵکەڵەی ئاوەدانکردنەوەی ڕوحی تەنیا و سەرگەردانی مرۆڤی جوانخواز و ماناخواز لە خۆیدا گۆش و پەروەردە دەکا.

" موغی بێئاگری شەوی یەڵدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام
چڵە ڕێحانی دووڕە دێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم چیم
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم"

(شێعری سازی ناساز ـ نالەی جودایی)

ئەگەر بڕیار وابێ کە شێعر تەنیا لە خزمەتی دابینکردنی نیازە دەروونییەکانی شاعیردا بێ، یاخود تەنیا مەبەست لە شێعر دامرکاندنی دڵی شاعیر بێت و شۆڕش بە هەست و جوانیناسی لە بەردەنگدا نەکا ئەوە لە بارەی شێعری هێمندا دروست نییە لە بەر ئەوە کە شێعری هێمن ئەگەر بۆ نیازی دڵیش بێ، نیازی دڵی هێمن و ئازارە دەروونییەکانی بە ڕوخساری کۆمەڵگاوە دیارن. بۆیە شێعری هێمن بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەرەوە وترا شێعرێکە کە هزر و تێفکرین تێیدا بەردەوام زاوزێ دەکا و نەمردووە و نەزۆک و بێبەر نییە، هێمن شاعیرە و شاعیر وەکوو ئەندازیاری ڕوحی مرۆڤ هەڵگری شعوور و حیکمەتی زەمانەیە، هەم بیرداڕێژ بۆ کۆمەڵگا و هەم زاڵ بە سەر دونیای بێکەیفییەتی دەرەوە واتە دەوروبەردا، بەم پێیە شاعیر خولقێنەر و بانگەوازدەری ئەم جیهانە مومکینانەیە کە ڕەنگە لەو کاتەدا بەدی نەکرێن. بەڵام پێشبینی بەدی نەکرانیشیان لە داهاتوودا بە کەس ناکرێ، ئەوەیکە شێعری هێمن شێعرێکە کە لە کاتی دەسەڵاتی ناجوانی و ناهومێدی و دوورەپەرێزبوونی مرۆڤ لە بنەماکانی مرۆڤایەتیدا فرچکیان گرتووە شکی تێدا نییە بەڵام بۆ ناسینی چڕوپڕتری شێعری هێمن ئەگەر جوانیناسی شێعر بن، بەم حاڵەشەوە لۆژیکی شێعری هێمن تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ناسین و کردنەوە ڕەمزی شێعرەکان یارمەتیمان دەدا. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەش ناکرێ (لۆژیکی دەروون شێعری) لە شێعری هێمندا لەگەڵ تکنیکەکانی شێعروتن بە یەک پێوانە هەڵسەنگێندرێن. بۆ وێنە:

ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم باوکی فرمێسکم و کوڕی ژانم

(شێعری سازی ناساز ـ نالەی جودایی)

ئەگەرچی لە باری بڕگەییەوە جیاوازیان هەیە بەڵام مەزموون و لۆژیکی شیاو و ڕێکوپێکی تێدا دەبیندرێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناسینی شێعر لە کانالّی (لۆژیکی شێعر) لەگەڵ ئەوە کە مەزنتر و بەرزتر پانتایەکی بەرفراوانتریشی گەرەکە و لە ناسینی سەبک و شێوازیشی جودایە، بەم پێیە هاوکات هەڵسەنگاندیان بە یەکەوە هەڵەیە. ئەوەیکە فاکتەر و هۆکاری جوانیناسی و جوانیبەخشی بە شێعر مەزنتر و بەرزترە لە لەزەت و هەڵگوستەیەکی سادە و ڕووکەشیانە لە ژان و ئازار و... هەڵقوڵاو لەو بۆچوونەیە کە لە شێعری هێمندا دەگاتە تەشقی خۆی چونکە لەم دید و بۆچوونەوە جوانی شێعر

سەرچاوە لە تەجرەبە و ئەزموون و ڕوحجوانی و ڕەزاگرانی شاعیر دەگرێ واتە شاعیر بە هەموو شتێک ڕازی نابێ:

سرنجم گەر دەبڕمە بەژن و بالآت
کچی جوان! بۆچی ڕووگرژی چ قەیدی؟
منم ئەو شاعیرە جوانی پەرەستە
کە چاوی من جگە لە جوانی نەیدی

(فریشتەی پەڕیوە- تاریک و ڕوون)

لەم دیدەوە لەگەڵ ئەوەیکە فۆرم و ناوەرۆک بنەمایەکی لێک سەربەخۆن بەڵام بەهرە و توانایی شاعیریش بۆ خوڵقاندنی شێعرێکی سەرکەوتوو کە سەرگرتوو لە تێکەڵاوییەکی سەرکەوتووانەی فۆرم و ناوەرۆکە، حاشای لێناکرێ. هێمن لە شێعرەکانیا بە حوکمی ئەوە کە جوانی، بەر لە ڕوودانی جوانی دەبینێ و دەرکی دەکا، شاعیری وەچەی داهاتوویە نە ڕابردوو و مێژووی مەسرەف و دەکارهێنان بۆ خۆی و شێعرەکانیا دیاری ناکرێ. ڕەنگە میسداقی ئەم بۆچوونەی ئێمە لە بارەی هێمن، وتە بەنرخەکەی مێکل ئانژ بێ کە دەڵێ:

"من تەندیس و پەیکەر بەر لە داتاشینی بەردەکە لە ناخی ئەودا دەبینم، من هیچ شتێ ساز ناکەم، تەنیا فەزای دەوروبەری پەیکەرەکە نەبێ. کەوابێ شاعیر هەمیشە جیهان و دەوروبەر بەمجۆرەی کە دەبێ ببیندرێ، دەبینێ نە بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە و دەبیندرێ. کەواتە هێمن بێگومان لێرەدا سەرکەوتووە.

دەچتە سەر دارێ لە ڕۆژی ئینتیقام و تۆڵەدا
ئەو کەسەی کووشتی بە ناحەق پێشەوا و سەرداری کورد
نایەڵن ئاداری بەسەر پاداری ئەو دەربارەوە
چونکە دەیوت نایەڵم ئاداری کورد، پاداری کورد

(شێعری ئاواتی بەرز - تاریک و ڕوون)

تایبەتمەندییەکی تری هێمن ئەوەیە کە هێمن خۆی بەرهەم و دەرئەنجامە، نەک پێشەکی و بەرایی. ئەوە خسڵەتی شاعیرە کە بەپێچەوانەی غەیرە. شاعیر پێشەکییەک جگە لە بەرهەم و دەرئەنجام بۆ خۆی و شێعر نادۆزێتەوە هەر بۆیە ئەو خسڵەتەش شاعیر وەک دەستپێکەر و هەڵگری ڕیسالەتێکی مەعریفی و حەقیقی دێنێتە ئاراوە و گەڵاڵە دەکا و ئەوەش لە بەستێنی سێ ((من))دا خۆی دەدۆزێتەوە؛ ((من))ی تاکی یا فەردی، ((من))ی ئایدیالۆژیکی، ((من))ی جیهانی. ئەوەیکە هێمن و کەسایەتییەکەی بەسەر شێعرکانیا زاڵن و لە شێعرەکانی وەک هێمای کۆمەڵگا و مرۆڤ دانەبڕاوە سەرگرتوو لە هەمان ((من))ی جیهانییە و شاعیر خۆی سەنتەر و ناوەندی دەقەکەیەتی، کەوابێ شاعیر، لێرەدا خۆیەتی و بەس. لەبەر ئەوەیکە کەڵکەڵەی خۆی ناوەرۆکی شێعرەکانیشێتی و لێک سەربەخۆ و دوورەپەرێز نین و لە پەراوێز و حاشیە بە دوورن. بەڵام ((من))ی تاکی یا فەردی ((من))ێکە کە شاعیر لە چوارچێوەی ئەودا شێعر بۆ خۆی و دڵی خۆی دەڵێ و شێعرەکەی بەیداخی خۆیەتی نە کەسی تر و هەر ئەوەش بنەبڕکردنی بنەماکانی ڕووناکبیری شاعیری لێدەکەوێتەوە و جیهانی بەربەرینی شێعر لە جیهانێکی بچووک و بەرتەسک و هەستاوی‌دا حەشار دەدا. هەروەها لە چوارچێوەی (منی ئایدیالۆژیک)دا جیهانی دەوروبەری شاعیر پتر بەرجەستە و زەقە نەک ئەم جیهانەی کە دەبێ لە دەروون و ڕوحی ئەودا ڕەگاژۆی کردبێ. هەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوە کە شێعر ببێتە مانیفێستێکی سیاسی دژی ئەم و ئەو و زەمینەی داپۆشرانێکی ئیدئالیستی مەغرووڕانە بۆ شاعیر پێک دێنێ و دونیای شاعیر لە جیهانی واقیع وەها هەڵدەبڕێ کە بواری دەرک و تێگەیشتن لە جوانی‌ناسی شێعر لە ناخی ئەودا بەرتەسک و سنووردار دەکاتەوە ئەوە هەمان بکۆژی بێدەنگی لایەنی ئێستاتیکا و جوانی‌ناسی شێعرە. لە بەر ئەوەیکە لە چوارچێوەی دەرکی ((منی ئایدیالۆژیک))دا "زەینییەت" (سوبژە) و "عەینییەت" (ئۆبژە) شتێکی ئەگەر مەحاڵ نەبێ بێگومان سەخت و دژوارە و شێعر دەبێ بە زۆرنایەکی تەبلیغی و ئامێرێکی تێزیزێری.

هێنانەوەی ئەم پێناسە و چوارچێوانە لێرەدا و دانانیان لە پاڵ شێعری هێمن تەنیا بەو مەبەستە بووە کە لە شێعری هێمن‌دا ((من))، "من"ێکی جیهانییە بەو مانایە کە ئەگەر هێمن بەدەر لە کوردستان هاوڵاتی، هەر شوێنێکی تر بوایە ناوەرۆکی شێعرەکانی لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و شۆناسی ئینسان تێنەدەپەڕین:

(شیوەنی من شێوەنی ئینسانییە بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانییە)

ئەو شێعرانەی هێمن دیاریکەر و دەرخەری ئەوەن کە کەڵکەڵە و گرفتی شاعیر ئەگەر یەکێتی و یەکگرتووبی لەگەڵ خوێنەرێتی و شاعیر ڕوحی خۆی بۆ خوێنەر یا بەردەنگ ڕووت کاتەوە ئەوکات دەتوانین بڵێین کە هۆنەر بەگشتی و شێعر بەتایبەتی مەیدانی سەداقەت و ڕاستیە. لە بەر ئەوەکە نە شێعر مەیدان و سۆزانگەی سواڵ و سوالکەرییە و نە بە درێژایی مێژووی ئەدەبیات و وێژەی جیهان، هیچ مرۆڤێک بۆ لارێبوون و هەڵە و چەوتی دەستی بۆ لای شێعر درێژ کردووە ئەگەر مرۆڤ حەزی لە گەمژەیی و نەزانیش بێ نە شێعر کانالێکە بۆ ئەم ویستوخواستە نە هیچ شاعیرێکی واقیعی و بەڕپرس و دەروەستیش شێعری وەک هەساوێک بە کار هێناوە کە خۆی تیا حەشار بدا و لەژێر دەمامکی تەقەدوس و پیرۆزی شێعردا دەستی بەردەنگ کورت کاتەوە یا بیبەستێ. هەڵبەت ئەوە بە مانای تەقەدوس‌بەخشین و پاکانەکردن بۆ تەواوی ئەو شێعرانە نییە کە بەر لە ئێستا نووسراون و ئێستا دەنووسرێن و لە داهاتووشدا لە دایک دەبن تەنیا ئەوە کە دەمهەوێ بڵێم شێعری هێمن لەو هەموو گرێ و گۆڵە خۆی دوور خستۆتەوە کە ئاماژەیان پێکرا و لەگەڵ ئەوەش پێناسەی خۆی لە دوو تۆی زامە مرۆڤایەتییەکانی هێمن‌دا دۆزییەوەتەوە کە تەنیا خسڵەتیان سەداقەت و حەقیقەت و سەمیمیەتی شاعیر و شێعرە و لە خزمەتی هزر و زەین و ئەندێشەیەک دان کە گەرەکیەتی تەجرەبە و ئەزموونی سادق و حەقیقی خۆی بکاتە لاتاوێ بۆ زمانی شڕ و شەوێڵەی مێژوو و بنەمایەکی مەعریفی و لۆژیکیش بکا بە مۆرکی تایبەتی خۆی.

"خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵک وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ؟!

(شێعری بۆسەی ڕۆژگار - تاریک و ڕوون)

*** *** ***

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم
لە بازاڕی ژیان غەیری هۆنەر نیمە چ سەرمایە

(شێعری چارەنووسی شاعیر - تاریک و ڕوون)

سەرێتییەکی شێعری هێمن ئەوەیە کە هێمن بۆی دەرکەوتووە کە پێچاوپێچکردنی زمان لە شێعردا هەرگیز لە خزمەتی دەقدا نییە هەر بۆیە شاعیر لەگەڵ خۆی یەکلا بۆتەوە کە بەڕەکەی تا کوێ ڕاخا و پانی کاتەوە.
گرینگترین فاکتەری شەفافیەتی شێعری هێمن لەوە دایە کە لەگەڵ مەرگ، عەشق، تەنیایی، گەل، مرۆڤایەتی و ژن سەروکاری هەیە و شاعیر توانیوییەتی ئۆپراسیۆنێکی بەهێز و سەرکەوتووانەی هەبێت لە مابەینی ئۆبژە (Obojective) و سۆبژەدا (Subjective). بەو مانایە کە فەزای شێعری هێمن نە ئەوەندە دەسکرد و ئینتزاعییە کە بەردەنگ و خوێنەر بهاوێتە ناو هەڵەموت و هەڵدێری تێنەگەیشتن، نە ئەوەندەش تۆتالیتەر و سانتریاڵ کە بە خوێندنەوەیان تووشی هەڵگۆستە یا ئارگیۆمێنتێکی تەواو دۆگماتێکی بین. ئەگەر هێمن حەولی ئەوەی داوە کە شێعرەکانی زەوینی و وەرگیراو لە واقعی ژیانی سەردەم نزیک بێ، تەنیا سەداقەت و ڕەوایەتی سادقانەی دەروونی شاعیری لە پشتە و هیچی تر.
هێمن هەرگیز لای وا نەبووە کە دیاردە شێعرییەکان دەبێ لە دەرەوە یان ئەو بەری ژیانەوە ڕووبدەن. هەر بۆیە کاتێ شێعری "هێلانەی بەتاڵ" دەخوێنینەوە سەمیمییەت، سەداقەت و یەکگرتوویی شێعر و شاعیر و بەردەنگ ئەوەندەی تر ئاشکرا و بەرجەستە دەبێ:

نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من
ئەوە سەختە کە وا ناگاتە گوێ کەس ناڵەناڵی من
بەهار هات و تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانی دا
لە ناو کونجی قەفەسەدا دیارە ئێستە چۆنە حاڵی من
لە گوڵزاری ورینگەی بولبولی سەرمەست و شەیدا دێ
بەڵام نایە جریوێکیش لە هێلانەی بەتاڵی من
کەماڵێ بێ کەماڵت بۆ چییە لەم شارە وێرانە؟
کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەویست کەماڵی من


(شێعری گریانی نیوەشەو - تاریک و ڕوون)

لێرەدا سەمیمییەت و سەداقەتی شاعیر لەگەڵ شێعر و بەردەنگدا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی تووشی بێ وەفایی گراوەکەی دەبێ دیسان بە "گوڵم" ناوزەدی دەکا و سەرەڕای ئەم هەمۆ زەخت و گوشارە ڕوحیە، دونیای عەشق، ئازادی، سروشت و بەهاریش لێک هەڵنابڕێ و هیچیانی بێئەوی تر ناوێ. ئەوە یانی زاوزێ کردنی کردەکی (بالفعل) شێعر بە مەبەستی پلۆڕالیزمێکی بێگەرد و سەرکەوتوو،لەبەر ئەوە کە چەقبەستووکردنی پێوەندی لە نێوان عەشق، ئازادی و سروشت و...دا خوڵقاندن و داهێنانێکی بەهێز و بێنیازە کە سەرچاوەی لەو ئۆپێراسیۆنە گرتووە کە پێشتر باسمان لێیەوە کرد و خسڵەتێکی ڕۆمانتیکی نادات بە شێعر و شاعیر. لەبەر ئەوە کە هێمن لە شێعرەکانیا بەردەوام خولیای خوڵقاندن و ئافراندنێکی نوێ بووە بۆ پرسە مەعریفییەکان، تا هەم بوارەکانی سەداقەت و سەڕاحەتی خۆی پێکبێنێ هەم هێز و لایەنی چەمەوازبوونی هێمنی خۆی بسەلمێنێ.
لێرە دایە کە شێعری هێمن تایبەتمەندییەکانی مەیدانی تەڕاتێنی هەست و بۆچوونەکانی کەسێک بە خۆوە ناگرێ و فورسەتی دەدەن بە جیهان و ناوەڕۆکی ئەو کە لە شێعری هێمندا شوێنێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. دەقی شێعری هێمن بە حوکمی ئەوە جێگا و ڕێگای بۆ هەموو شتێک و چەمکێک دیاری کردووە کە دەقێکی دێمۆکڕاتیکە و بەردەنگ دنە دەدا کە بوونی خۆی لە پاڵ شێعر و شاعیردا هەست پێبکا. "نورمەن هاڵەند" وتەنی: خوێنەر بێئەوەی دەسەلاتی بەسەر ئیرادەی خۆیدا هەبێت تووشی خەیاڵ دەبێتەوە و تێدەفکرێت، چوونکە بەردەوام بەرەو نەستی دەق دەڕوا و لە نێوان شوناسی بەردەنگدا ئەو دەرک و تێگەیشتنەی لە دەقی وەردەگرێ، پێوەندییەک هەیە کە مەودای ناسین یا پترناسینی خوێنەر بۆ خۆی بەرفراوانتر دەکاتەوە. دیارە شاعیر لێرەدا حەولی داوە کە هەموو شتێک بنکۆڵ کا تا شێعری تیا بدۆزێتەوە.

شەوانە ئەو دەمانەی شەو دەگاتە کاتی نیوەشەو
خەڵک نوستوو لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو
تەک و تەنیا بە ئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ
بە دڵتەنگی و کزی و خەمناکی ڕادەکیشم لەسەر بەردێ
وەکوو ئاوااڵی چاک ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم
هەتا بۆیان بەیان کەم موو بە موو ڕازی دەروونی خۆم
بەڵێ گریانی نیوەشەو دەکا ناسۆری دڵ مەرهەم
کۆڵ و کۆم دادەمرکێنێ، بە جێ دێڵێ دڵی من خەم

(شێعری گریانی نیوەشەو - تاریک و ڕوون)

سەرەڕای ئەوەی تا ئێرەش وترا، لەبەر ئەوە کە هێمن لە بەشی هەرە زۆری شێعرەکانیا ڕووی لە جوغرافیایەکی مەڵموس و کۆنکرێتە، بەڵام خەم و ئازارەکانی ڕاگوێزی تەواوی جیهان کردووە. شاعیرێکی سەرکەوتووە هەڵبەت لە بەر ئەوەی کە دید و ڕوانگەی هێمن دید و ڕوانگەیەکی بان نەتەوایەتییە و مۆرکی خۆجێیان پێوە نالکێ هەر ئەوەش ڕێگا بۆ جیهانیبوونی شێعری هێمن خۆش و هەموار دەکا ئەویش بە یارمەتی و تەجرەبە و ئەزموونی هێمن



لە کوردستان. ڕەنگە لە وەها دۆخێک دابێ کە کەڵکەڵەیەکی تاکی دەبێ بە کەڵکەڵەیەکی گشتی و شاعیر بە کەماڵ دەگا. هێمن وێڕای شێعرەکانی ڕووتە و لای وایە تا ڕوونتر بێ لە ئاو نزیکترە. ئەو بۆچوونە ڕەنگە ببێتە مایەی لە دڵ گرانهاتنی هەندێ لەو کەسانەی کە لایان وایە شێعری هێمن سیاسییە. بەڵام بە تێفکرینێکی سادە ڕەنگە بەم دەرئەنجام بگەین کە ئەگەرچی ئەدەبیات بەگشتی و شێعر بەتایبەتی پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و...یەکان هەیە بەڵام ئەوەیکە لەسەر ئەم باوەڕە بین کە شاعیر تا چ ڕادەیەک بە هۆی سیاسەت یا سیاسیبوونی کەسایەتی خۆی هەنگاوی بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی ناوە، پرسیارێکە کە پێویستی بە توێژینەوەی زۆر قوواڵتر و بنەڕەتی هەیە. بەڵام ئەوەی لەو بوارەوە لە بارەی هێمنەوە دەبێ بوترێ. ئەوەیە کە دەرکی سیاسی هێمن بەشێکە لە مانای ژیان و حەقیقەت و شێوە ڕابواردنی خەڵکی کۆمەڵگاکەی. لەبەر ئەوە کە هێمن دونیا بە شێوازێکی زۆر لەوە جیاوازتر دەبینێ کە شێعرەکانی بکاتە پانتا و گۆڕەپانێک بۆ ڕاوەڕووت و ڕاوڕاوێن و چەمەبازی سیاسی، ئەوە بە مانای سیاسی نەبوونی کەسایەتی هێمن نییە بەڵام دال بە ئەوەش نییە کە پاڵگەی شێعری هێمن پاڵگە و تەوەرێکی تەواو سیاسییە. دەوری هێمن لە شێعرەکانیا دەوری سیاسەت زانێک بووە کە ڕۆڵی ئەندازیارێکی گێڕاوە و وشەکانی لە جێگای پێویست و ڕاستەقینە و حەقیقی خۆیان داناون. کەڵکەڵەی هێمن وەک وترا پتر کەڵکەڵەیەکی کۆمەڵایەتی بووە کە سەرچاوەی لە ئاریشە گشتییەکانی ئەوکات گرتووە، بۆیە ژن و ئازادی و پێشکەوتوویی بەردەوام کانۆگەلێک بوونە کە هێمن وێستوویەتی شارستانییەتی مردوو یا لایەنی کەم بێهێز و نەزۆکی ئەو کاتی تیا زیندوو کاتەوە و بیرپسکێنێ.

مانگ و مەریخێ دەپێوێ ئینسان
منی کورد زیندەبەچاڵم تاکەی
چاوەڕێی تیشکی هەتاوی هیوام
ناڕەوەی هەور و گەواڵم تاکەی

لە دیدی هێمنەوە شارستانییەتی مردوو یا نەزۆک، شارستانییەتێکە کە بناغە و پەڕەنسیپە سەرەکییەکانی تێکڕماون و جێگەوپێگەی واقیعی و ڕاستەقینەی خۆیان لێدەستێندراوە و دراوە بە هەندێ چەمکی تر کە عەداڵەتیان بردۆتە ژێر پرسیارەوە. شێعری هێمن باس لە سەر دانرانی هەر شتێ لەسەر جێگای واقیعی خۆی دەکا بێئەوەی جیگای شتی تر بگرێتەوە یا پاڵپەستۆ بکا. هەر بۆیە شێعری هێمن شێعرێکی عادڵانەیە و بە ناحەق هیچی فیدای چی تر نەکردووە. لووتکەی بەرزی هێمن زاتی پاک و بێگەردێتی کە لە چوار سووچی ئەوەوە بە هەندێ هێڵ لێک گرێ دراون و هێمن دەوری ناوەندی دەگێڕێ کە کۆمەڵگا و بایەخ و ئازارە باوەکانی و پرستیژ و شوێندانانی کەسایەتی خۆی لەسەر چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و هەست بە بەرپرسایەتی لە ئاست دیاردەکان و قوواڵیی هەست و سۆزی هێمن لە چوارچێوەی زاتێکی پیرۆزدا کۆ دەکاتەوە و خسڵەتێکی نامەحدوود و بێبڕانەوەی بۆ دیاری دەکا کە دوای خۆی لە داهاتووشدا بڕانەوەی بۆ نییە و نەریت و کەلتوورێکی هێمنانە دادەمەزرێنێ و ئاپۆرەکانی جەماوەریش بە بەردەنگی خۆی لە قەڵەم دەدا.

هەڵزنانی هێمن بەرەو لووتکەی جوانییەکان و
خوڵقاندن و داهێنانی ئەدەبی

کەلتووری هێمنانە ——— هێمن ——— پرستیژ و شوێندانانی ئەدەبی

قوواڵیی هەست و خۆ
بە بەرپرس زانین

لە بەر ئەوە کە لە ئەندێشەی هێمندا ژیان و پێشکەوتوویی بەرهەم و دەستکەوتی دەخۆنووسانێکی بێ وێستان و ڕاوەستانە و بەرهەم و دەرئەنجامی

هەواڵنامەی کتێب



ئەوەش بەدیهاتنی گۆڤانکارییە لە پانتای کۆمەڵگادا کە لە ئاکامی بە خۆداچوونەوەی کۆمەڵگا و ڕەخنەگرتن لە خۆ و نەریت و... دێتە بەرهەم و ئەوەش ماهییەت و ناوەڕۆکی شێعری هێمنی شی کردۆتەوە و وەڕاستگەڕانی تەوافوق و هاوڕایی شاعیر و خوێنەری لە بەستێنی پێکهاتەیەکی زمانی و نیشانەشناسیدا ئەوەندەی تر بەهێز و بەرجەستە کردووە کە مانای شێعر دەبێ هەم لە نەهاد و ناخی هێمندا بدۆزێتەوە هەم لە دەقدا، ئەگەرچی ڕاگوێستنی ئەندێشە و هزر و مەفهووم و تەنانەت نیشاندانەوەی واقیع لە بەستێنی کارکرد و ڕۆڵی زماندا لە لایەن ئەفلاتوون و ئەرستوو کەوتە ناو بازنەی شک و دڕدونگیەوە بەڵام بەپێچەوانەی جەسارەتی هێمنی ئەوەندە نیشان دا کە بە باشترین شێوە کەڵک لە زمان وەربگرێ بۆ ڕاگوێستنی ئەندێشە و چەمک و خودی زمان لە شێعریشدا لە بەستەڕێکی (هێزەکی - بالقوە) بگوازێتەوە بەستەڕێکی کردەکی (بالفعل) و بۆ ناساندنی حەقیقەت زمان وەک باشترین کەرەستە و ئامێر بێنێتە کایەوە.

ئەوە هاوکاتە لەگەڵ ئەوە کە دەقیش لە شێعری هێمندا بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندی ئایدیایەکی تایبەتی بە خۆوە نەگرتووە؛ "پی‌یێر ماشری" لەم پەیوەندییەدا دەڵێ: "دەق لەگەڵ ئەوە کە نابێ هەڵگری ئایدیایەکی تایبەت و چەقبەستوو بێ، دەبێ ئەو پارادۆکسانەی وا بەرهەم و لێکەوتەی ئایدیا دۆگمەکانن بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرجەستە کاتەوە کە چارەسەرکردنیان لە کۆمەڵگاشدا لواو و گونجاو بکا، لە بەر ئەوە کە دەق پتر لەوە کە تریبونی ئایدیا بێ، دەبێ حوکمی نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەو کەمایسیانە بێ کە ئایدیا هەڵگریانە لێرە دایە کە ئایدیا دەوری دژی خۆی دەگێڕێ".
ئەو وتەی "ماشری" پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەقی شێعری هێمندا هەیە کە لە خزمەت هیچ ئیدیایەکدا نییە، لە جێیەکی تردا "ئادۆرنۆ" پێی وایە: "مەزنایەتی و گەورەیی بەرهەمی ئەدەبی یان هونەری ئەوەیە کە ڕێگا بۆ دەرکەوتن و دەربازبوونی ئەو شتانە دەکاتەوە کە ئایدیا حەشاری داون یا لەژێر ئایدیاکاندا حەشار دراون، بەپێی ئەم دوو بۆچوونەی ماشری و ئادۆرنۆ دەتوانین بەو حەقیقەتە بگەین کە سەرکەتوویی شێعری هێمن لەوە دایە کە لە شارەزایی و ئاگاهی بۆش و درۆیینی کاتی خۆی تێپەڕیوە و بە ئێستاش گەیشتووە و لە دید و بۆچوونێکی کۆمەڵناسانەوە لە واقعییەتگەلێک دەڕوانێ کە خودی مرۆڤ و کۆمەڵگا خوڵقێنەری بوون، بار و دۆخێک کە لە دیدی ئادۆرنۆوە "لەودا عەقڵ و ئەندێشە کە کەڵکێکی ئامێرانە و کەرەستەیان لێوەردەگیرێ، دەبێ بە شوێن هەندێ مانا و فاکتەردا بگەڕێن کە خۆیان سەرکوتیان کردوون "هەر بەم پێیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هێمن لە شێعرەکانیا عەقڵانیەتێکی پۆزەتیڤ و کارامەی بە کار هێناوە و ئەم دۆخە تاقەتپرووکێنەی کۆمەڵگاش بۆتە هۆی ئەوە کە هەم هێمن شێعرەکانی بە ئەمنترین پاڵگە و پەنا و پەسێو بزانێ هەم ئێمە هەموو جوانییەک بە ناوی هێمن بناسینەوە.

سەرچاوەکان:

۱. ادوار شعر فارسی – محمدرضا شفیعی کدکنی – چاپ اول (ویرایش دوم) – انتشارات سخن– تهران ۸۰
۲. شوپنهاور– متافیزیک و هنر– مایکل تنر– ترجمه اکبر معصوم بیگی – چاپ اول – پاییز ۸۷ – نشر آگه
۳. انسان پاره پاره – نیکلا گریمالدی – ترجمه دکتر عباس باقری – چاپ دوم – سال۸۳ – نشر نی
٤. چهار فصل در بازخوانی شعر – محمدرحیم اخوت – چاپ اول – بهار ۸۸ – نشر آگاه
٥. تاریخ مشاهیر کرد – بابا مردوخ روحانی(شیوا) – چاپ اول – فروردین۷۱ – انتشارات سروش
٦. بارگەی یاران – سەرجەمی شێعری هێمن – چاپی ئاراس – هەولێر – چاپی یەکەم ۲۰۰۳


پی نوشتها:
روزنامه اعتماد – گفتگو با محمد شمس لنگرودی – درباره شعر و ارتباط آن با سیاست – تولد در میان خون و آتش
روزنامه کارگزاران – شعری که هدیه خدایان نیست – علیرضا عباسی – ۸۷/۹/٥
روزنامه کارگزاران – تحلیلی بر مبانی فلسفه شعر – محسن خیمه دوز – ۸۷/۹/٥
هفته‌نامه پیام کردستان – ئەزموونی شێعری ناوچەی موکریان – شماره ۱٦ – عوسمان دەشتی – پایان نامه فوق لیسانس
زبان و معنا در شعر – ضمیمه روزنامه اعتماد – ۸٦/٦/۲٦ حافظ موسوی
پیام کردستان شماره ۳۳ – یادی هێمن – یادواره‌ی هێمن – کۆمەڵی لاوانی شانا
پیام کردستان شماره ۲٦ – هێشتا هێمنمان نەناسیوە – وتوویژ لەگەڵ عەزیزی ئالی
روزنامه اعتماد ضمیمه آخر هفته – ۸٦/٦/۱ – و ما تماشا می کنیم تا شعر کامل شود – لادن نیکنام

ڕۆڵی هەیەجانی خەم لە داستانی منداڵان دا

یاقووب خزری

ڕەوانناسیی داستانی منداڵان





پێشەکی

بێگومان لێکدانەوەی ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات لە ڕوانگەی ڕەوانناسییەوە بەنیسبەت مێتۆدەکانی دیکەی ڕەخنە (کۆمەڵناسی، جوانیناسی، فەلسەفی و هتد) تەمەنێکی کەمتری هەیە؛ هۆیەکەشی ئەوەیە ڕەوانناسی وەکوو زانستێک زۆر درەنگتر لە زانستەکانی تر توانی خۆی لە فەلسەفە جیا بکاتەوە و لە عەقڵانییەتی هزری فەلسەفی خۆی بۆ عەقڵانییەتی پڕۆژەتیویستی بقۆزێتەوە. هەر چەند ئەوەش بەو مانایە نییە ڕەوانناسی زانستێکی تەواو پڕۆژێتیویستییە بەڵکوو بەشێکی زۆر لە تێئۆری و مێتۆدەکانی خۆی لە عەقڵانییەتی هزری و تەفسیرە زێهنییەکان وەرگرتووە.

ڕەخنەی ڕەوانناسی لە ئەدەبیاتیش دا لە ڕووی تێئۆرییەوە بێگومان بەشێکی هەرە زۆری لەو چوارچێوەیەدا دەگونجێ. لە بازنەی ئەدەبیاتی منداڵانیش دا ماوەیەکە ئەم شێوازە ڕەچاو دەکرێ هەرچەند ئێستا نەیتوانیوە وەکوو مێتۆدێکی کاریگەر شووناسی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵام دەکرێ بە نووسینی زۆر و ئاکادێمیک هەنگاوی گرینگ لەو بەشەدا هەڵێنینەوە. داستان وەکوو ژانرێکی گرینگ لە ئەدەبیاتی منداڵان لە ئەژمار دێ و بە ڕای زۆربەی ڕەوانناسان، یەکێکە لەو ژانرانەی لە دەلاقەی ئەوییەوە دەتوانین زۆرێک لە لایەنە شاراوەکانی نووسەرەکەی و هەروەها کەسایەتییەکانی نێو داستان بدۆزینەوە. ئەم نووسراوەیەش بە ئامانجی نزیکبوونەوە لەو چەمکە گرینگە، ئاوڕێکی تێئۆریکی داوەتەوە سەر یەکێک لە مەفهوومە هەرە گرینگەکانی ڕەوانناسی و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم مەفهوومە لە داستانەکانی منداڵان دا و ڕۆڵی ئەو لە گەشەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ. ئەم مەفهوومەش هەیەجانە. هەڵبەت دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی باس لە هەموو هەیەجانەکان بکرێ، بەڵام بە هۆی خۆپاراستن لە درێژبوونەوەی وتارەکە سەرەڕای باس کردن لە هەیەجان و پرسە پێوەندیدارەکان، هەیەجانی "خەم" وەکوو نموونەیەک لە داستانی بێچوومراوی نووسینی ئاندێرسێن دا لێک دەدەینەوە. هەیەجانەکانی تر دەهێڵینەوە بۆ کاتێکی تر.

وشە بنەڕەتییەکان

هەیەجان، داستان، ئەدەبیاتی منداڵان

پرسیاری سەرەکی

هەیەجانی خەم لە داستانی منداڵان دا چ کاریگەرییەکی لە سەر منداڵان هەیە؟

پرسیارە پلە دووەمەکان

یەکەم: ئایا هەیەجانەکان پێوەندییان بە داستانی منداڵانەوە هەیە؟

دووەم: ئایا هەیەجانە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکان لە داستانی منداڵان دا ڕەنگی داوەتەوە؟

سێیەم: ئایا هەیەجانی خەم لە داستانی بێچوومراوی "ئاندێرسێن" دا ڕەنگی داوەتەوە؟

پێشینە

ئەدەبیاتی منداڵان

پێناسەکردنی ئەدەبیاتی منداڵان وەکوو زۆربەی مەفهوومە ئەدەبییەکان و هەروەها گەیشتن بە تاقە پێناسەیەک گەلێ دژوارە و دوورپشە لە عەقڵانییەتی زانستی؛ هەر بۆیە چەندین پێناسە بۆ ئەدەبیاتی منداڵان هەیە، بە هۆی ئەوەیکە لەم نووسراوەیەدا ناگونجێ تەنیا بە هێنانەوەی چەند پێناسە کیفایەت دەکەین:

لە بەرگی دووەمی ئینسکلۆپێدیای ئەدەبی مۆسکۆدا ئەدەبیاتی منداڵان ئاوا پێناسە کراوە: " ئەدەبیاتی منداڵان لەو بەرهەمە زانستی و هونەرییە نووسراوە ساکارانە پێکدێ کە تایبەت و ڕاستەوخۆ بۆ ئەوان نووسراون؛ هەروەها بەشێک لەو نووسینانەش دەگرێتەوە کە بۆ گەورەکان نووسراون، بەڵام منداڵان دەیانخوێننەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی سەر بە ئەدەبی کلاسیک و بەرهەمی میللین. ئەوانەش ڕۆڵێکی مەزن لە پەروەردەکردنی جوانیناسیانە و ئاکاری منداڵان دا دەگێڕن و شارەزاییان بەرین دەکەن و تێڕوانینیان لە بارەی ژیان لا دروست دەکەن (ئینسکلۆپێدیای ئەدەبی مۆسکۆ کوتراوە لە لایەن ناهیدە ئەحمەد؛ ل: ٦٠). پێناسەیەکی تر بۆ ئەدەبیاتی منداڵان هەیە دەڵێ:" هەموو ئەو شتانەی جیا لە پڕۆگرامی دەرسی و فێرکردن،

به شێوەی ڕاستەوخۆ و به مێتۆدێکی هونەری نووسرابێ و دارێژرابێ، پێی دەڵێن ئەدەبیاتی منداڵان (حیجازی۱۳۸۷: ل: ١٦). بەگشتی ئەدەبیاتی منداڵان هەمووی ئەوپەرسانە لە خۆی دەگرێ کە پێوەندییان بە ژیانی منداڵەوە هەیە و هەروەها دەبێتە ڕێنوێنێکی باش بۆ منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان‌دا و بەفراوانبوونی ڕادەی خەیاڵی ئەوان، گەلێک ئەزموونی بەنرخیان بە دیاری بۆ دێنێ و دەبێتە هۆکارێک بۆ داهێنان و ئافراندن.

کە وایە منداڵ بۆ فێربوونی ئەزموونە تازەکان، فێربوونی زمانی نەتەوەیی، پەروەراندنی تواناییەکانی لە بواری قسەکردن، نووسین، کاری هونەری، متمانە بەخۆبوون (اعتماد بنفس) و هەروەها دابین کردنی پێداویستییە زێهنی و عاتیفییەکان، پێویستی بە ئەدەبیات هەیە؛ بەگشتی ئەو شتەی لە ڕەوانناسی منداڵان دا جێی سرنجە ئەوەیە کە ئەدەبیات چ بە شێوەی هەقایەت بێ، چ شێعر، لە بابەت تەڕ و پەیامەوە بە جۆرەی تەمەنی منداڵ جیاوازی هەیە، هەر بۆیە شێوەی داڕشتنەکەشی جیاوازە؛ پێش ئەوەی منداڵ بچێتە قوتابخانە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەدەبیاتی منداڵان، پەرەپێدانی زمان و ڕاوێژی منداڵە؛ چونکە لەو تەمەنەدا وشەکانی خۆش دەوێ، بە تایبەت ئەو وشانەی کێش و سەروایان هەیە، تەنانەت هۆگری بە دووپات بوونەوەی وشەکان هەیە، هەر چەندە بێ‌ماناش بن، ئەو هۆگری بەو داستانانە هەیە لە بارەی کەرەستەی قومارکردن و هەموو بوونەوەرەکانی دەوروبەری خۆی دایە. هەروەها هۆگریشی بەوە هەیە، کەسایەتی ببەخشێ بە بوونەوەرە بێ گیانەکان و ئەو داستانانەشی پێ‌خۆشە، کۆتایی‌یەکەیان بە خێروخۆشی تەواو دەبێ (حەکیمی و کاموس ۱۳۸۲؛ ل: ١٦٠-١٥٩).

ڕەوانناسیی هەیەجان و ڕۆڵی هەیەجان لە داستانی منداڵان‌دا هەیەجان

هەل ومەرجێکی ڕەوانی جەستەییە و لە حەقیقەت دا ولامێکە بۆ ئەزموونەکانی مرۆڤ و باری ئێحساسیان هەیە (وەکو ترس، تووڕەیی، خەم، عەشق و هتد). هەرکام لە هەیەجانەکان شەش تایبەتمەندییان هەیە و بریتین لە:

١- مرۆڤ بە شێوەی شەخسی و زێهنی تەجروبەی دەکا

٢- دژکردەوەیەکی (واکنش) شەخسییە بۆ حاڵەتە هەیەجانییەکان.

٣- تەفسیرە شەخسییەکان لە بارەی هەیەجان و بارودۆخە پێوەندیدارەکان.

٤- ڕەنگ‌دانەوەی حاڵەتە هەیەجانییەکان لە ڕوخساری مرۆڤ‌دا.

٥- دژکردەوەکانی تاک بۆ هەیەجان.

٦-ئەنجام‌دانی هێندێک کردەوەی تایبەت.

تێکەڵاوییەک لە هەمووی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە هەیەجانێکی تایبەت بەدی دێنن (فرێجدا،١٩٨٦؛ لازاروس،١٩٩١؛ کوتراوە لە لایەن ئێل ئێتکینسۆن، سی ئێتکینسۆن، ئێسمیت، بێم، نۆلێن هۆکسما، ٢٠٠٠؛ ل: ٣٩٧).

کاتێک مرۆڤ حاڵەتێکی هەیەجانی تەجروبە دەکا، دوو پرسی گرینگ دێتە پێشێ؛ یەکەم: سرنج بداتە چ شتێک و چ شتێک فێر بێ. دووهەم: لە بارەی جیهانی دەوروبەری‌دا چۆن بیر بکاتەوە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤١١).

هەیەجانە پۆزەتیڤەکان و هەیەجانە نێگەتیڤەکان

هەیەجانە پۆزەتیڤەکان ئەو هەیەجانانەن، هەستێکی خۆش دەدەن بە مرۆڤ. وەکوو: " شادی و پێکەنین، ڕەزامەندی، خۆشەویستی، عەشق ، هتد".

هەیەجانە نێگەتیڤەکان ئەو هەیەجانانەن، هەستێکی ناخۆش دەدەن بە مرۆڤ. وەکوو: "ترس، تووڕەیی، بێزاری، شەرم، خەم، سۆز، هتد".

باربارا فرێدریکسێن مامۆستای ڕەوانناسی لە زانکۆی "میشیگانی ئامریکا" لە وتارێک دا سەبارەت بە قازانجی هەیەجانە پۆزەتیڤەکان دەڵێ: "هەیەجانە پۆزەتیڤەکان سێ قازانجی سەرەکیان هەیە و بریتین لە:

١- بازنەی بیر و کردەوەی مرۆڤ بەربڵاوتر دەکەن.

٢- دەبنە هۆی خوڵقانی بیر، کردەوە، ڕوانگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٣-هەیەجانە پۆزەتیڤەکان ئەو تواناییانەن، مرۆڤ بۆ سازگاربوون لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، پێویستی پێیان هەیە (فرێدریکسێن، ١٩٩٨؛ ئێسێن، ١٩٨٧؛ کوتراوە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لل: ٤٢٠-٤١٩).

هەروەها جرالد ئێل. کلوور مامۆستای زانکۆی " ئیلینوی چەمپێین" هەیەجانە نێگەتیڤەکان بۆ مرۆڤ بە پێویست دەزانێ، تەنانەت لە وتارێکیش‌دا بە نێوی " قازانجی هەیەجانە نێگەتیڤەکان "دا، دەڵێ: " ئێحساسەکانی ترس، خەم، تووڕەیی، گەلێک ناخۆشن؛ بەڵام ئایا سەیریش نابێ ئەگەر چیتر ئێحساسی ترس، خەم و



گوناه نەکەین؟ زۆر سەیر نابێ؟

لە درێژەدا دەڵێ:"هەیەجانە نێگەتیڤەکان قازانجێکی زۆریان هەیە، لێرەدا ئاماژە بە سێ‌دانەیان دەکەین:

١- هەیەجانە نێگەتیڤەکان دەمانبزوێنن؛ بۆ وێنە "ترس" و "دڵەڕاوکە" زۆر بە کەڵکن؛ ئەگەر ترس نەبوایە، مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی بێ ئەزموون دەچوو ناوەڕاستی شەقام، یان سەگێکی وەحشی لە باوەش دەگرت. ئەگەر دڵەڕاوکە نەبوایە بە بێ‌ئامادەکردنی هیچ شتێک بۆ قسەکردن لە کۆڕێکی گرینگ دا بەشداریمان دەکرد.

٢- هەیەجانە نێگەتیڤەکان زانیاریمان دەدەنێ؛ بۆ وێنە "خەم داگرتن" نیشانەی نەبوونی شتێکە؛ یان ترس جۆرێک هەڕەشەیە.

٣-هەیەجانە نێگەتیڤەکان یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەیکە شت فێر بین؛ ئەم هەیەجانانە پێمان دەڵێن گرفتێکمان هەیە، هەر ئەو پرسەیەش دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە تازەکان و هەروەها شوێن دانانی ئەم زانیارییانە لەسەر ڕوانگەکانمان و ئەگەریش کرا گۆڕانیان (هەمان سەچاوەی پێشوو، ل:٤٢٠).

لێکدانەوە

دوای ماوەیەکی زۆر بێچوومراوییەکان لە هێلکە هاتنە دەرێ، تەنیا یەکێک لە بێچووکان لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی هەبوو. ئەو لە هەموویان ناحەزتر و گەورەتر بوو. بێچووکانی دیکە ئەویان بە سوخرە دەگرت و هەمیشە بە دندووک تێیان دەکوتا. بێچوومراوییە ناحەزەکە ناڕاحەت و تەنیا بوو، هەر بۆیە لەوێ ڕۆیشت و بێچووکانی تری بەجێ هێشت. لە ڕێگایەدا گەیشتە ماڵە پیرێژنێک کە هاوڕێی پشیلە و مریشکەکانی ژیانیان بەسەر دەبرد. پیرێژنەکە زۆر بە سەر و ڕووخۆشی داوای لێکرد لەوێ بمێنێتەوە؛ لەبەر ئەوەی بێچوومراوییەکە دەیتوانی هێلکە بکا. پشیلەکە پێی کوت ئەگەر بە کەڵکی هیچ نەیەی، دەبێ لێرە بڕۆی. بێچوومراوییە ناحەزەکە بە ناراحەتییەوە لەوێ ڕۆیشت. هیچ جێگایەکی نەبوو، لێی بمێنێتەوە. بە درێژایی وەرزی زستان لە کەناری زرێبارەکە لە نێو گیاوبژەکان دا گوزەراندی. ڕۆژێک چووبوو بۆ مەلە، ئاوی دەریاچە بەستی و لە وێدا حاسێ‌بوو. وەرزێرێک نەجاتی‌دا و بردییە کن خۆی. بێچوومراوییەکە لە هەراهەرای منداڵەکانی وەرزێرەکە ترسابوو و لە کن ئەوان ڕۆیشت. لە ناو دەریاچەکەدا سێ‌دانە قووی زۆر جوان بانگیان کرد و کوتیان: "قوو جوانەکە وەرە بۆ لای ئێمە". قوو جوانەکە بە مەلە بۆ لای وان ڕۆیشت. ئیتر ئەو تەنیا نەبوو. چونکە هاوڕێی تازەی پەیدا کردبوون. بە هاتنی بەهار باڵەکانی بۆ فڕین لێکدەوە. کاتێک چاوی لە ئاوەکە کرد، وێنەی قوویەکی سپی



جوانی دیت. لە خۆشیان هاواری کرد: "ئەمن قووم! ئەمن، بێچووەمراوی نیم! ئەمن جوانم" (بێچووەمراوی: هانس کریستین ئاندێرسێن)

هەیەجانی زاڵ لەم داستانەدا "خەم" یان بە واتایەکی تر "خەمداگرتنە سەرچاوەی خەم، دیاردەی"نەبوونی"یە (فقدان). منداڵ لە درێژەی ژیانی دا بۆی هەیە تووشی نەبوونی چکۆلە و گەورە ببێتەوە. مەرگی نزیکانی منداڵ، مەرگی ئەو بوونەوەرەی هۆگری پێیەتی؛ جیابوونەوەی کاتی یان درێژخایەن لە دایک و باب؛ هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەیکە منداڵ و مێرمنداڵ هەست بە نەبوونی بکەن. سەرچاوەی هەست کردن بە نەبوونی هۆگری و گیرۆدەبوون بە شتێکە. پێویستیی مرۆڤ بە ئەمنییەت، دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونی. ئەم هەستە بۆ مانەوەی مرۆڤ زۆر بەکەڵکە. داستان حەول دەدا بە چەند شێواز وەکوو سازکردنی هیوا و ئومێد، نیشاندانی ئەوەیکە خەمیش ڕۆژێک کۆتایی پێدێ، یان ڕێگاچارەکانی سازگاربوونی مرۆڤ لەگەڵ گرفتەکان، یارمەتی بدا بە خوێنەر بۆ ئەوەیکە لەگەڵ ئەو هەیەجانە ناخۆشە شەڕێکی دەروونی و زێهنی بکا (پەریرۆخ و مەجدی، ۱۳۸۸؛ ل:۵۱).

داستانی " بێچووەمراوی"ش هەوێنی ئەم مەفهوومانەن لە سەرەوە باسمان کرد؛ چونکە لەو داستانەدا پەیامی ئەسڵی لە کۆتایی دا هیوا و ئومێدە. ئەوە لە حاڵێک دایە خوێنەر یان باشتر بڵێین منداڵان هەر لە سەرەتای داستانەکەدا هەست بەوەی دەکەن خەم و ئازارەکانی بێچووەمراوییەکە بە هۆی نەبوونی شتێکە، ئەویش نەبوونی جوانییە. بۆی هەیە منداڵ کاتی خوێندنەوەی ئەم داستانە تا دەگاتە پێش کۆتایی ییەکەی، ئەم هەیەجانە ناخۆشەی تێدا ببزوێ و خەم دابمگرێ، خەمی بێچووەمراوییەکەیەتی بە هەموو ناڕاحەتی و ئازارەکانییەوە؛ تەنانەت " هەمزادپێنداری "شی لەگەڵ دەکا. بەڵام کاتێک داستانەکە دەگاتە کۆتایی، وەک ئەوە وایە ڕەوانناسێک ئەم ناڕاحەتییە هەیەجانییە لە ڕێگای مێتۆدەکانی ڕەوانناسی چارەسەر بکا و لەپڕ بچووەمراوییەکە دەبێتە قووپەکی سپی و جوان و هەڵدەفڕێ؛ لەو بەشەدا ئەگەری زیندووبوونەوەی هیوا و ئومێد لە لای منداڵ دا هەیە. هەروەها بۆیشی هەیە هەموو خەم و ئازار و هەیەجانە نێگەتیڤەکان لەناو بچن، یان جێگای خۆیان بدەن بە هەیەجانە پۆزەتیڤەکان؛ چونکە قوو سپییەکە لە ڕاستی دا هێمای هیوا و ئومێد و زیندووبوونەوەیەکی تڕە.

سەیر ئەوەیە لە ڕەوانناسی دا یەکێک لە مێتۆدەکانی دەرمانی ئەم هەیەجانە نێگەتیڤە (خەم)، دڵخۆشکردن یان بە واتایەکی تر هیوا و ئومێددان بە تاکی خەمناکە؛ ئەو مێتۆدەش بەتەواوی لەگەڵ ڕەوتی داستانەکە یەکتر دەگرێتەوە. هەر دەڵێی نووسەر خۆی دوکتورێکی ڕەوانناسە و ئاشنا بە هەموو شیوازەکانی دەرمان.

" دێنیس بی لێیجر، تێد نیکۆڵز و جوان سی. می "سێ ڕەوانناسی ئامریکایی لە کتێبەکەی خۆیان دا بە نێوی" پێوەندی لەگەڵ منداڵ لە ڕێگای داستانەوە " باسی جۆرێک لە داستان دەکەن بە ناوی " داستانی ڕەوانتەکان ".

کوتنی داستانی ڕەوانتەکان دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی تەفسیرە نێگەتیڤەکانی منداڵ لە بابەت داستانی ژیانی خۆی. لە کاتی گێڕانەوەی ئەم جۆرە داستانەدا، ڕوانگەی منداڵ ڕێئالیستیترە، هەروەها قەزاوەتەکانی لە بارەی ڕووداوەکان دا وردبینانەترە. داستانی ڕەوان تەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەیکە منداڵ بە سانایی بتوانێ هەست و ئێحساسەکانی ڕاستەقینەی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێئەملا و ئەولا دەربڕێ. هەر بۆیە لە کاتی گێڕانەوەی داستانی ڕەوانتەکان دا، هەستکردن بە شەرمەزاری و هەروەها بەرپرسیاریەتی منداڵ سەبارەت بە ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکان کەم دەبێتەوە.

بیرنەکردنەوە لە بارەی ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی ڕابردووی منداڵ و هەستنەکردن بە ترس و خەم و تووڕەیی، کەرەستەیەکی بەرگری (دفاعی) شوێن دانەرە بۆ ئەوەی منداڵ خۆی لە بەرابەر بیرەوەرییە ناخۆشەکان دا بپارێزێ. بۆی هەیە کەڵکوەرگرتن لە زمانی "سێهەم کەسی تاک" بۆ گێڕانەوەی داستانەکان، بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەیکە منداڵ خەم و ئازارەکان یان بەگشتی ئەو هەیەجانانەی کاریگەرییەکی نێگەتیڤییان لە ڕابردووی منداڵان دا هەبووە، لەبیر بەرێتەوە، یان لانیکەم کەمی بکاتەوە. بە گێڕانەوەی داستان لە زمانی سێهەم کەسی تاک ئەمنییەتی ڕەوانی و سڵامەتی ڕوحی و تەنانەت جەستەیی منداڵ دەپارێزرێ؛ ئەگەری هەیە منداڵ ئەزموون و عاتیفە و هەیەجانەکانی کەسایەتی ئەسڵی داستان لەگەڵ ئەزموون و عاتیفە و هەیەجانەکانی خۆی بکاتە یەک؛ لە عەینی حاڵیش دا تێیان دا نوقم نەبێ (نیکۆڵز، لێیجێر، سی می ۲۰۰۵؛ ل:۱۳۰-۱۲۹-۱۲۷).

کۆتایی

ئەدەبیاتی منداڵان، بەگشتی هەموو ئەو نووسراوە و بەرهەمە زانستی و هونەرییانە دەگرێتەوە کە بۆ منداڵان نووسراون و دەبنە هۆی بەرفراوانبوونی ڕوانگە و تێڕوانینیان لە بارەی جیهانی دەوروبەریان؛ هەروەها پێویستە بکوترێ ئەم نووسراوانە جیا لە بەرنامەی دەرسین. هەیەجان هەڵومەرجێکی ڕەوانی - جەستەییە و لە حەقیقەت دا وڵامێکە بۆ ئەزموونەکانی مرۆڤ و هەروەها هەوێنی ئێحساس و عاتیفەشن. بەگشتی دوو جۆرە هەیەجان هەیە: پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ.

ئەو هەیەجانانەی حاڵەتێکی خۆش دەدەن بە مرۆڤ پۆزێتیڤن؛ ئەوانەی حاڵەتێکی ناخۆش دەدەن بە مرۆڤ نێگەتیڤن.ئەگەر بمانهەوێ باس لە ڕەنگ دانەوەی هەیەجان لە داستانی منداڵان دا بکەین؛ دەتوانین داستانی "بێچووەمراوی" ئاندێرسێن وەکوو نموونەیەک بێنینەوە؛ لەو داستانەدا هەیەجانی زاڵ "خەم "یان بە واتایەکی تر" خەم داگرتن "ە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی" نەبوونی". نەبوونی جوانی لە بێچووەمراوییەکە تووشی گەلێ کارەساتی ناخۆشی دەکا، لە ئاکامیش دا دەبێت بە قووپەکی سپی و جوان. ئەویش هێمای هیوا و ئومێدە لەم داستانەدا.

بۆی هەیە منداڵان کاتی خوێندنەوەی ئەم داستانە، تووشی تەجرووبەکردنی هەیەجانی "خەم" دەبن، بەڵام لە ئاکام دا بە فرینی قووپەکە ئەم هەیەجانە نێگەتیڤە جێی خۆی دەدا بە هەیەجانێکی پۆزەتیڤ وەکوو هیوا و ئومێد.

داستانی ڕەوانتەکان جۆرێک لە داستانە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی تەفسیرەکانی منداڵ لە بارەی ژیانی خۆی و جیهانی دەوروبەری.

سەرچاوەکان (بە تەرتیبی ئەلف و بێ)

آندرسن، هانس کریستین؛ جوجه اردک زشت، ترجمه: س مقدم، تهران، انتشارات خیابان ابریشم، ۱۳۷۵ترجمه از فارسی به کردی در این مقاله: یعقوب خضری

اتکینسون. ال، اتکینسون. سی، بم، اسمیت، نولن _ هوکسما؛ زمینه روانشناسی هیلگارد، ترجمه: براهنی و همکاران، انتشارات رشد

ئەحمەد، ناهیدە؛ سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد؛ چاپی: موکریانی هەولێر ۲۰۰۵

پریرخ، مهری؛ مجدی، زهرا؛ داستانها ابزاری برای کاهش مشکلات روانشناختی کودکان؛ انتشارات کتابدار، ۱۳۸۸


حجازی، بنفشه؛ ادبیات کودکان و نوجوانان(ویژگیها و جنبه ها)، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان ۱۳۸۷

حکیمی، محمود؛ کاموس، مهدی؛ ادبیات کودکان و نوجوانان؛ انتشارات آرون ۱۳۸۲

محەممەد ڕەحیمیان

ڕەوایەت، واقیعی دووهەمی مرۆڤ





چیرۆک لە بەستێنی هەرکام لە قوتابخانە ئەدەبییەکان و بە هەر شێوازێک لە شێوازە ڕەواییەکان کە بگێڕدرێتەوە، واقیعی دووهەمی . ئەگەر واقیعی یەکەمی مرۆڤ جیهانێکی ناوشیار، غەریزی، بێهەڵوێست، بێشرۆڤە، لێڵ و تێکەڵاو بێت ئەوە واقیعی دووهەمی مرۆڤە کە لە جیهانێکی ڕەوایی‌دا پێک دێ و مرۆڤ لە گەڵی‌دا وشیارانە و بە هەڵوێست ڕووبەڕوو دەبێت.

واقیعی دووهەم، واقیعێکی تەکنیکی و قاعیدەمەندە کە لە کاتی گێڕانەوەی‌دا زمان و زەمان بە پەیوەندیەکی جوانی‌ناسانەوە، قەوارە و بیچمێکی ڕەوایی دەگرنە خۆوە. ئەم چەشنە واقیعە و چەشنی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لە گەڵی‌دا، تاقانە دەرفەتی مرۆڤە بۆ ئەزموون و وەنواندنەوەی وشیارانەی جیهان لە بەستێنێکی شرۆڤەدار و جوانی‌ناسانەدا. ئەزموونێک کە لە جیهانی واقیعی یەکەم و بگرە لە بۆچوونێکی فەلسەفی دامەزراو لە سەر ئەم واقیعەش، پێک نایەت. ئەم بۆچوونەمان بۆ ڕەوایەت ڕەنگە لەگەڵ ئەم قسەیەی «مارسێل پرۆست» یەک بگرێتەوە کە دەڵێت: «ئەدەبیات بریتییە لە شادمانی دۆزینەوەی واقعیعیەت ».

واقیعی دووهەم واقیعێکی چەند جەمسەرییە. واتە جەمسەری زەمان و زمان و دەربڕین، هەست و خەیاڵ و جوانی، ئەزموون و هەڵوێست و ڕاڤە؛ ئەم جەمسەرانە تەنیا لە جیهانێکی ڕەوایی و لە غیابی واقیعی یەکەم دایە کە دەلوێ و دەرەقەتی دەرخستنی واقیعی جیهان و مرۆڤ دێت و دەرفەتێکی بۆ دابین دەکاتن کە بە شێوەیەکی ئەستەتیک و لە ڕەوتێکی دینامیکدا لەگەڵ خۆی و جیهان‌دا ڕووبەڕوو بێتەوە.

جیهانی ڕەوایی وەک «پۆل‌پریکۆر» دەستەبەندی دەکا، سێ پێکهاتەی پێشقەوارەبەندی و قەوارەبەندی و پاشقەوارەبەندی هەیە کە پێکهاتەی یەکەم؛ پێش خولقانی چیرۆکە و ئەو کەلەپوور و واقیعانەن کە لە جیهانی واقیعەوە دەچنە ناو جیهانی چیرۆکەوە. پێکهاتەی دووهەم؛ واتە «قەوارەبەندی» جیهانی چیرۆکەکە خۆیەتی و پێکهاتەی سێهەم لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا دەخولقێ.

بەم پێشەکییەوە کە خەریکە پرسیارگەلێکی بنەڕەتیمان لێ قووت دەکاتەوە کە ئاخۆ جیاوازییەکانی جیهانی واقیع واتە واقیعی یەکەم لەگەڵ جیهانی چیرۆک واتە واقیعی دووهەم، دەچێتەوە سەر چی و زەمان و زمان و توخمە سەرەکییەکانی ئەو دوو جیهانە چ توفیرێکیان هەیە، لایەڕەی کۆمەڵە چیرۆکی«خەونەکانی ئیقلیمی با»ی کاک «ناسر وەحیدی»، هەڵ ئەدەینەوە.

کۆمەڵە چیرۆکی«خەونەکانی ئیقلیمی با»، کە یازدە کورتەچیرۆک و سێ کورتیلەچیرۆکی گرتووەتە خۆوە، ئەگەرچی لە چەشنی جۆراوجۆری ڕەوایی و لە شێوازگەلێک وەک ڕێئالیسم و ڕێئالیسمی جادوویی و جاری وایە لە سوورێئالیسم کەڵک وەرگیراوە بەڵام سەرەکی‌ترین هەوڵی نووسەر ئەوەیە کە «شێرزاد حەسەن» کوتەنی کوردانە بنووسێت.


کەلەپوور و کۆمەڵگە، دابونەریتی کوردەواری، کەسایەتی کورد، ئەفسانە و حەقایەت و زمانی ڕەوایی کوردی، پێکهاتەی پێشقەوارەبەندی ئەم چیرۆکانەن کە نووسەر هەوڵی داوە بە ڕەنگودەنگی ئەم پێشقەوارەبەندییەوە جیهانێکی ڕەوایی نوێ بخولقێنێ. کەسەکان و شوێن و کات و لەوانە گرینگتر زمانی ڕەوایی کوردی لێرەدا بۆ خولقاندنی ئەو جیهانە کۆ بوونەتەوە. جیهانێکی ڕەوایی خۆمالیانەی کوردی لە قەوارەیەکی سەردەمیانەدا.

ئەو وەهمە فەلسەفییەی کە بووەتە هەوێنی«قەڵای.کلیل»، کەسایەتی«لالۆحەمە»، کەشوهەوای «ئۆغر»، کۆمەڵگە و باوەڕەندییەکانی «ئەو پیاوەی هاتبوو لە بەهەشت بمرێ»، ترس و دڵەڕاوکییەکانی«قابیل»، وهەم و نۆستالژیای «میوان»، عەشق و هەوەس و خولیا ڕەبەنەکانی «تەنیا»، تابلۆکانی«چاوەڕوانی» و «سەیتەرە» و «نووسەر»، ئەفسانە و ترس و دڵەڕەپێ و بە واقیعبوونی وهەم لە «چەتە»، دابڕان و گلێپەی گۆرانی نامرادی «قەڵەندەر» و تەماح و چەتەیی خوێڕیانەی «پیلان»، وەک ئەزموونێکی مرۆڤانە و«پۆل‌پریکور» کوتەنی لە زەمانێکی ژیاودا، لە کەشوهەوایەکی کوردی و بە زمانێکی ڕەوایی لە بیچم و سیمایەکی کوردی‌دا گێڕدراوەتەوە. بەڵام لە قەوارەبەندی ئەم بابەتانە و بە چیرۆکەکردنەیان‌دا، گەلێک سەرکەوتوویی و بەشێکیش کەمایەسی بەدی دەکرێ کە من پێشتر بە شێوەی گشتی ئاماژە بە هەر دووک لایەنەکە ئەکەم و پاشان چیرۆکێک بەم مەبەستەوە دەخوێنمەوە.

نووسەری مەکزیکی«کارلوس فوئنتس» دەڵێ:« ئێمە لە شوێنێکدا ئەژین کە ئەبێ هەموو شتێ لە سەرپا بکوترێتەوە، بەڵام ئەبێ شێوەی ئەم کوتنەوە ببینینەوە»، لەم بۆچوونەی« فوئنتس»دا دوو پێویستەی گرینگ دیارە: یەکەم لە سەرپا کوتنەوەی شتەکان، دووهەم شێوەی کوتنەوەیان. دیارە لە کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا دەقاودەق وەک قسەکەی« فوئنتس»، هەموو شتەکان بۆ ڕاڤە و تێگەیشتن، بۆ گوێزتنەوەیان بۆ جیهانێکی ڕەوایی و سازدانی واقیعی دووهەم بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کرد، ئەبێ بکوترێتەوە و لەوەش گرینگتر دیتنەوەی شێوەی کوتنەوەیە. گەرچی ئەکرێ «خەونەکانی ئیقلیمی با»، بە تەوەرەی شتەکان و شێوەی وتنەوەیان لە بەستێنێکی ڕەوایی‌دا، بخوێنینەوە بەڵام لەم دەرفەتەدا تەنیا فریای ئاماژەیەکی گشتی دەکەوین.

لە لایەنە باش و ئیجابیەکانی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە دەکرێ ئاماژە بکرێتە ئەم خاڵانەوە:

١- کەڵکوەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری ڕەوایی.
٢- گێڕانەوە بە زمانی پوختوپاراوی کوردی.
٣- بە کارهێنانی تەکنیکی ڕەوایی بەپێی هەلومەرجی ناو چیرۆک.
٤- زمانی تەوسیفی شیاو.
٥- بە کارهێنانی زمانی ڕەوایی - تەوسیفی حەقایەتی کوردی و تواندنەوەی لە دەقی چیرۆکەکەدا.



وچانێک له سەر کۆمەڵە چیرۆکی "خەونەکانی ئیقلیمی با"

٦- تێکەڵکاری وەهم و واقیع.
٧- پەرەگرتن و پێکهاتنی پلانی چیرۆکەکان لە قەوارەیەکی داستانی.
٨- داڕشتنی کەسایەتییەکان بە چەشنی پێویست لە مەجالی کورتەچیرۆکدا.
٩- گێڕانەوەی هەست و بیر و بۆچوونی کەسەکان بە زمانی ڕەوایی.

چەند لایەنی سەلبیش لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانداد دێتە بەر چاو:

١-گێڕانەوە و وەسفی ڕاستەوخۆی شتەکان بە جێی ئەوە کە کردار و کارکردیان بیانگێڕێتەوە کە ئەبێتە هۆی کەم بارستی ڕەوایەت واتە چڕکردنی وێنەی تاکرەهەندی و کەڵکوەرنەگرتن لە وێنە کارکردییەکان و پێداگرتن لە شێوەی تەوسیفی.
٢- چڕبوونی وێنەکان و هەڵاخنینیان بە سەر یەک، وەک چیرۆکی قابیل.
٣- نوقمبوون لە وهەم و دوورکەوتنەوەی لە واقیعی ژیان.
٤-غیابی کەڵکەڵەی سەردەمیانە.
٥-گەمەنەکردن بە شێوە ڕەواییەکانی کوردییەکان و هەوڵنەدان بۆ داهێنانێکی تازە لە بەستێنی ڕەوایەتی کوردی.
٦-پەرداخنەکردنی پێوەندی نێوان وهەم و واقیع لەو چیرۆکانەدا کە هەر دوو چەشنی وهەم و واقیع دەوریان هەیە.
٧-نەبوونی نیشانە ڕەواییەکان لە کاتی تێکەڵبوونی وهەم و واقیع.

سەرەڕای ئەم بووچونە گشتیانە با بچینە ناخی یەکێک لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی «خەونەکانی ئیقلیمی با»:

١-کورتەچیرۆکی«قەڵای ...کلیل»، وێنەیەکی سەرکەوتووانەی زمانی ڕەوایی و وەنواندنەوەی واقیعی مرۆڤ لە بەستێنێکی ڕەوایی دایە. چیرۆکێک کە «گفتوگۆ» وەک چەمکێکی سەردەمیانە و مۆدێرن دەکاتە هەوێنی مانایی و داڕشتی داستانێک کە بە زمانی ئەفسانە و لە کەشوهەوایەکی وهەمیدا دەگێڕدرێتەوە.«گفتوگۆ کلیلێکە هەموو دەرکە داخراوەکان دەکاتەوە»، ئەمە ڕستەی سەرەتای «قەڵای ... کلیل» و نووسراوەی سەرەتای یەکەم لاپەڕەی ئەو کتیبە ڕەمزاوی و پڕ نهێنییەی ناو چیرۆکەکەیە. ڕستەیەک کە سەرەتا ماهیەتی چیرۆکەکە دەتخاتە گۆمانەوە و مەترسی ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە ڕەنگە ئەم ڕستە دروشماوییە ببێتە تەوەرەی مانایی چیرۆک و بیخاتە تەنگژەی زمانێکی ناڕەوایی و لە خسڵەتی چیرۆکێکی سەرکەوتوو بێوەریکات. بەڵام بەپێچەوانە گفتوگۆ ناکرێتە ناوەندێکی مانایی بەڵکوو ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی ڕەخنەئامێز دەبێت و بە زمانێکی داستانییەوە گاڵتەشی پێدەکرێ. بەم چەشنە تەنز و تەوسێکی تەکنیکی و ڕەوایی سەبارەت بە گفتوگۆ بیچم دەگرێ و لە تۆی فەننی ڕەوایی چیرۆکدا دەشاردرێتەوە.

هۆزێک تەفروتوونا دەبێت، کتێبەکە پشتاوپشت و سینگ بە سینگ دەگوێزرێتەوە، هەر کەس ڕازی ناو کتێبەکە دەخوێنێتەوە دەکوژرێ، چەقۆ ساز دەبێت، خوێن دەڕێژرێ، کلیل ساز دەبێت بەڵام گفتوگۆ سەرناگرێ. ڕەنگە ئەم گفتوگۆیە کە مزگێنی ڕزگاری و ژیانی بەختەورەانە پەیتاپەیتا ڕادەگەیەنێ، هێمای فەراڕەوایەت (کەڵەگێڕانەوە)یەک بێت کە بێجگە لە کوشتن و بڕین و ئایدۆلۆژیا سازکردن و وادەی نادیار و بەڵێنی بەجێنەهاتوو و دوور و درێژ، چیتری پێنیە. لێرەدا گفتوگۆ گوتارێکی بارگاوییە کە چووەتە بارودۆخێکی پیرۆز و ئایدۆلۆژیای ساز کردووە. گفتوگۆیەکی قەتیس کە تاکلایەن و زاڵە. بەڵام بەپێی سەردەم ئەم چەشنە گفتوگۆیە کۆتایی پێهاتووە و چیرۆک بە زمانێکی ڕەواییەوە بانگەشەی ئەم حەقیقەتە دەکات کە ئێستا کاتی کۆتاییە. کۆتایی وهەمی قەڵای حەسانەوەیەکی بەهەشتی. کۆتایی ئەفسانەی ڕزگاری. کۆتایی بڤە پیرۆزەکان. کۆتایی نووسراوەی سەر چەرمە کۆن و دڕاوەکان. کۆتایی سەرسامی پای قەڵا داخراوەکان. کۆتایی گفتوگۆی زاڵ و یەکلایەن وەک گوتارێکی قەتیس و ناتەواو.

٢- ڕووداوەکانی«قەڵای ... کلیل»، لە دوو جەغزی لە ناو یەکدا دەگێڕدرێتەوە. لە جەغزی یەکەمدا وەرگێڕی ١ لە پەنای کەلاکی سەرکردە باسی کتێبە ڕەمزاوییەکەی باخڵی وی دەکات :«ئەم کتێبە کۆن و زەردهەڵگەڕاوە، کە وەک خەزێنەیەکی بە نرخ، وەک نهێنییەک، هەمیشە لە بن چاکەتە ئەفسەرییەکەیدا شاردبوویەوە ...» (ل١١)، ئەمجا باسی قوواڵکەیەکەمان بۆ دەکات کە بە فەرمانی سێحراوی کتێبەکە کەندوویەتی:«قوواڵکەیەکەم بە قەرایی بەردەستێک، بە نووکی چەقۆکەم، بستێک دوورتر لەو هەڵکەند ... (ل١٢)، لە پەنای کەلاکێک قوواڵکەیەکی سێحراوی کەندراوە کە خوێنی کوژراوەکەی تێدا بمەیێ بەڵام بەپێچەوانە لەحن و چەشنی گێڕانەوەکە پەلە و دەستەپاچەیەکی تێدا بەدی ناکرێ. وشە و تەونی ڕستەکان بڕوانن چەندە

هەوڵدەمی کتێب

بە هێوری و هێواشی تەنراوە: « قوولکەیەکەم بە قەرایی بەردەستێک، بە نووکی چەقۆکەم، بستێک دوورتر لەو هەلکەند. شوێنێکم وەک جۆگە، لەو قوولکەوە تا لای ئەو کێشا. تا خوێنەکەی بڕژێتە نێو. دواتر خوێنەکە لە نێو قوولکەدا بمەیێ . . . دڵۆپدڵۆپ خوێن، لە تەرمەکەی دەچۆڕێتەوە . . .» (ل۱۲). دیارە ئەم هێوریە بە ئانقەستە. شکاندنی سێحر، کاتی دەوێت. ئەوندە کە خوێنەکە دڵۆپدڵۆپ بچۆڕێتە ناو قوولکەکە و بمەیێ. کاتێکی درێژخایەن ئەوندە کە یەکەم لاپەڕەی کتێبەکە بخوێنینەوە. لێرەوە بگێڕی ۲ دێتە قسە و جەغزی دووهەمی ڕەوایەت دەست پێدەکات: «ئێمە دوو هۆزی بەهێز و یەک ڕەگەز بووین ... ». (ل۱۲)، لێرەدا جەغزی دووهەم، بە سەر جەغزی یەکەمدا پەرە ئەگرێ و وەک بازنەیەک دەیخاتە ناو خۆیەوە. لایەنێکی دینامیکی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە گەمەی بازنە ڕەوایییەکانە کە هەر یەک لە شوێنی خۆیدا بەسەر ئەوەی تر پەرە دەگرێ.

جەغزی دووهەم کە سەربهوردەیەکی ئەفسانەیی و نهێنی ناو کتێبەکە دەگێڕێتەوە زمان و خسڵەتێکی ڕەوایی ئەفسانەیی دەگرێتە خۆوە. واتە گوزارشتێکی ئێستاتیک و ڕاوەستاو و ئینشایی دەگێڕدرێتەوە کە ڕووداوەکان حەجم و باڕستێکی وێنەیی ناگرنە خۆ و هەموو شتێک بە لەحنێکی حەقایەتی نەگۆڕ دەگێڕدرێتەوە و بگێڕ پێمان دەڵێت کە دوو هۆزی تەبا بوونە و غەدریان لێکراوە و شکستیان هێناوە و لە پای قەڵایەکی سەیروسەمەر، خۆیان دیوەتەوە. ئەم چەشنە گێڕانەوەش دیارە لەگەڵ بارودۆخی چیرۆکەکە کە گەیشتووەتە کات و ساتێکی ئەفسانەیی، یەک دەگرێتەوە و زمانێکی حەقایەتی بەپێی پێویست دێتە ناو چیرۆکێکی سەردەمیانە. لەنێو ئەم ڕەوایەتەدا دەنگێک دەبیستین کە بە لەحن و زاراوەیەکی ئایینیەوە فەرمانێک دەنێرێتە خوارەوە: «ئەگەر حەز دەکەی بێیە ئەم بەری شورەکە، ناو قەڵا ببینی، دەبێ کەسێکی بەلەسە و یاخی، لە هۆزی خۆت لە ناو بەری، چاڵێک بە قەرایی بەردەستێک هەلکەنی تا. . . (ل۱٤)، ئەمە فەرمانێکە کە پێشتر لە جەغزی یەکەمدا جێبەجێ کراوە و ئەمەش سەرچاوە و پێشینە کەڵەڕەواییەکەیەتی. لەو کتێبەدا وا هاتووە کە بۆ سەرکەوتن و شکاندنی تەلیسمی قەڵاکە ئەبێ کەسێکی بەلەسە و یاخی بکوژرێ. دیارە کوژراوەکەی جەغزی یەکەم کە کتێبەکەی پێ بوو، کەسێکی یاغی و بەلەسە بووە و هەر کەسێکیش پەی بە نهێنی کتێبەکە بەرێ، یاغیە و دەکوژرێ. ئیتر کێ پێی ئەکرێ درگای قەڵا بکاتەوە؟ ئەمەش ئاماژەیەکی داستانییە بەو فێڵە تەلیسماوی و بەڵێنە درۆیە کە زاوەتە ناو وەهمی مرۆڤ و هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەیە.

شەپۆی ناوخۆیی، براکوژی، خۆ بە کوشتدان، خەیانەت، خەرفانی مرۆڤ و خەفڵاندنی لە واقیعی خۆی و چێکردنی درۆیینی تاسەی ناو قەڵا وەهمیەکان، لە بەشی دووهەمی جەغزە ڕەوایییەکە بە زمانێکی داستانییەوە دەگێڕدرێتەوە.

لە ناو ڕەوایەتی ۲دا گێڕانەوەی کات و ساتی ناو قەڵا پاش دروستکردنی کلیل، وەک جەغزێکی ڕەوایی تر، با بڵێین جەغزی ۳ پەرە دەگرێ و جەغزی۱ و ۲ دادەپۆشێ. لێرەشدا دیوارێکی تازە قووت دەبێتەوە کە دیسان گفتوگۆ کلیلی دەرکە داخراوەکانە. بازنەیەک لە ناو بازنەیەکی تر. هەر بازنەیەکیش بە شڵێپێک خوێنەوە دەکرێتەوە.

جەغزی یەکەم پەرە دەگرێتەوە. زەمان تێپەڕیوە و چاڵەکە پڕ بووە لە خوێن. ڕەنگە جوانترین و تەکنیکیترین بەشی چیرۆکەکە لەم بەشەدا دەرکەوتووە کە بگێڕی ۱ لە پەنای قوولکەدا تەماداری داچۆڕان و مەیێنی خوێنەکەیە کە کات تێپەڕیووە و ڕابردوو و نهێنی قوولکە و ئەو کەلاکەمان لێدەرکەوتووە. لێرە دایە کە تێپەڕینی کات بە شێوەیەکی ڕەوایی ڕاگەیەندراوە و زەمان مانایەکی ڕەوایی و داستانی گرتووەتە خۆوە. ماوەیەکی درێژ کە دڵۆپەدڵۆپ دادەچۆڕێتە ناو چیرۆک و خوێنەر هەست بە تێپەڕینی دەکات و سرنجی مەیێنی خوێنی ناو قوولکەکە ئەدات: «چاڵەکە پڕ بووە لە خوێن. خەریکە دەمەیێ. با چەقۆیەکی تێخەم. بە سەری قامک هێزی دەدەمە سەر، با جوان شەقڵ بگرێ. . .» (ل۱۹)،

جەغزی ۱ بە پرسیار و دوودڵی بگێڕی یەکەم لە خۆی و لە قەڵا و لە کلیل بە سەر جەغزەکانی تردا پەرە دەگرێتەوە. بگێڕی ۱ لە پەنای کەلاکی سەرکردە کلیل دەخاتە ناو قفلی دەرکە و ئەمجا بە چاڵاوی وەهمەکانیدا بەر دەبێتەوە کەچی پاش ئەو هەمووە هەوڵ و هەڵایە، هێشتا لە پای قەڵا دایە. گەرچی کۆتایی چیرۆکەکە لە چەند دێرێکدا تووشی دروشمدان دەبێت و تا ڕادەیەک لە ماهیەتی داستانی خۆی دوور ئەکەوێتەوە: «چ دەبێ لە بڕی سازکردنی کلیل، بۆ کردنەوەی دەرکە، هەوڵ بدرێ بۆ خاپووورکردنی دیوار. . .» (ل۲۳) کە ئەم چەشنە هاتنە ئارای دەنگی نووسەر و بڕیاردان و ئاواتخواستنە، پێش بە ڕاڤە و چەند دەنگی چیرۆک دەگرێ و دەیخاتە مەترسی قەتعییەتی مانا و خوێنەر هەست بە ماندووبوون و بێئاکامبوونی شرۆڤەکانی دەکات و مەودای ڕەوایی و دەلالەتی داستانەکە کورت و تەسک دەکاتەوە، بەڵام بە لە بەر چاو نەگرتنی ئەم بەشە کە لەگەڵ زمانی ڕەوایی و دینامیکی چیرۆکدا ناتەبایە، کۆتایی چیرۆکەکە گەلێک سەرکەوتووانە پێکهاتووە. لە لاپەڕەی ۱۲ لە جەغزی ۱ دا بگێڕی سەرەکی چیرۆک سەبارەت بە کتێبەکە دەگێڕێتەوە: «. . . سفت و قایم وەک چەرم. خەتەکەی وا وێدەچێ، بە زیندوویی لە سەر ئەو پێستە داغ کرابێ»، ئەمجا لە لاپەڕی ۲۳ و کۆتاییدا دەڵێ: «لەگەڵ وەشاندنی هەر دەمە چەقۆیەک، پیتێک لە سەر چەرمی دڵم دەنووسرێ. وردەوردە پیتەکان ڕیز دەبن، دەبن بە وازە ... سەربهوردی من دەنووسنەوە . . .» (ل۲۳). گفتوگۆ دەبێت بە مۆسیقا و تەلیسمی کتێبەکە ئیتر نەک بە چەقۆ بەڵکوو بە مۆسیقا دەشکێ. کۆتایی چیرۆکەکە لە ڕەوتی بازنەیی چیرۆکدا دەگاتە ئەنجام، ئەگەرچی بۆ ئەم چەشنە کۆتاییە واتە بە تەموورەبوونی کتێبەکە و سازبوونی مۆسیقا پێشتر هیچ هێما و ئاماژەیەک دابین نەکراوە بەڵام جەغزی ڕەوایی و بازنە لە ناو یەکانی گێڕانەوە و یەکانگیری پێکهاتەی ڕەوایی لەگەڵ مۆتیف و بابەتی ناو چیرۆکەکە، «قەڵای ... کلیل»، دەکاتە چیرۆکێکی سەرکەوتوو، ڕاڤەهەڵگر، تەکنیکی و خاوەن زمان و خسڵەتی ڕەوایی. واتە چیرۆکێک کە هەم شتێکی بۆ کوتنەوە هەڵبژاردووە و هەم شێوەی کوتنەوەی شیاوی دیوەتەوە.

۱. احمدی، بابک، ساختار و تأویل متن، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۰، ص ٦٦١

۲. پێشوو ل: ٦٣٦ و هەروەها بڕوانە: ریکور، پل، زمان وحکایت، مترجم: مهشید نونهالی، تهران، گام نو، ۱۳۸۳




هەواڵنامەی کتێب

کامۆ و خوێندنەوەیەکی تر

عادڵ قادری

کورتەی وەرگێڕ

کامۆ یەکێک لەو بیرمەند و نووسەرانەیە کە دەمێکە لە جیهانی ئێمەدا هەڵاتووە و ناخوازێت ناو بێت، ئەگەرچی ئەو بە جوغرافیا و بە کولتوور مەودا و جیاوازییەکی قەبە و زۆری لەگەڵ ئێمەی کورددا هەیە بەم حاڵەشەوە کامۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئێمەدا دەژی. هۆی جهانگیری و بێسنووربوونی کامۆ یان باشترە بڵێم خەمە کامۆییەکان ئەو ناوەرۆک و تێم و مانا وجوودی و بوونناسانەیە کە لە سەرەتای نووسینیەوە تاکوو کۆتایی ژیانی تراژیکی هۆنییەوە و بەرگری لێدەکردن. ناسیاویەتی و پێناسەی ئێمە لە کامۆ زۆرتر لە رۆچنە و ڕێبازی ئەدەبیاتەوە بووە نەک خوێندنەوە و شیکاری بەرهەمە هزری و بیرکارییەکانی. کامۆ لە ساڵی ١٩١٣ لە مۆندۆڤی سەر بە وڵاتی ئەلجەزایر لە دایک بوو، باڵاکردن و پێگەییەنی کامۆ هاوکات بووە لەگەڵ قاتوقڕی و لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە سامان و بوونی مرۆڤایەتی بە دەستی مرۆڤ خۆی واتە دەسپێکی جەنگی ماڵوێرانکەری جیهانی یەکەم، کاتێک لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٤دا باوکی دەکەوێتە بەر خۆمپارەوە، ئیدی داهاتووی کامۆ ئاقارێکی جیاواز بە خۆیەوە دەبینێت. ئەو لە نەمان یان باشترە بڵێم نەبوونی سوپێر ئێگۆ (super ego)یەکی تایبەت و تۆکمە بە ناوی باوک (لە ڕوانینی فرۆیدەوە یەکێک لەو پێکهات و ڕۆنراوانەی کە لە گەشە و پێگەیشتنی کەسایەتیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت)، تووشی جۆرێک لە دژوازی و ململانییەکی نەبراوە لەگەڵ خۆی و ئەو جیهانەی کە وێنای دەکرد، بووە. لە نەبوونی باوکیدا دایە گەورەی، ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کامۆ و دوو خاڵۆی کامۆی گرتە ئەستۆ کە هیچ کات نەیتوانی بۆ کامۆ ڕۆڵی سوپێر ئێگۆ بگێڕێت. ئەم غەیبەتی سوپێر ئێگۆیە لە دواجاردا وا دەکات کە کامۆ بڵێت: لە جیهانی هەنووکەمدا هیچ بۆم فام ناکرێت و پووچی چواردەوری تەنیوم، بریا کەسێک ببایە هانی دابام و ڕایبهێنام، تەنانەت لە سۆنگەی هێزێکەوە کە هەیەتی، من باوکمم دەوێت. کامۆ جیهان و ئەزموونێک دەژیا کە بۆی غەوارە و "بێگانە" بوو، ئەو ڕۆڵەی جەنگ و تەنیایی و مەرگ و وجوود بوو. بەگشتی ئەو سەردەمەی کامۆ تێیدا پێگەیی، مرۆڤایەتی ئەزموونێکی تاڵ و نەکردەی تاقی کردبووەوە، ئەو دۆخە جهانگیرەی ڕەوشی مرۆیی و دۆخی تاکەکەسی و تایبەتی خۆی وای کرد کە کامۆ نەتوانێت پێمل و کۆیلەی ڕەهای مەسیحییەت (واتە دین) بێت، بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت: من دڵەڕاوکێ و خەمگەلی مەسیحییانەم هەیە بەڵام سرووشتم پاگانییە. پاگانی دەربڕینێکە کە یۆنانییە کەوناراکانیان پێناوزەد دەکرد و بە مانای جۆرێک لە "ئیلحادی فەلسەفی" دەکار دەکرا. واتە دەتوانین ئەم هەڵوێستەی کامۆ بۆ پێناسەکردنی خۆی ناوەها لێک بدەینەوە کە مەسیحییەت نەیتوانی دانڵغە و خەم و پرسیارەکانی کامۆ بەرسڤ بداتەوە و سارێژیان کات. لە کۆبەندی ئەم ڕووداوانەدا کامۆ لە ساڵی ١٩٣٣دا واتە ئەو کاتەی پلەی ماستەری لە زانکۆی ئەلجەزایر وەرگرت، تێزی ماستەرییەکەی لە ژێر ناوی "میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی ئەفلاتوونە نوێیەکان" پێشکەش کرد. ئەمە ئەو لایەنەی کامۆیە کە وەکوو بڤە ماوەتەوە و شەقڵی نەشکاوە تاکوو لایەن و ڕەهەندی فەلسەفی ئەو باشتر بناسرێت. هەر لە ڕێڕەوی تێزەکەیەوە دەردەکەوێت کە کامۆ سەرەڕای کاریگەرییەک کە لە مەسیحیەت وەریگرتووە بەڵام دەست دەداتە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی جیددی ئەو میتافیزیکە و لە هەندێک شوێنیشدا دەگاتە سنووری ئینکار و ڕەتکردنەوە یان خوێندنەوەیەکی نوێیەوە. سەرەڕای مەسیح، کامۆ لە ماتماتیکزان و بیرمەندێکی وەکوو بیلز پاسکال، لە ڕێبازی گنۆسییەکان، لە ئەفلاتوونە نوێیەکان، ئاگۆستێنۆسی قیددیس کاریگەری زۆری وەرگرتووە، ئەمانە



بەگشتی لەو بوونخواز و ئیگزیستانسیالیستە دینیانە بوون کە هێز و توانایی زەمینیان لە هەمبەر ئاسمان‌دا دەگرتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنگەلی پڕ لە ترس و سام و لێوانلێو لە دڵەڕاوکێ. واتە ئەو دڵەڕاوکێ مەسیحییانەش وا کامۆ بەشداری بوو. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە سەربهوورده و باڵاکردنی ژیانی هزری و ڕوحی کامۆ لە گومانێکەوە دەستی پێکرد و بە گومانێکیشەوە گیرسایەوە: واتە لە میتافیزیکێکەوە بۆ میتافیزیکێکی تر. گووشراوەی ڕێبازی فیکری و ئەدەبی کامۆ پووچ و پووچخوازییە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی وا فام کراوە و بەرگری لێکراوە و تەنانەت چەسپاویشە. ئەم پووچییە مانایەکی نەرینی و نێگەتیڤی نییە بەڵکوو جۆرێکە لە میتافیزیک بۆ ڕزگاری و داسەکنانی مرۆڤ لە ڕێگەی تێپەڕاندنی و تەیکردنی هەرێمەکانی پرسیار و گومانەوە. پووچی لە ڕوانگەی کامووە پرسیارگەلێکە کە هەستی و بوون، لێی بێدەنگن و هیچ بەرسڤ و وڵامێکی ڕووناکیان نییە. واتە بێدەنگبوونی جیهان لە هەمبەر زایەڵەی پرسیارئامێزی مرۆڤ هەستێک لە پووچیمان پێدەبەخشێت. ئەو پرسیارانەی کە لە فلۆتین و گنۆسییەکانەوە تاکوو ئاگۆستینۆسی قیددیس درێژەی هەبووە و لای کامۆ چڕتر بوونەتەوە. بێگومان بەشێکی زۆر لەو هەڵگۆستە و خوێندنەوانە کە لە پووچی کامۆ کراون، چەواشە و نیوەچڵن، هۆکاری ڕاستەقینەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ئاخێزگە و بەستێنی پووچی لای کامۆ پرسیارئامێزە و لای ئەو خوێندنەوە نیوەچڵانەش خەمۆکیئامێزە. بۆیە لە تێڕوانینی کامۆوە لە ڕێگەی خەمۆکییەوە پووچی نابێتە مایە و بەرهەمهێنەری مەعریفە و ڕزگاری بەڵکوو ئەوە پرسیارە کە سەرپشک و پێشڕەوی ئەو پرۆسیس و ڕەوتە ڕزگاریکەرەن. ئەو بە جاروبار گوتوویەتی کە فامکردن و تێگەیشتن لە پووچی دەبێتە هۆی ڕزگاری. و ئەوەش بۆی بە بایەخ و گرینگە. بە وتەی خۆی بەدواداهاتەکانی پووچییە نەک خودی پووچی. بە خوێندنەوەی من پووچی لای کامۆ یان باشترە بڵێم میتافیزیکی پووچی لای کامۆ دەکرێت لە ڕۆچنەی سێیانەیەک (تریۆلۆژی) لە بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە وێنا بکرێت. یەکەمینیان ڕۆمانی بێگانەیە کە تێیدا مرۆڤ، پووچی جیهان فام دەکات و لە ناوی‌دا دەژی و باشباش هەڵی‌دەلووشێت. دووهەمینیان ڕۆمانی تاعوونە کە مرۆڤ بە فامکردنی پووچی، ناچارە لە گەڵی‌دا ڕووبەڕوو ببێتەوە و بەدواداهاتەکانی لە چەشنی تاعوون وەکوو پەتایەکی هەمەکی و جهانگیر ئەزموون دەکات و لە بازنەی کارەساتئاوی دۆخەکەی‌دا تەنیا و تاق دەمێنێتەوە. سێهەمینیان ڕۆمانی مرۆڤی یاخییە کە مرۆڤ تێیدا بە فامکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەدواداهاتەکانی پووچی (تاعوون) و بینینەوەی تاق و تەنیایی خۆی ڕێباز و ڕێگەی یاخیبوون دژی هەموو ئەو شتانەی کە جیهان لە بوون و مانا بەتاڵ دەکەنەوە، دەگرێتە بەر؛ تەنانەت یاخیبوون دژی مرۆڤ خۆیشی. بێگومان ئەگەر بە وردی سرنجی ئەم سێیانەیەمان دابێت ڕەوت و گەشەی مرۆڤ وەکوو چەشنێک (نوع) ئاوەهایە: لە بوونەوەرێکی بێگانە و غەوارە بە دنیا و بێدەریەست بە ڕووداوەکان بەرەو بوونەوەرێکی ئەخلاقخواز و کەسێک کە لە هەمبەر کارەسات و هەڵوێستە ئەخلاقی و ڕووداوە گرینگەکان‌دا لە ڕووی ئەخلاقییەوە خۆی بە بەرپرس دەزانێت، دەچێت.

سەرەڕای ئەمانەش شتێکی دیکە کە دەبێت باسی لێیەوە بکەین ئەمەیە کە بەگشتی ژیانی ئالبێر کامۆ هەڵکەوتوو لە دۆخ و ڕەوش و سەردەمێک بوو کە بکەوێتە ناو ململانێیەکی قوڵ و جیددی لەگەڵ خۆی و دەوروبەری‌دا واتە کەسانی وەک خۆی لە وانە: ژان پۆل سارتێر و سیمۆن دۆ بووار و بەگشتی‌تر بازنەی ڕۆشنبیرانی پاریس لەو سەردەمەدا. ئەو جیاوازییە ئایدۆلۆژی و فیکرییەی کە لە هەمبەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا (هێرشی بەرەی ڕزگاری ئەلجەزایر بۆ سەر ئەوڕووپاییەکانی دانیشتووی ئەلجەزایر، ململانێی دوو جەمسەری کۆمونیزم و کاپیتالیزم و...) لە نێوان کامۆ و سارتێردا بەرجەستە بوونەوە، وای کرد کە ئەو "دووانە" دوای گۆڕینەوەی چەند نامەیەکی تووندوتیژ بۆ هەتاهەتایە هاوڕێیەتیان کۆتایی پێبێت. بەڵام لە سێهەمی ژانوییەی ساڵی ١٩٦٠دا کە کامۆ بە ڕووداوی ترۆمبیل گیانی لە دەست دا، سارتێر لە شیوەنامەیەکدا ئاوای هۆنییەوە: «ئالبێر کامۆ سامانداری ئەمڕۆیی ئەو زنجیرە دوور و درێژەی ئەخلاقخوازان بوو کە ڕەنگە سەرەکی‌ترین شتەکان لە ئەدەبیاتی فەرانسەدا هی ئەوان بێت». کامۆ لە شوێنێکدا گوتبووی کە هیچ شتێک ڕیسواتر لە مەرگی منداڵێک و هیچ شتێکیش گەلحۆیانەتر لە مەرگ بە ڕووداوی ترۆمبیل نییە. پەرچەکرداری دایکی کامۆ لە هەمبەر مەرگی ئالبێردا، ئەوە بوو کە گوتی: زۆر لاو بوو.

ڕۆژژمێری ژیانی کامۆ

١٩١٣ لە دایکبوون لە وڵاتی ئەلجەزایر

١٩١٤ کوژرانی باوکی لە بەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی

١٩٣٠ ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەی ئالجێر ییپۆبلیکەن و ماوەیەک دواتر چووە حیزبی کۆمۆنیستەوە

١٩٣٣ وەرگرتن لە زانکۆ و تەواوکردنی قۆناغی ماستەری و دواتر پێشکەشکردنی تێزی ماستەری لەژێر ناوی "میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی ئەفلاتوونە نوێیەکان"


١٩٣٧ کامۆ بەهۆی پشتیوانیکردن لە ڕادیکاڵە عەرەبەکان کە بۆ دیاریکردنی چارەنووس و مافی کۆمەڵایەتی و مەدەنی خۆیان تێدەکۆشان، لە حیزبی کۆمۆنیست دەرکرا

١٩٤٢ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی بێگانە

١٩٤٣ چوونە ناو، بۆ ڕیزی بەرەی خۆڕاگری فەرانسەوە لە هەمبەر داگیرکارییەکانی ئاڵمانی نازییەوە و ماوەیەک دواتر بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی نهێنی کۆمبات

١٩٥١ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی مرۆڤی یاخی

١٩٥٧ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل بە دوودڵییەوە چوونکوو باوەڕی وابوو شایانی ئەو نییە و بەڵکوو شیاوی ئاندرێ مالرۆیە



١٩٦٠ مەرگی کامۆ بە ڕووداوی ترۆمبیل

((ئەم وەرگێڕانە بەشێکە لە کتێبێک بە ناوی "فەلسەفەی کامۆ" کە ڕیچارد کامبێر نووسەر و بیرمەندی ئینگلیزیزمان نووسیوییەتی و خەشایار دەیهیمی کردوویە بە فارسی و ئامانجیشی بە دەستدانی خوێندنەوە و هەڵکۆڵینێکی تری جیهانی کامۆ بووە کە بەڕای من بۆ خوێنەر و کتێبخانەی کوردی گەلێک پێویست بووە. بۆیە هەموو کتێبەکەم لە فارسییەوە وەرگێڕاوە و بەم زوانە لە چاپ دەدرێت بەو هیوایەی ئاسۆیەکی تر لە ناسین و خوێندنەوەی کامۆ بۆ خوێنەری کوردی بنەخشێنێت.))

بێگانە

الف. خوێندنەوەی فەلسەفی بێگانە

ڕستە دەسپێکەکانی ڕۆمانی بێگانە لە ناودارترین ڕستەگەلّی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دێنە ئەژمار: ئەمڕۆ دایە مرد. ڕەنگیشە دوێنێ، نازانم. لە خانەی بەسالاّچووانەوە تەلەگرامێک گەیشتە دەستم:«دایە مرد. ناشتن سبەینێ. لەگەلّ ڕێز» ئەمە هیچ مانایەک نادات. ڕەنگە دوێنێ بووبێت. (٣, Stranger).


ڕاکێشەری و کاریگەری زۆری ئەم چەند ڕستە کورتە لەوە دایە کە هەستێکی کتوپڕ و ڕاچڵەکێنەر لە هەمبەر بێگانەیەک لە ئێمەدا شین دەکات کە لەگەلّیدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە. وشەی فەرەنسی «دایە»، وشەیەکە کە منالاّن بۆ قاوکردنی دایکان بەکاری دەهێنن، بەم پێیە کە ڕستەی یەکەم شێوازێکی خۆمانی هەیە. لەم ڕستەیە دەردەکەوێت کە «بێژەر» لەگەلّ دایکیدا هاوڕێ و تەبا بووە و وا دەنوێنێت نەبوون و لە کیسدانی خەمگین و خەمۆکی کردووە. بەلاّم ڕستەی دووەم شتێکی بەتەواوەتی جیاواز دەدات بە دەستەوە. ڕستەی دووەمی سرنجمان لە خودی مەرگ بەرەو مێژووی مەرگ دەگەڕێنێتەوە. باقی ڕستەکانی تریش هەر جەخت لەسەر ئەم هەستە دەکەن. بێژەر زۆرتر لە فەرمانبەرێک دەچێت کە سەرقاڵی لێکدانەوەی مێژووی مەرگ بێت نەک وەکوو ڕۆڵەیەک کە ڕەشپۆش و داخداری مەرگی دایکیەتی. هێنانی تەلەگرامی خانەی بەسالاّچووان لەم بەشەی دەسپێکدا، تا ڕادەیەک بە گاڵتەجاڕییەوە ئاماژەیەکە بۆ شێواز و ستایلی تەلەگرامیانەی بێژەر (گوێندە) : ڕستەگەلی کورت و لە یەک هەڵبڕاو. زۆربەی کات، تەلەگرامەکان بە کەمترین ئاستی دەربڕینی وشەوە، دەنووسرێت چوونکوو بەپێی زۆریی و کەمیی وشەوە، نرخ (پار)ەکەی دیاری دەکرێت. بێژەری ئەم ڕۆمانەش هەر بەهەمان شێوازی تەلەگرامییانە لە دەربڕینی وشەکان‌دا دەمقووچاو و چاوچنۆک دەنوێنێت. هەر بە هەمان شێوە کە ژان پۆل سارتێر لە پێناسەکردنی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بە بیرمان دێنێت، ڕستەکانی ناو بێگانە (٢٤, LE) هەر کامەیان دوورگەیەکن.

وەگێڕی (ڕاوی) ڕۆمانی بێگانە کێیە؟ ڕۆمانەکە کە بەرەو پێشەوە دەچێت، وردەوردە بۆمان دەردەکەوێت کە بێژەر یان وەگێڕ لاوێکی سەڵت و قەیرەیە کە لە وڵاتی ئەلجەزایردا دەژی و فەرمانبەری کۆمپانییایەکی گچکەیە. دەزانین کە نازناوی بێژەر مۆرسۆیە، بەلاّم هەرگیز بۆمان دەرناکەوێت کە ناوی بچووکی چییە. لە ڕابردووشی شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێت. تێدەگەین کە باوکی خۆی نەبینیوە و تا سێ ساڵیش بەر لە مەرگی دایکی، لەگەڵیدا پێکەوە لە بینایەکدا ژیاون. دەڵێت : لە کاتێکەوە پێملی ئەوە بووە کە دەست لە خوێندن هەڵگرێت خەون و خولیاکانی لە کیس داوە. هەر چەندە ئەم قسەیەی بۆ فامکردنی بێدەربەستی ئەو لەمەڕ داهاتوویەوە بەس نییە. وە هەروەها دەڵێت کە سەردەمێک لە پاریس ژیاوە. بێجگە لەم چەند شتە کورتانە نەبێت، ئیدی لە ساڵگەلی پێش مەرگی دایکی شتێکی ئەوتۆ بە ئێمە ناگوترێت و ئەم سات و ساڵانە بۆ ئێمە لێڵ و تەماوی دەمێننەوە.

ڕۆمانەکە لە دوو بەشی تا ڕادەیەک هاوسان، پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە شەش کەرت پێکهاتووە ؛ بەشی دووەم لە پێنج کەرت. بەشی یەکەم لەخۆگری یازدە ڕۆژە؛ بە ئاگادارکردنەوەی مۆرسۆ لە مەرگی دایکی دەست پێدەکات و بە کۆژرانی پیاوێکی عەرەب لە ڕۆخی زەریادا کۆتایی پێدێت. بەشی دووەم یازدە مانگ لەخۆ دەگرێت ؛ کە بە لێپرسینەوە لە مۆرسۆ لە پۆلیسخانەوە دەست پێدەکات و بە تێڕامانەکانی سەبارەت بە پووچی، کاتێک کە لە زیندانی ناکەکەسیدا چاوەڕوانی ئەوەیە ئایا سزای ئیعدامەکەی دەگۆڕێت یان نا، کۆتایی پێدێت. لە بەشی یەکەم‌دا ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی مۆرسۆ بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرا دەبێت. دەخوات، دەخەوێت، جگەرە دەکێشێت و لە فەرمانگە ئیش دەکات. ڕۆژانی پشوو یان دەچێت بۆ ڕۆخی زەریا یان لەسەر بانیژەی ماڵەکەیەوە چاو لە ڕێبواران دەبڕێت. زۆر قسە ناکات و کاتێک دێتە دوێ، هەمیشە ڕاست و ڕەوان و ئاشکرا ئەو شتەی کە بیری لێدەکاتەوە دێنێتیە زار. لەم ڕووەوە مۆرسۆ لە ئالسێست١ی ناو شانۆنامەکەی مولیێر واتە خەڵک بێژ٢ دەچێت. بەلاّم ئالسێست بە ئانقەست ڕاستی و ڕوونی هەڵبژاردووە، چوونکوو بۆ ئەو وەکوو پرەنسیپ وایە، لە حاڵێکدا مۆرسۆ خۆی لە خۆیدا بەو چەشنەیە. مۆرسۆ لە ئاست خەڵکدا ئەو شتەی وا بیری لێدەکاتەوە دێنێتە زار، نە بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕوویان‌دا بۆەستێ یان خەمناکیان بکات، بەڵکوو لە بەر ئەوەی نایهەوێت ڕەنجی ئەوە وەبەر خۆی بدات کە بێجگە لەمە شتێکی دیکە بکات. تەنانەت کاتێکیش کە بەرژەوەندیشی لەوە دایە کە درۆ بکات یان هەموو ڕاستییەکە نەڵێت، هەمدیس باوەڕەکەی ناشارێتەوە. مۆرسۆ زۆر کەم بیر لە ڕابردوو یان داهاتوو دەکاتەوە. ئەو ڕۆژگاری ژیانی بە هەمان شێوە کە دێتە پێشەوە دەڕژێت و ئەوەی لەسەرووی هەموو شتێکەوە بۆی گرینگە، چێژەجەستەییەکان یان ناڕامی و ناڕاسوودەگی بەرهەمهاتووی دۆخەکەیەتی. بەتاییەتی بە خۆرەتاوی ئەفریقای باکوور زۆر هەستیارە: هەندێ جار لە تیشکی زێڕین و گەرماکەی چێژ وەردەگرێت؛ هەندێ جاریش گڕی تیژ و سووتێنەری دەهری و تووڕەی دەکات. لەهەمبەر کچە هاوڕێکەی، واتە ماریش٣دا، زۆر هەستمەندە. بزەنەخشینەکەی، پێستەسپیکەڵەکەی و لەش و لارەناسکەکەی، زۆر جێی سرنجێتی و سوپاس و ستایشیشی لە هەمبەر سیما و ڕواڵەتی‌دا دێنێتە زمان. بۆ نموونە دەڵێت: «جلێکی کەتانی ئەسپی پۆشیبوو و زولفەکانی بڵاو کردبووەوە. پێم گوت کە جوان (٤٧, Stranger) بووە، لە خۆشیانا پێکەنی».

بەلاّم مۆرسۆ بە وردەکارییە ماددی و لەشییەکانیش گرینگی دەدات، وردەکاریگەلێک کە زۆربەی ئینسانەکان بایەخی نادەنێ یان لە نیگایان‌دا زۆر بێبایەخ و سووک دێنە پێش چاو. بۆ نموونە نیوەڕۆیان، لە فەرمانگە، کاتێ

هەوالنامەی کتێب



که به خاولی دەستەکانی وشک دەکاتەوە و خاولییەکە وشکە و شێدار نییە زۆر کەیفخۆشە و پێ دەگەشێتەوە، بەڵام دوای نیوەڕۆیان کە خاولییەکە نەختێک شێدارە تووڕە و قەڵس دەبێت. مۆرسۆ، لە گەڕەکی کرێکارانی فەرەنسی لە وڵاتی ئەلجەزایردا دەژی، وەکوو گەڕەکی بەلکوور٤ واتە گەڕەکی سەردەمی منداڵی کامۆ. هاوڕێ و هاوساکانی مۆرسۆ نە خوێندەوار و نەپارەداریشن. ماری، بەردەستە (منشی) سێلێست٥، کافەیەکی بچووکی لە گەرەکدا کردۆتەوە؛ ئیمانۆئێل٦، فەرمانبەری پۆستخانەیە؛ سالامانۆ٧، خانەنشین کراوێکە کە تەنها لەگەڵ سەگەکەی دا دەژی؛ ڕیمۆن٨، بۆ خۆی دەڵێت کە بەڕێوەبەری عەمبارێکە، بەڵام خەڵک دەڵێن کە جاکەشە. جێرالّد کامبێر٩، لە «هێمای ناوەکان لە بێگانەدا» وای دەرخستووە کە ناوەکانی ئەم ڕۆمانە ماناگەلێکی وردتر و ناسکتریان هەیە. بۆ نموونە ماری هەر هەمان ناوی مەریەمی عوزرای هەیە، سێلێست، کە ناوەکەی بە مانای «ئاسمانی» دێت، چێشتکەرێکی قەڵەوی ڕاستبینە کە هێمایە بۆ سۆزی مرۆڤانە. ئیمانۆئێل، کە تا ڕادەیەک گەوجە، ناوێکی هەیە کە بۆ باسکردنی مەسیح کەڵکی لێیەوە دەگیرێت. ناوەکەی لە زمانی عیبریدا واتای«خواوەند لەگەڵمان دایە» دەدات. سەرەڕای ئەوەی کە مۆرسۆ و هاوڕێکانی مرۆڤگەلێکی سادەوساکارن، بەڵام ڕووداوەکانی بەشی یەکەم بە هیچ شێوەیەک سادەوساکار نین. بەڵکوو بەدرێژایی یازدە ڕۆژ مۆرسۆ هەموو ئەم کارانە کە دەیڵێین دەیکات: لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی دایکیدا بەشدار دەبێت، بەسەرهاتێکی ئەفێندارانە لەگەڵ ماریدا دەست پێدەکات و قەبووڵ دەکات کە لەگەڵی ببێتە هاوسەر. لەگەڵ ڕیمۆن دەبێتە هاوڕێ و بڕیاری دەداتێ کە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خۆشەویستە پێشووەکەی کە هەڵیفریواندبوو، هاوکاری بکات، بۆ ای خۆشەویستەکەی ڕیمۆن بە گوواللەیەک دەکوژێت؛ ئەمانە بۆ مرۆڤێک کە نوقمی ژیانی ڕۆژانەیە، ڕۆژانێکی پڕ ڕووداون. لە لایەکی ترەوە، شێوازی دەستەوێەخەبوونی مۆرسۆ لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا نیشاندەری جۆرێک لە داهێزراوی و ناکارامەییە. لە هەر بابەتێکەوە ڕووداوەکان بەهەڵکەوت ڕوو دەدەن، نەک بەپێی پلان و گەڵاڵەیەکی پێشووتر، و پەرچەکرداری مۆرسۆ لە هەمبەریاندا، ئەمەیە کە ڕێگایەک هەڵدەبژێرێت کە هەست دەکات ساناترین ڕێگەیە. دایکی دەمرێت و ئەو بە بێمەیلییەوە بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی دەکات، بەهەڵکەوت لە گوێی زەریادا ماری دەبینێت، مەلەباسکەی لەگەڵ دەکات، بۆ سینەما داوەتی دەکات، دەیبات بۆ بیناکەی و شەو پێکەوە ڕادەبوێرن. حەزی ئێرۆتیکیانەی مۆرسۆ بۆ ماری، فشۆک و ناکارا نییە، بەڕای ئەو ماری ڕاکێشەر و ویستراوە. بەڵام کاتێک کە ماری حەوتوویەک دواتر سەری لێدەدات و لەپڕێکدا لێی دەپرسێت کە ئایا دەیهەوێت پێکەوە ژیان پێک بێنن یان نا، وڵامی مۆرسۆ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و ناباوەڕانە، ناکارامە و فشۆکانەیە.


«شەو ماری هاتە لام و پرسی کە ئایا دەخوازم لەگەڵی دا ببم بە هاوسەر. گوتم کە بۆ من تۆفیرێکی نییە و ئەگەر ئەو بیەوێت دەتوانین ببینە هاوسەر. دواتر بەتەما بوو بزانێت کە ئاخۆ من عاشقی هەم یان نا. هەمان وڵامی پێشووم دایەوە، گوتم: ئەمە هیچ پێوەندییەکی نییە بە مەسەلەکەوە، بەڵام وای بۆ دەچم کە عاشقی نەبم. پرسی:«ئیدی بۆ ببین بە هاوسەر؟» بۆم ڕوون کردەوە کە لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە گرینگ نییە و ئەگەر ئەو بیەوێت دەتوانین ببین بە هاوسەر. ئیدی ئەو ئەمەی باس کردبوو و من کارێکم نەکردووە بێجگە لەوەی کە گوتوومە باشە. دواتر بە بیریدا هانیمەوە کە هاوسەرگیری شتێکی زۆر جیددیە. گوتم : «نەخێر». ئەویش دەم و دەست بێدەنگ بوو، بە ماتییەکەوە لێمی ڕوانی. دواتریش هاتە قسە و دەیهەویست بزانێت کە ئەگەر ژنێکی دیکەش هەر بەم تایبەتمەندییانەی ئەوەوە ئەم پێشنیارەی دەکرد ئایا قەبووڵم دەکرد یان نا. گوتم:«بەناچاری». مۆرسۆ لەگەڵ ڕیمۆنیشدا بەهەڵکەوت دیدار دەکات. ڕیمۆن داوەتی دەکات بۆ ژوورەکەی تاکوو مۆرسۆ لە دەردەسەری چێشتلێنان ڕزگاری ببێت. دوای نانی شێوان، ڕیمۆن داوای لێدەکات کە نامەیەک بۆ کۆنە خۆشەویستەکەی بنووسێت. ڕیمۆن خۆشەویستەکەی خستۆتە بەر زەبر و لێدان تاکوو خوێناوی بووە، بەڵام هەنووکەش دەیهەوێت بەم نامەیە هەڵی خەڵەتێنێت تاکوو دیسان بیگەڕێنێتەوە و بتوانێت بە خەستی عەلەوی کات. مۆرسۆ قەبووڵ دەکات.« نامەکەم نووسی. بە شێوازێکی سەرسەری، بەڵام هەموو هەوڵی خۆم دا کە ڕیمۆن پێی بگەشێتەوە، چوون هیچ هۆیەکی نەبوو کە نەمهەوێت ڕیمۆن بگەشێتەوە و پێی کەیفخۆش بێت».

(Stranger, ٤١-٢).

پێکگەیشتنی مۆرسۆ لەگەڵ برای کۆنە خۆشەویستەکەی ڕیمۆن لە ڕۆخی زەریادا هەمدیس بەهەڵکەوتە. ئەگەرچی مۆرسۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دواجار دوو عەڕەبی تێدا بینیوە، بەڵام لەوەی کە کەسێک لە وێدا دەبینێتەوە تێکدەچێت.« تا شوێنێک کە پێوەندی بە منەوە هەبوو بابەتەکە جێگەی باس نەبوو و من بێئەوەی تەنانەت بیری لێبکەمەوە.

(Stranger, ٥٨ چووبوومە ئەوێندەرێ»

بەڵام یەکێک لە عەڕەبەکان هێشتا لەوێیە.(جێی خۆیەتی سرنج بدەین کە قوربانییەکەی مۆرسۆ واتە برای کۆنە خۆشەویستەکەی ڕیمۆن، تەنها بە«ئەو عەڕەبە» ناوی لێدەبرێت. ئەوەی کە کامۆ ئەم کارەی کردبێت تاکوو بێسۆزی ئەلجەزایریيە فەرەنسییەکان پیشان بدات یان بێسۆزی و بێهەستی خۆی، لە هەر حاڵدا جیاوازییەکی نییە، ئەنجامی بابەتەکە ئەوەیە کە مرۆڤێک بۆ سەر ئاستی جێناوێک دابەزیوە). کاتێک «عەڕەبەکە» دەست دەکات بە گیرفانیدا و چەقۆیەک دەردەهێنێت، مۆرسۆش ئانوسات پەنجەی لەسەر دەمانچەی گیرفانی کۆتەکەی دا دادەنێت. لەم ساتە بە دواوە ئیدی مۆرسۆ بەپێی وتەی خۆی، ڕوحی داوەتە دەست تووڕەیی خۆڕەتاو. شکستخواردووی گەرما و تیشکی کوێرکەری خۆڕەتاو دەبێت، چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشێ و لە کابرای عەڕەب نزیک دەکەوێتەوە: عەڕەب چەقۆکەی لێدەڕاستێنێت. تیشکی تیژی خۆڕەتاو لە تێغەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێوچاوانی مۆرسۆ. مۆرسۆ، کوێر و شڵەژاو، دەمانچەکەی دەستی دەگوشێت و پەلەپیتکەکەی دەکرچێنێت. گوللە بەر پیاوی عەڕەب دەکەوێت.



مۆرسۆ هەڵوێستەیەک دەکات و دواتر چوار گوللەی تر بە جەستەی بێجوولّەی کابرای عەرەبەوە دەنێت. ئەستەمترین کار ڕوونکردنەوەی ئەم کردەوەیەی دواییە- چوار جاری زێدە تەقەکردن لە تەرمەکە. بەپێچەوانەی تەقەی یەکەم کە دەشێت شتێکی بەڕوودا بێت:«پەرچەکردارێکی ناهۆشیارانە یان بەهۆی داخزانی بە هەڵەی دەستییەوە»، ئەو چوار تەقەکەی دیکە دەشێت کردەوەگەلێکی هۆشیارانە بێت. بۆچی مۆرسۆ هەڵوێستەیەکی کرد و دواتر کاتێک کە دەیتوانی بڕیار بدات کە درێژەی پێنەدات، چوار جاری دیکە تەقەی لە لاشەکە کرد؟ پاڵنەری مۆرسۆ چی بوو؟ مەبەستی چی بوو؟ بەپێچەوانەی گرینگی ئەم پرسیارانە لە کاتی لێپرسینەوە و دادگاییەکەیدا مۆرسۆ ناتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی سەلمێنەرانە بدات بەدەستەوە. ئاشکرایە مۆرسۆ بێئەوەی کە بزانێت یان لەبەر چاو بگرێت کە کابرای عەرەب زیندووە یان مردوو، چوار جاری دیکە دەستی تەقەی لێ دەکاتەوە. بە هەمووی ئەمانەشەوە هیچ هۆیەکمان نییە کە وا بیر بکەینەوە کە ئەو لەژێر کاریگەری هەستێکی خەستی وەکوو ڕق، تووڕەیی و یان ترس، ئەم کارەی کردووە. ئەگەرچی تەقەی ئەو لە پیاوە عەرەبەکە بێسۆزی ئەو لە هەمبەر پیاوێکدا کە هیچ خراپەیەکی دەرهەق نەکردووە، دەنوێنێت. بەڵام وا نایەتە پێش چاو کە ئەو خولیای کوشتنی ئەو پیاوەی لەسەر بووبێت. لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی پێشووی‌دا لەگەڵ عەرەبەکان لە ڕۆخی زەریادا، مۆرسۆ وا دێتە پێش چاوی کە « مرۆڤ دەتوانێت تەقە.(TRN, ١١٦٤) بکات یان نەیکات».

وادیارە ئەو چوار تەقەیەی دواییە بە هۆی خۆبەدەستەوەدانەوەیە نەک لە سۆنگەی بڕیارەوە. لە بەشی دووەمی بێگانەدا، بەڕپرسانی دادگای تاوانەکانی ئەلجەزایر ئەم ڕووداوە بەهەڵکەوت و لەناکاوانە، گرێدەدەنەوە بە پەرچەکرداری سست و داهێزراویانەی مۆرسووە و ڕوخساڕێکی سامناک و تۆقێنەر لە مۆرسۆ دروست دەکەن. ڕەوتی لێکۆڵینەوە یان لێپرسینەوەی جیددی ڤەپرس (بازپرس) لە مۆرسۆ دەست پێدەکات. کاتێک کە مۆرسۆ ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە لە بەرچی دوای تەقەی یەکەم هەڵوێستەی کردووە و دواتر چوار گوللەی دیکەی پەستاوتۆتە نێو لەشی کابرای عەرەبەوە، ڤەپرس خاچێکی زێوین کە وێنەیەکی مەسیحی لەسەر هەڵگۆڵراوە، دەگرێت بەدەستییەوە و لەبەرچاوی مۆرسۆدا دێنێ و دەیبا. لێی دەپرسێت کە ئایا باوەڕی بە خودا هەیە و کاتێک مۆرسۆ لە ولاّمدا دەڵێت : «نەخێر» کابرا ڕق دای دەگرێت. «گوتی: مەحاڵە، هەموو مرۆڤەکان باوەڕیان بە خودا هەیە تەنانەت ئەوانەش وا لێی ڕوو هەڵدەگەڕێنن. ئەمە بیروباوەڕی ئەو بوو و ئەگەر گومانی تێدا بکردایە، ژیانی بۆش و بێمانا دەبوو. بە توندی هاواری کرد: تۆ دەتهەوێت ژیانی من بێمانای کەی؟».

(٦٩, Stranger).

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڤەپرس ئیدی مۆرسۆ بە «جەنابی دەجال» بانگ دەکات. هۆی دابڕاندن و بەخشینی ئەم ناتۆرەیە بە سەر مۆرسۆ ئەوە بوو کە تەواوی ئاکار، کردە ئاڵۆز و بێماناکانی مۆرسۆ بۆ گاورە بەڕێزەکان مانادار بکرێتەوە. ئەگەر کەسێک وابیر بکاتەوە کە مۆرسۆ وێناکراو و هێمای شەڕە، ئەوکات هەموو کردەوەکانی ئەو لە بەشی یەکەمدا هەر بەم پێوانە و سەنگەوە ڕوون دەکاتەوە.

ڕەوتێک کە بە لێپرسینەوەی ڤەپرس، دەستی پێکردووە دادوەر لە دادگادا درێژەی پێدەدات. دادوەر بە وردبینەکەوە هەڵسوکەوت و ئاکاری مۆرسۆ لەمەڕ ناشتنی دایکییەوە دەخاتە بەر شیکاری و هەڵسەنگاندن و لە خاڵێکدا بەوە تاوانباری دەکات کە:«مۆرسۆ دایکی بە شێوەیەکی کارەساتئاوی لە دڵدا بە خاک سپاردووە»

(٢-١٠١, Stranger).

دادوەر سەربووردەی عاشقانەی مۆرسۆ لەگەڵ ماری و نامەنووسینی بۆ ڕیمۆن گرێدەدات بە ئەنگێزەی ئەو بۆ کوشتنی پیاوە عەرەبەکەوە: « هەر ئەم مرۆڤەی کە لە بوولێڵی مەرگی دایکییەوە دەست دەداتە پیس‌ترین و ناشیرین‌ترین ئاکاری ئێرۆتیکیانە، بە هۆکارگەلی زۆر سووک و ئاسانەوە مرۆڤ دەکوژێت، ئەوەش بۆ پێکەوەنانی پیسی و گەندەلییەکەوە کە شیاوی باس‌کردن نییە».

(١٠٢-١٠١, Stranger).

دادوەر لە کۆبەندی قسەکانی خۆی، لە کۆتایی دادگاییکردنەکەدا بەم حاڵەشەوە ناوەستێتەوە. دادوەر کە لە قسەزانی و دمکراوەیی خۆی خرۆشا بوو. تێدەکۆشێت گوناهی مۆرسۆ هەڵپێکێت بە دانیشتنێکی دیکەی دادگاوە، واتە دادگاییکردنی پیاوێک کە تۆمەتبارە بە کوشتنی باوکی:

پیاوێک کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە تاوانی کوشتنی دایکی لە ئەستۆیە و خۆی لە کۆمەڵگا دادەبڕێت، دەقاودەق هەر ئەو تاوانبارەیە کە دەستی تاوان لە باوکی دەکاتەوە، کە بوونی داوەتێ. بەهەر حاڵ، کردەوەی تاوانباری یەکەم ڕێگەخۆشکەری کردەوەی تاوانباری دووەم بووە، لە ڕاستی‌دا یەکەمینیان سەرمەشقی (سەرچەشن) دووهەمینیانە و پسوولەی کردنی تاوانی بۆ دەرکردووە. دواتر دەنگی تۆزێ هەڵبڕی و گووتی:« برایان، من دڵنیام لە سۆنگەی ئێوەوە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم کە ئەو پیاوەی وا ئێستە لە جێگەی تاوانبار دانیشتووە، گوناهی کوشتنێکیش کە سبەینێ دانیشتنی لەسەر دەکرێت لە ئەستۆیە».

(١٠٢, Stranger).

دادوەر دەڵێت : ئەمە ((ئەرکی ئەستەمی)) ئەوە کە خوازیاری سزای ئیعدام بێت، بەڵام بەم حاڵەشەوە دەڵێت:« بە دڵێکی ئارامەوە ئەم داوایە دەکەم. چوونکوو... لە درێژایی ژیانمدا هیچ کات ئەوەندەی ئێستا ئیمانم لەسەر ئەم حوکمە پیرۆزە قورس‌تر نەبووە، هیچ کاتیش بە قەد ئێستا ئەوەندە هەستی سامناکیم نەبووە. لە کاتی بینینی ڕوخساری ئەم پیاوەدا کە جگە لە ئاژەڵێکی درندە هیچی تێدا بەدی ناکەم و هەر ئەمەش وادەکات کە دەرکردنی ئەم حوکمە بۆ من زۆر سووکوئاسان و ڕوون‌تر بێتەوە».

(١١٩٨, TRN, ١٠٢, Stranger).

دەستەی دادوەران پێمل دەبێت و مۆرسۆ سزا دەدرێ کە لە مەیدانی گشتی‌دا بدرێتە دەست تێخی گیوتین. لە دانیشتنی دادگاییکردنی مۆرسۆدا چیمان بۆ دەردەکەوێت؟ کامۆی لاو، کاتێک هەوالّنێری ڕۆژنامەی ئالجێر ڕێپۆبلیکەن بوو، زۆربەی کات ڕاپۆرتگەلێکی لە بارەی سزادانە تاوانکارییەکان لە ئەلجەزایر کۆ دەکردەوە و زانیاریگەلێکی سەرەکی لە بارەی لاوازی و ناتەواوییەکانی دادوەریکردن هەبوو. ئەو تەنانەت لە بڕگەیەکی دیاردا خۆی دێنێتە ناوی ڕۆمانەکەوە. لە سەرەتای دادگاییکردنەکەدا، گەنجترین هەوالّنێری ناو ڕێزەوەکە سرنجی مۆرسۆ ڕادەکێشێت؛ پیاوێک بە پانتۆلێکی خۆڵەمێشی و بۆیین‌باخێکی

هەوالنامەی کتێب

شینەوە، چاوی بڕیوەتە چاوەکانی.« ئەو شتەی کە لە ڕوخساری تا ڕادەیەک داکەوتووی‌دا بەدیم کرد دوو چاوی زۆر گەشاوە بوون، واقم مابوون. . . و ئەم هەستە نامۆیە داگیری کردم کە دەڵێی خۆم چاوم بڕیوەتە ناو چاوەکانی خۆم».

(٨٥, Stranger).

بێگومان، یەکێک لە ئامانجەکانی کامۆ لە دانیشتنی دادگایی‌کردنی مۆرسۆدا بەدەستەوەدانی لێکدانەوەیە کە سەبارەت بە ڕەوتی دادوەری تاوانکاریی. ئەو بە ئەزموون دەیزانی کە چۆن چۆنی پارێزەران، بەڵگەکان دەئاڵۆزکێنن و لێکی گرێدەدەن تاکوو ڕەوتی دادگایی‌کردن ببەنە پێشەوە. ئەو دەیزانی ئەوان خودا، دایک، و وڵات دەکەن بە بڕوبیانوو بۆ ئامانجەکانیان. ئەو دەیزانی کە دادوەران و دەستەی دادوەران دەتوانن چەندە کوشندە و بەڕواڵەت حەق‌خواز دەربکەون. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم دادگایی‌کردنە لایەنێکی فەلسەفیشی هەیە، ڕاستە ئەو تاوانە سەیروسەمەرانەی کە دادوەری گشتی و لێژنەی دادوەری دەیدایە پاڵی مۆرسۆ، جۆرێک قەشمەری بە دادوەری‌کردنی سزاکانە، بەڵام بێنرخیش نین. مۆرسۆ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە. ڕاستە کە ئەو نە پیاوکوژێکی دڵڕەق و نە دەجالیش، بەڵام وێنا و ئیماژی قارەمانێکی پووچە. شتێک کە لەم بوونەوەرەدا نامرۆیی (دۆلپائاسا) و دەرەمرۆیی دەنوێنێت، هەڵکەوتوویی ئەو بۆ ئەنجامدانی تاوان و دەستدانە کارگەلی پیس نییە؛ بەپێچەوانەوە، دەربەستنەبوونی ئەو بۆ ئومێدەکان، ئیمان و هەروەها ئەو ئاڕمانجانەیە وا زۆربەی خەڵک لە گەڵی‌دا دەژین. مۆرسۆ بە بێدەربەستبوون بە خوا، داهاتوو و یان بە تێڕوانینی ئینسانە بەڕێزەکان سەبارەت بە خۆی، مروۆێکی مەترسی‌داری لێدەرچووە، واتە یاخییەک. بێگومان مۆرسۆ یاسای بنەمایی دژە مرۆڤکوژی، خستۆتە ژێر پێیەوە، بەڵام ئەم یاساشکێنییە، بەنیسبەتی بێدەربەستی ئاشکرای ئەو بۆ دین و پێکهاتەی ئەخلاقی جیهانییەوە، لاکەوتە و پەراوێزە. هاوبەشنەبوونی مۆرسۆ لە باوەڕەکانی خەڵکدا خراپە، بەڵام خراپتر ئەمەیە کە تەنانەت وەهاش نانوێنێت کە لە باوەڕەکانیان‌دا هاوبەشە. ڤەپرس کاتێک مۆرسۆ نکوولّی باوەڕی خۆی بە خودا دەکات، دەقیژێنێت: «ئایا دەتهەوێت ژیانی من بێمانا بکەیت؟».

(٦٩, Stranger).

و لە ڕاستی‌دا بەم ڕستەیە ئامۆژە بەم مەترسییە دەکات. ڕاستە کە ڕەنگە ئەوانەی وا دادوەری لەسەر مۆرسۆ دەکەن بە دروستی نەزانن مەترسییەک کە مۆرسۆ بۆ کۆمەڵگا هەیەتی فەلسەفییە و نەک جینایی، بەڵام بەهەر حاڵ مەترسییەکەی هەست پێدەکەن. دروستە کە مۆرسۆ بێهیچ بزوێنەرێکی لۆژیکی مرۆڤێکی کوشتووە، تەنانەت بێئەوەی سووسەیەکیش چییە هەست بە پەشیمانی بکات کە ئەو مافی ژیانی لە کەسێک وەرگرتووە، بەڵام دەکرێت دادوەرییەکی جیاواز وێنا بکەین کە تێی‌دا مۆرسۆ سزای دەست بەسەردا‌گرتن لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بە سەری‌دا بسەپێت، چوونکو توانایی جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی نییە و ئاکاری پێشبینی ناکرێت. بەڵام سزایەک کە دراوە لەو جۆرە سزادانانە نییە. گریمانەی نەدرکاوی حوکمە ڕاستەقینەکە! ئەمەیە: ڕەگەزپەرەستی لە ئەلجەزایری ژێر پۆستاڵی فەرەنسەدا. چوونکوو مۆرسۆ سپی‌پێستێکی ئەوروپاییە و کۆڕاو عەڕەبێک، ئەم گریمانەیە هەیە کە مۆرسۆ بەری جۆرێک لە بەزەیی دەکەوێت. ڕەنگە ئەمە بتوانێت بە جۆرێک ڕوونی کاتەوە کە بۆچی پارێزەری مۆرسۆ لە سەرەتاوە ئەوەندە دڵنیایە کە ئیشەکان بەباشی دەڕۆنە پێشەوە. بەڵام مۆرسۆ بە سەرپێچی لە جەختکردن لە باوەڕە مەسیحییەکان، سەرپێچی لە خەمگین‌نواندنی خۆ لە مەرگی دایک، یان دەربڕینی پەشیمانی لە کوشتنی ئەو پیاوە عەڕەبە، خۆی لەم بەزەییە بێبەش دەکات. ئەو پێشانی دەدات کە «بێگانە»یە.

(unetranger)

کە لە زمانی فەرەنسی‌دا سەرەڕای مانای بیانی و غەریبە، بەمانای مرۆڤێکیشە کە نایناسن. بەم پێیە ئەو لە چینی دەسەڵاتدار کە دەیتوانی یارمەتی بدات دابڕاوە. بۆیە سزادانی ئیعدام بە گیۆتین، بە پێداگری دادوەری لەسەر«گوناەکاری ئەخلاقیی»ئەو لە کوشتنی دایکی و باوکی ئەو پیاوە (ڕەنگ) سپی‌پێستەی، تاوانبار بە کوشتنی باوکی، جۆرێک لە شەرعییەتی ڕەگەزی دەگرێتە خۆ. مۆرسۆ دوای سزادان، ڕەوانەی زیندانێکی تاکەکەسی دیکە دەکەن، زیندانێک لە بەشی سزادراوان بە مەرگ، تاکوو چاوەڕوانی جێبەجێبوونی سزای ئیعدام بێت. ئەو داوای پێداچوونەوە و لێبووردنی کردووە. بەڵام هیچ وێنایەکی نییە کە ئایا داواکەی قەبوڵ دەکرێت یان نا. شەو و ڕۆژی بە خەونی ڕێگەهەڵاتنێک لە ئیعدام ڕادەبوورێت و چاوەڕوانە بزانێت بەر لێبووردن دەکەوێت یان ئیعدامی دەکەن. ئەگەرچی مۆرسۆ بارەها خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەشەی تایبەت بە زیندانیان دەپاراست، بەڵام بەهەر حاڵ قەشە دێتە ژوورەکەیەوە. مۆرسۆ سەرەتا لەرز دای‌دەگرێت، چوون وا دەزانێت ساتی ئیعدامەکەی گەیشتووە. قەشە دڵنیای دەکاتەوە کە ئاوەها نییە و دڵنیایی خۆی بۆ قەبوڵبوونی داوای لێبووردنەکەی دەردەبڕێت. دەڵێت ئامانجی لەم هاتنەی بۆ ژوورەکەی مۆرسۆ، هەڵگەڕاندنەوەی سەرنجی مۆرسۆ لە دادی(عەدالەت) ئینسانی بۆ دادی ئیلاهی، و لە گوناهی یاسایی بەرەو گوناهی کەبیرەیە. مۆرسۆ وڵام دەداتەوە باوەڕی بە خودا نییە و ناشخوازێت ئەم دەرفەتە کورتەی کە بۆی ماوەتەوە بە خەون و ختووڕەی ژیانی دوای مەرگ بە فیڕۆ بدات. کاتێک کە قەشە مۆرسۆ دڵنیا دەکاتەوە کە سەرەڕای دڵی تاریکی، ئەو دوعای بۆ دەکات، مۆرسۆ خۆی بۆ ناگیرێت. مۆرسۆ لە باتی ئەوەی وەکوو هەمیشە و بەپێی خووی ڕابردووی بە وانواندنێک بۆ هاوکۆکبوون لەگەڵی یان گوێنەدان بە قەشە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵی‌دا پارێز بکات، چنگ لە جامانەکەی وەردەنێت و بە هەراوهۆریاوە بەر جنێوی دەدات. بەقەشە دەڵێت: «هیچ کام لە دڵنیاکەرییەکانی بایەخی تاڵە قژی ژنێکیان نییە» و تەنانەت نازانێت کە زیندووە«چونکوو وەکوو مردووان دەژی».

(١٢٠٨, TRN).

پاسەوانەکان دێنە ژوورەکەیەوە و قەشە لە چنگی مۆرسۆ ڕزگار دەکەن. مۆرسۆ، شەکەت و وڵەکەت لەم پێداهەڵشاخانە، لەسەر سیسەمەکەی خەوی لێدەکەوێت. کاتێک لە خەوا دێت «ئەستێرەکان لە سەر ڕوخساری دەزریوێنن».

(١٢٢, Stranger).

شنەیەک لە ژوورەکەی‌دا هەڵدەکات کە بۆنی شەو، خاک و هەوای خوێناوی (نمکی) هەیە. مۆرسۆ جارێکی دی لە پێوەندی لەگەڵ جیهانی ماتریالی‌دا، گیانی وەبەر دەکەوێتەوە. وتەکانی کە زۆربەی کات وشک و بێڕوح بوون، شێواز و قەوارەیەکی تەغەزوولی دەگرنە خۆیان:« ئەوکات لەو تاریکییەی پێش بوولێڵدا زەنگەکان هاتنە دەنگ، زەنگگەلێک کە جاری کۆچیان بەرەو جیهانێک لێدەدا کە هەنووکە و بۆ هەمیشە هیچ مانایەکی بۆ من نەبوو». (١٢٢, Stranger)

بۆ یەکەمین جار بە دڕێژایی چەند حەوتەیەک بیر لە «دایە» دەکاتەوە، دەکەوێتەوە یادی پێوەندی ئەفێن‌دارانەی دایە لەگەڵ تۆما پرێز١٠ی پیر، «دەزگیرانی ئەو لە خانەی بەسالاچووان‌دا». مۆرسۆ تێدەگات کە ئەویش ئامادەیە تاکوو ژیان سەر لە نوێ بژێت. «دەتگووت ئەم ڕقە پڕخرۆشە منی لە هەر جۆرە خراپی و گەردێک پاک کردبووەوە، لە هیوا بەتاڵ و قوتاری کردبوومەوە؛ بۆ یەکەمین جار، لەو شەوی گەش و ڕۆشنە بە نیشانەکان و ئەستێرەکان، دڵم بە ڕووی بێڕەحمی و بێدەربەستی پرسۆزی جیهان‌دا کردەوە. دیتم کە جیهان بەشێوە چەندە لە خۆم دەچێت - وەکوو برام وایە- و هەستم کرد بەختەوەر بووم و جارێکی دیش هەر بەختەوەرم».

(١٠٩, TRN).

مۆرسۆ، تامەزرۆی ژیان بەڵام ئاشتی‌کەر لەگەڵ مەرگ، هیواداڕە کە لە ڕۆژی ئیعدامی‌دا بینەرانێکی زۆر هەبن و بە«زایەڵەگەلی نەفرەت» پێشوازی لێبکەن..

(١٢٣, Stranger)

ب. ڕەخنەی فەلسەفی بێگانە



لە ڕووی فەلسەفییەوە گرینگترین بەشی بێگانە، بەشی کۆتاییە. لەم بەشە دایە کە مۆرسۆ بۆ هەوەڵ جار وشەکەڵێک بۆ دەربڕینی باوەڕی خۆی، سەبارەت بە پووچی حاشا لێنەکراوی ژیانی ئینسانی دەدۆزێتەوە. جێی سرنجە کە ئەم وشانە بەهۆی هەوڵوتەقەللاکانی قەشەی زیندانە کە لە زەینی مۆرسۆدا سەر دەردێنێت. قەشە، بە بیرمانی دێنێتەوە کە هەموومان لەبەر سزای مەرگ داین، تەواوی ئێمە، دێر یان زوو، دەبێت لەگەڵ داوەریی خوداوەند و چارەنووسی ئەبەدی خۆمان ڕووبەڕوو بکرێین. مۆرسۆ بە قەشە دەڵێت: باوەڕی بە خودا یان ژیانی دوای مەرگ نییە و نایەوێت ئەو چۆڕە ژیانەی کە بۆی ماوەتەوە بە بیرکردنەوە لەسەر بابەتگەلێک کە بێگومان بۆی سرنجڕاکێش نین، خەسار بکات. کاتێک قەشە تکا دەکات کە مۆرسۆ بڵێت: ئەو ژیانەی کە دوای مەرگ دەتوانێت خەونی پێوە ببینێت کامەیە، مۆرسۆ هاوار دەکات: «ئەو ژیانەی کە تێیدا بتوانم ئەم ژیانەم بە یاد بهێنمەوە!»

(Stranger, ١٢٠).

خۆشەویستی مۆرسۆ بۆ ئەم ژیانە زەمینییە، تەنانەت لە بەردەم مەرگیشدا، بۆ قەشە زۆر شڵەژێنەرانەیە. ئەو، کە قەشەیەکی کاتولیکی نەریتی (سوننەتیی) ڕۆمییە، ژیانی زەمینی وەکوو دەربەندێک لە ئەسرین کەوا داکەوتووی جیهانە دەزانێت، کە تێیدا بەختەوەری ڕاستەقینە و هەتاهەتایی دەست ناکەوێت. ئەو، مۆرسۆ دەخاتە ژێر زەخت و گوشارەوە و مۆرسۆ دەتەقێتەوە. وشەگەلێک کە کامۆ بۆ باسکردنی ئەم تەقینەوەیەی مۆرسۆ هەڵیبژاردووە، دەرخەری ئەوەن کە: «ئەوەی وا لەبنی دڵمدا بوو بە تووڕەیی و شادی بە سەریدا باراندم»

(TRN, ١٢٠٨).

مۆرسۆ لێرەدا تەنها قەشە ناداتە بەر جنێوی خۆی، بەڵکوو بۆ یەکەم جار ئەوەی وا بەڕاستی لە دڵیایەتی دەیخاتە دەرەوە. بە مانایەک، ئەم بەرەو ڕووبوونەوەیە، دان پێدانانیشە. ئەو بە دەربڕینی قوواڵترین بڕواکانی خۆی بۆ پووچی زاتیی و براوەی ژیان، حاشاکەری پێویستی بە بەخشیشی خودایە و لە هەر جۆرە گومانێک لە بارەی مانای کۆتایی و غایی لە بارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە کردوویەتی پاریز و دووری دەکات.

پووچی زاتی ژیان چییە؟ مۆرسۆ لە بڕگەی ژێرەوە هەوڵ دەدات ڕوونی کاتەوە: من بەم شێوەیە ژیابووم و دەمتوانی بەشێوەیەکی دیکەش بژیایەم. من فلان ئیشم کردبوو و دەمتوانی فیسار کاریش جێبەجێ کەم... هیچ شتێک، هیچ شتێک بایەخێکی نەبوو، و من دەمزانی بۆچی. ئەویش دەیزانی. لە سەرتاسەری ئەو ژیانە پووچەی کە ژیابووم، هەناسەیەکی ڕەش و تار لە قووڵاییەکانی داهاتووم‌دا، لە سەرووی ئەو سااڵنەی کە هێشتا نەهاتبوون، بەرەو پێخم دەشنایەوە... مەرگی دیتران، سۆزی دایک، ئەمانە چ بایەخێکیان دەتوانی بۆ من هەبێت؟ خودای ئەو، یان ئەو ژیانانەی کە خەڵک هەڵیان‌دەبژارد، چارەنووسگەڵێک کە دەیان‌قۆزتەوە، چ بایەخێکیان دەتوانی بۆ من هەبێت، منێک کە بەهەر حاڵ بە تەنها، تاقانە چارەنووسێکی یەکە دەیتوانی هەڵمبژێرێت، و هاوڕێ لەگەڵ منـدا میلیۆنها ئینسانی خۆشەویستی تر کە وەکوو ئەم قەشەیە خۆیان بە برای من ناوزەد دەکات؟... دیتران هەموو ڕۆژێک دەدرێنە بەر ئەم سزایە، ئەویش سزا دەدرێت.. (TRN, ١٢٠٨-٩)

مانای ئەم بەشە بۆ ڕەخنەی فەلسەفی بێگانە زۆر گرینگە، چوونکوو تەنها لەم بەشەی ڕۆمانەکە دایە کە مۆرسۆ، واتە وەگێڕ«ڕاوی» و کەسایەتی سەرەکی ڕۆمان، تێدەکۆشێت ڕوونکردنەوەیەکی فەلسەفی بۆ باوەڕەکانی خۆی سەبارەت بە دۆخی ئینسانی دەربخات. بەڵام لە هەمان کاتـدا ڕوونکردنەوەی پێشکەشکراو لەم بەشەدا لە چەند ڕووەوە ناتەواو و دەڵەمە دەنوێنێت. وەرن چاو بگێڕین کە جێگای چی لەم بیچمبەندییەدا خاڵییە و هەوڵ بدەین بڵێین چۆنچۆنی ئەم بیچمدانانە دەشێت یان دەبێت تەواو و کامڵ بێت. بنەمایی‌ترین وتەی مۆرسۆ ئەمەیە کە ئەم ژیانە خەڵک دەیبەنە سەر و ئەو هەڵبژاردنگەلیشە کە دەیکەن«بێبایەخە»، چوون هەموان دێر یان زوو دەمرن. ئەوەی وا لەم بڕگەیەدا باس نەکراوە ئەمەیە کە مەرگ، کۆتایی ژیانی ئینسانە لە پێگەی تاکێک یان بوونەوەرێکی ئاگادا. ئەگەر ژیانێکی دوای مەرگ هەبێت، بۆ نموونە بەهەشتێک یان جەهەننەمێک، ئەوکات هەر ئیشێک کە تاک لە درێژایی ژیانی‌دا دەستی داوەتێ، دەتوانێت بەڕاستی بۆ ژیانی دواتری«بایەخی»هەبێت. بەڵام مۆرسۆ پێشتر حاشای هەر جۆرە باوەڕ بە خودا یان ژیانی دوای مەرگ دەکات و ئەم حاشاکردنە گرینانەیەکی بە زار نەهاتووە لە ڕوونکردنەوەکەی‌دا. ڕەتکردنەوەی خودا هەروەها خوێندنەوەیەکی ڕەواقیبانە لەم باسەدا پووچەڵ دەکاتەوە. ڕەواقیبە ڕۆمی و یۆنانییەکان دەنگبێژ و ڕاگەیەنەری«بێدەربەستی» بەنیسبەت چەرەسەری و بەختەوەرییەکانی ژیان بوون، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەیان لەسەر بنەمای ئەم بارەیە بوو کە هەموو ڕووداوەکان بەپێی خواستی عەقڵی ئیلاهی ڕوو دەدەن.

دەشێت گرینانەیەکی نەوتراوی تر لە دووتوێی باوەڕی بێخەوشی مۆرسۆ بە خودی ژیان بدۆزینەوە. لە هیچ جێگایەکی ڕۆمانەکەدا شتێک نابینینەوە، کە پێشان بدات مۆرسۆ لە ژیان وەڕەز و شەکەت بووە یان بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو ئینسانێکە کە هەر ڕۆژی ژیانی و ساکارترین چێژگەلێک کە پانتای ماددی (متکیی) دەوروبەری خۆی پێشکەشی دەکات، بە چێژەوە هەڵی‌دەلووشێنێتە گیانیەوە. تەنانەت ژیانی لە زیندان‌دا دوای ماوەیەک ساکاروسانا دەبێتەوە و بیر دەکاتەوە کە دەتوانێت لە بۆشایی کلۆری داڕێکیش‌دا ژیان بکات. ڕاستەوڕاست لە کۆتایی ڕۆمانەکە دایە، کە دەڵێت ژیانێکی خۆشی ڕابواردووە و هێشتاش خۆش و بەختەوەرە. بۆیە، ئاشکرایە کە خودی ژیان بۆ مۆرسۆ«بێبایەخ» نییە. لە ڕاستی‌دا، دەتوانین بڵێین کە ئەو بیر دەکاتەوە ژیان بایەخێکی زاتی و جەوهەری بۆ هەموو ئینسانەکان هەیە.

ئەوە چییە کە بایەخی نییە؟«نموونەگەلێک» کە مورسۆ دەیهێنێتەوە ئەم وڵامە دەدەن بە دەستەوە کە ئەوەی وا بایەخی نییە هەڵبژاردنەکان، کردار، و ئەو ڕووداوە تایبەتانەیە کە ژیانی ئینسانە جۆراوجۆرەکان پێکدێنێت.

چ بایەخێکی هەبوو ئەگەر ئەو تۆمەتباری قەتڵ ببوایە و لەبەر ئەوەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی دایکی‌دا بەشداری نەکردبوو، لە دار بدرایا؟ سەگی سالامانۆش بە هەمان ئەندازەی ژنەکەی بایەخی هەبوو... چ بایەخێکی هەبوو کە ڕیمۆن بە هەمان ئەندازە هاوڕێ و یاری ئەشکەوتم بوایە یان سێلیێست، کە زۆر لەو بەبایەخترە؟ چ بایەخێکی هەبوو کە ئەمڕۆ، ماری ماچێکی دەبەخشییە مۆرسۆیەکی تازەتر؟



(٤٠, Stranger).

به سرنجدان بەم نموونانە، دەشێت بگوترێت کە ئەم جەختکردنەی مۆرسۆ کە«هیچ شتێک بایەخی نییە»، لەخۆگری ئەم مانایەشە کە«خودی ژیان بایەخی هەیە، هەر چەندە شێوازی ژیان و هەڵبژاردنە تاکییەکان بایەخییەکیان نییە». ئەم وتەیە لەگەڵ وتەیەکدا کە مۆرسۆ لە بەشی یەکەمدا بە سەرۆکەکەی دەڵێت یەکدەگرێتەوە: «هەر ژیانێک بە هەمان ئەندازەی ژیانێکی دیکە باشە».

(٤٠, Stranger).

بە هەموو ئەمانەشەوە، ئەمە هەموو بەسەرهاتەکە نییە. ئەوەی هێشتا دەبێت تێی بگەین چەشنی «بایەخێکە» کە مۆرسۆ لێرەدا باسی دەکات. وشەی«بایەخ» بەگشتی وشەیەکی پێوەندییە

بایەخی هەیە» X (نواندنی پێوەندارێتیە). ئەمەی کە بڵێین«

X سەرەڕای ئەمەش، هەیە»Y بایەخی بۆ X بەم مانایەیە کە«

دەتوانێت بایەخی بۆ هەبێت چوونY ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، یان خۆی لە خۆیدا ئامانجە، یان هەر دوو حاڵەت. کامۆ لە سەرتاسەری زۆربەی ژیانیدا عەوداڵی چارەسەر و سارێژێک بوو بۆ نەخۆشی سیلەکەی. دەرمانکردنی سیل بۆ کامۆ بایەخی هەبوو چوونکو ئامێرێک بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی ژیانێکی دوورودرێژتر و تەندروستتر. لەبەر ئەوە، دەبێت لەم بانگەشەیەی مۆرسۆ کە ژیان و هەڵبژاردنە تایبەتییەکانی ئێمە، هیچ بایەخێکیان نییە چوونکو دێر یان زوو ئێمە هەموومان دەمرین، چ تێگەییەکمان هەبێت؟ ئەگەر مەبەستی ئەو لە«بایەخ» هەمان«بایەخ بۆ ژیانی دوای مەرگ»بێت، بە سرنجدان بەم گریمانەیەی ئەو، کە ژیانی دوای مەرگ، بوونی نییە، بانگەشەکەی ئەو وەکوو لۆژیک ڕاست و دروستە، بەڵام هەمانگۆیانە و ئەم ئەوییە«واتە بەپێی گریمانە یان پێناسەیەک دروستە».

لەلایەکی ترەوە، هەڵبژاردنی تاک و دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە زۆرتر بۆ خودی ئەو تاکە، بایەخیان هەیە. چوونکوو بۆ ئەوە کە ڕۆڵی ئامێر یان ئامانج دەگێڕن. سەرەڕای ئەمەش، هەندێک لەم هەڵبژاردنانە دەتوانن بۆ دیتران، دوای مەرگی ئەو تاکە، بایەخیان هەبێت. تەنانەت خودی مۆرسۆش بە هیچ کلۆجێک لەئاستی بزوێنەر و ختووکەدەرەکانی ماددی دەوروبەریدا کەمتەرخەم نییە. بەپێی پێڵێنانی خۆی، ئەو، پیاوە عەرەبەکە لەبەر ئەمە دەکوژێت چوونکوو گەرمای خنکێنەری هەتاو لەسەر وجوودی زاڵ بووە. دوای ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ قەشە، ئەوەی وا ڕوحێک دەکات بەبەرییەوە«بۆنی شەو، خۆڵ و شنەی خوێئامێز»ە کە «کەللەسەری فێنک دەکاتەوە».

(١٢٢, Stranger).

کاتێک لە خاولییە خووساوەکەی ئاودەست بە دەنگ هاتوهاواری بردە لای سەرۆک، سەرۆک شانێک هەڵدەتەکێنێت، یانی کە«بابەتێکی سووک و بێبایەخە».. (١١٤٢-١١٤١, TRN)

بەڵام بۆ مۆرسۆ ڕاشکاوانە بایەخی هەیە. سەرەڕای ئەمەش، بایەخ بە ڕوانینی دیتران بۆخۆی دەدات. کاتێک کە سێلێست، دوای هەوڵە جیددی، بەڵام بێئاکامەکەی بۆ شایەتیدان لە دادگا، لێبووردووانە بە «لێوگەلێکی لەرزۆکەوە» تێی دەڕوانێت، مۆرسۆ دەڵێت:«یەکەم جارە لە ژیانمدا دڵم دەیخوازێ پیاوێک ماچ کەم». (٩٣, Stranger)

ئێمە ناتوانین تێبگەین کە ژیان و هەڵبژاردنەکانی مۆرسۆ لە زیندەگیدا، دوای مەرگی ئەو چ بایەخێکیان بۆ دیتران هەیە، بەڵام ئاسان دەتوانین وێنای بکەین کە ئەم ژیان و هەڵبژاردنانە بۆ ماری یا ڕیمۆن، یان تەنانەت بۆ قەشەش دوابەدوای ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ مۆرسۆدا«کە چاوەکانی ئەسرین‌ڕژێ ببوون»، بایەخی دەبێت.

(١٢٢, Stranger).

ئەگەر،ئەم ڕوانینە کە«شێوازی ژیانی ئینسان و هەڵبژاردنەکانی بایەخی نییە، چوونکوو مەرگ هاتنێکی لێبڕاوانە و بێپێچوپەنایە»هەمانگۆیانە یان درۆئامێز نەبێت، دەبێت«بایەخ» لێرەدا مانایەکی بەرینتر لە«بایەخ بۆ ژیانی دوای مەرگ»ی هەبێت و مانایەکی وردتریشی لە«بایەخ بە هەموو چەشنییەوە»ی هەبێت. بەڵام ئایا دەکرێت ئاوەها بێت؟ یەکێک لەو نموونە باشانە بۆ ئاوەها خوێندنەوەیەک،«بایەخێک لەسەرووی خەون و بەرژەوەندی تاکەکانی ئینسانەوە»یە.ئەوەی وا لەم خوێندنەوەیەی«بایەخ»دا لە دەرەوەی بازنەدا دەمێنێتەوە، هەر جۆرە پێکهاتێکی ئەخلاقی یان زنجیرەیەک لە پلە و ڕیزبەندی بەهاکانە، کە بە شتێک جگە لە خەون و بەرژەوەندییەکان «پێداویستییەکان، خەونەکان، سەرێتییەکان، و خولیاکان، و هتد»ی تاکەکانەوە گرێ درابێت. بەم خوێندنەوەیە، هەڵبژاردن و کردارە ئینسانییەکان لە لایەن خوداکان، چارەنووسەکان، بەها ئەزەلییەکان، مافەسرووشتییەکان، یان یاساکانی مێژوو نییە کە بایەخ بەخۆوە دەگرن. بۆیە، دەکرێت لە تێڕوانینی مۆرسووە ئاوەها دەرئەنجامێک وەربگرین:«بەهۆی لێبڕاوەیی مەرگەوە، شێواز و چۆنییەتی ژیانی ئینسان و هەڵبژاردنەکانی بایەخێکیان لەسەرووی بەرژەوەندی و خەونەکانی مرۆڤەوە نییە».

شتێک کە دەمێنێتەوە و دەبێت ڕوونی کەینەوە و لە سەری بڕۆین، ئەمەیە کە ئایا لە ڕوانینی مۆرسۆدا بایەخی خودی ژیانیش لە هەمان چەشنی بایەخگەلێکە کە هەڵبژاردنەکان و کردارە تایبەتییەکان هەیانە، یان وا بیر دەکاتەوە کە بایەخی خودی ژیان چەشنێک بایەخی نێوناخی و زاتی یان گشتی و سەرتاسەرییە؟ ڕەنگە بە هەمان شێوە کە مۆرسۆ بە سەرۆکەکەی دەڵێت: هەر ژیانێک بە هەمان ئەندازە و باڕستایی ژیانێکی دیکە بایەخی هەیە، بەڵام ئاخۆ خودی ژیان بۆ باشە؟ مۆرسۆ ڕاشکاوانە بایەخ دەداتە ژیانی خۆی و لە زیندووبوون چێژ وەردەگرێت. بەڵام ئاخۆ بایەخ ، تەنها ڕوخسار و دەرکەوتەیەکی دیکەی خواست و خەونێکی تاکییانەیە یان شتێکی گشتی و سەرتاسەری‌تر ڕەنگڕێژی دەکات و دەردەخات؟ ئایا ژیان بۆ هەموو ئینسانەکان ئامانجێکە لە خۆیدا؟ وە ئەگەر ئاوەهایە، بۆچی هەزارەها هەزار ئینسان ساڵانە خۆیان دەکوژن؟ ئایا باوەڕ بەمەی کە هەر ئینسانێک دەبێت بۆ خودی ژیان بایەخ دابنێت، بنەمایەکی هەیە؟ دەقی بێگانە ئەم پرسیارانە لە زەیندا دەوروژێنێت، بەڵام وڵامێکیان بۆ ڕێکناخات. بۆ فامکردنی ئەندێشەکانی کامۆ سەبارەت بە بایەخی خودی ژیان دەبێت ڕوو بکەینە خوێندنەوەی ئووستووڕەی سیسوفوس کە بەم ڕستەیە دەست پێدەکات:«بە تەنها پرسێکی فەلسەفی ڕاستەقینە هەیە، ئەویش خۆکوژییە». (٣, Myth)

هەروەها، تێڕامانەکانی مۆرسۆ لە کۆتایی بێگانەدا دوو پرسیاری دیکەش سەبارەت بە دڵەڕاوکێ و دڵبەدوایی تاکەکان بۆ دیتران دێنێتە پێشێ و کراوە و بێوڵام دەیانهێڵێتەوە. پرسیاری یەکەم پەیوەستە بە پرسی خۆخوازییەوە. تا چ ڕادەیەک تاکەکان دەست دەدەنە ئەنجامی کردارگەلێک تاکوو وڵامدەرەوەی خەون و بەرژەوەندی دیترانن بێت ـ دیترانێک کە خۆیان لە خۆیاندا غایەت و ئامانجن ـ و بە تەنها مەبەستیان وڵامدانەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان نییە؟ پرسیاری دووهەم بەندە بە ئەرکی ئەخلاقی بەنیسبەت دیترانەوە. تا چ ڕادەیەک تاکەکان دەبێت دەست بدەنە کردارگەلێک کە وڵامدەرەوەی خەون و بەرژەوەندییەکانی دیتران بێت؟ ـ دیترانێک کە خۆیان لە خۆیاندا غایەت و ئامانجن ـ وە تەنها مەبەستیان وڵامدانەوە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەبێت؟

ئێستاکە ئێزنم بدەن ئەوە یاد بخەمەوە کە ئەم پرسیارانە بە شێوەیەکی سرنجڕاکێش بەند دەبن بە تێڕامانەکانی مۆرسووە سەبارەت بە مەرگ و پووچی ژیانەوە. ئەگەر، بە هەمان شێوە کە مۆرسۆ گریمانەی دەکات، ژیانی دوای مەرگ یان پێکهاتێکی ئەخلاقی دەرەوەیی بوونی نییە و تاک، بۆ خەون و بەرژەوەندی دیتران بایەخێک دانانێت، کەواتە دەکرێت بە سانایی تێبگەین کە بۆچی مەرگ، ژیانی ئەو لە هەر جۆرە بایەخێک بەتاڵ و بۆش دەکاتەوە. پرسەکە تەنها ئەوە نییە کە ئەو بایەخێک بەوەی کە دوای مەرگی خۆی بۆ دیتران ڕوو دەدات، نادات. بەڵکوو ئەمەشە کە ئەو لە درێژایی ژیانیدا بایەخێک بەهەر جۆرە دۆخێک کە لە داهاتوودا کاریگەریی بەسەر خەون و بەرژەوندییەکانی ئەوەوە نەبێت، نادات. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر خەون و بەرژەوەندی دیتران ـ ئەو دیترانەی وا خۆیان غایەتن لە خۆیاندا ـ بۆ ئەو بایەخی هەیە، کەواتە بۆ هەر دۆخێکیش وا لە داهاتوودا و دوای مەرگی ئەو لەسەر ژیانی دیترانێک کە بۆی گرینگن کاریگەری هەبێت، بایەخ دادەنێت، دوو نموونە بێننە پێش چاوی خۆتان. زۆربەی باوک و دایکەکان خۆیان دەکەن بە قوربانی داهاتووی منداڵەکانیان و بەچۆنییەتی ژیانی منداڵەکانیان دوای مەرگی خۆیان بایەخ دەدەن. زۆرێک لە لایەنگرانی پاراستنی ژینگە لێبڕاوانە هەوڵ دەدەن ژینگە بپارێزن، چوونکوو باوەڕیان وایە دەبێت سەرچاوەکانی گۆی زەوی لەگەڵ بەرەکانی داهاتوودا بەش بکەن و بۆ چۆنییەتی ژیانی ئەوانەی وا هەرگیز نایانبینن و نایانناسن بایەخ و گرینگی دادەنێن.

ئەم تێڕوانینە بۆ مۆرسۆ غەوارە و نەناسراوە. هۆیەکی نییە کە بیر بکەینەوە کە ئەو دڵەکورک و دڵبەسراوی شتێکە کە بۆ دیتران لە دوای مردنی ئەو ڕوو دەدات. ئەو، لەئاستی خەون و خولیاکانی دیتراندا بەگشتی بێبایەخ نییە. بەڵام توانایی ئەو بۆ هاوسۆزی نزمتر لە زۆربەی خەڵکە و باوەڕی نییە کە دەبێت دڵکورک و دڵبەستی خەون و خولیاکانی دیتران بێت. مۆرسۆ حەز دەکات ئەو دیترانەی کە لە هاوەدەمی و هاونشینی لەگەڵیدا خۆشن و چێژگر دەبن خۆشنوود بکات، بەڵام خەون و هۆگری بۆ ئەو بەشە لە دیتران کە کەرتێک لە دەوروبەری ماکیاینەی ئەو نییەن، دەدۆڕێنێت و لە دەستی دەدات.. ئەو، دوای جێگۆڕینەوەی دایکی بۆ خانەی بەسالاچووان بەدەگمەن دەکەوێتەوە یادی و هۆگری و سۆزدارییەکیش کە بۆ ماری هەیەتی لە درێژایی مانگەکانی زیندانیدا لە کیس دەدات. ئانوساتێک بەر لە دیمانەی قەشە: یەکەم جار دوای ماوەیەکی درێژ بیرم لە ماری کردەوە. ڕۆژگەلێکی زۆر بوو کە ئیدی نامەی بۆ نەدەنووسیم. ئەو شەوە بیرم لەمە دەکردەوە و لەگەڵ خۆمدا گوتم: حەتمەن لەوەی کە کچە هاوڕێی حوکمدراوێکی ئیعدامی بێت، تاقەتی تێکچووە. بیریشم لەمە کردەوە کە ڕەنگە نەخۆش یان مردوو بێت. لە دواجاردا لەم ڕووداوانە دەقەومێن. چۆن دەبوایە بزانم، چوون جگە لە تێکەڵبوونی لەشیی هیچ شتێکی دیکە ئێمەی بە بیری یەکدی نەدەهێنایەوە. بەهەر حاڵ، دوای ئەم بیرکردنانە ئیدی ماری بۆم، هیچ بوو.

(Stranger, ۱۱۵).

هەستی هاوسۆزی و دڵ بەدوایی ئەخلاقی مۆرسۆ بۆ دیتران، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ئینسانەکان، بەڕاستی لاواز و نزمە. بە هەموو ئەمانەشەوە ئەو توانابیەکی ئێرەیی‌بزوێنی، بۆ چێژۆەرگرتن لە تاوپۆی ژیانی خۆی هەیە. کامۆ لە «هاوین لە ئەلجەزیرە»دا دەنووسێت: «چێژخوازی، وزە و هەڵکەوتوویەکی تایبەتی دەوێت».

(Myth, ۱۱۳).

مۆرسۆ ئەم هەڵکەوتوویە تایبەتەی هەیە. دەیگووت: ئەگەر پێمل بایە کە «لە کلۆری بۆشی داربڕکی وشک هەڵاتوودا بژیبایە، و کارێک بێجگە لەمەی کە چاو لە ئاسمانی پشکووتووی سەر سەری ئەنجام نەدات ...پێی ڕادێت»

(Stranger, ۷۷).

لەم ڕووەوە، مۆرسۆ عەنتیکەیەکی دیار و ڕوون لەو وێنایەی پاسکاڵە کە لە ئینسانی بێخودا کێشاویەتی. مۆرسۆ لەوەی وا لە ژووڕەکەی خۆیدا بمێنێتەوە ڕازیبە ـ تەنانەت ئەگەر ئەم ژووڕە کلۆری بۆشی داربڕک بێت. ئەو هیوایەتی سەفەر، بەسەرهات، یا چەشنەکانی تری هەڵگەڕان لە یادی تێدا نییە. کاتێک کە لە دواجاردا «دۆخی لەرزۆک و تێپەڕمان بە وردی دەخاتە بەر بیرکردنەوە». ئەم دۆخە بە هۆکاری بەختەوەریمان دەبینێت نەک بەدبەختییەکی بێچارەسەر. هەر ئەم ڕوانینە عەنتیکەیەیە کە وای لێدەکات لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بگاتە هاوەدەنگی و هاوڕاییەکی ئاگایانە لەمەڕ «بێدەربەستی مێهرەبانانەی جیهان»ەوە.

(Stranger, ۱۲۲).

دوا پەڕەگرافی بێگانە یەکێک لە هەستبزوێنەرترین بڕگەکانە لە تەواوی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمدا. بەڵام شێعری سادەی ئەم پەڕەگرافە ئاڵۆزییەکەی پەردەپۆش دەکات. ئێزن بدەن با نیگایەکی وردتر و موو قەڵیشانەتر بەو پەگەزە جۆراوجۆرانە کە ئەم پەڕەگرافەیان پێکهێناوە، بکەین. هەستم کرد وادیارە ئێستا تێدەگەم بۆچی ئەو (دایە) لە کۆتایی ژیانیدا دەزگیرانی پەیدا کردبوو و بۆچی لە نوێوە کایەکەی دەست پێکردبوو... دایە، کە ئەم هەموو لە مەرگەوە نزیک بوو، حەتمەن هەستی کردبوو کە ئێستاکە ئازادە و تەیاری ژیاندنەوەی (تێهەڵچوونەوە) هەموو شتێکە. هیچ کەس، هیچ کەس نەدەبوو بە سەریەوە بگریایە. ئینیش وام هەست کرد کە تەیاری بووژاندنەوە و ژیاندنەوەی هەموو شتێکم.

(TRN, ۱۲۰۹).

ئەوەی وا ئەم دێرانە پێمان‌دەگەیەنێت بە تەنها ڕێزدانان بۆ ژیان لە هەمبەر مەرگدا نییە، بەڵکوو ئەم بۆچوونەشە کە مەرگ دەتوانێت ئێمە تەیار و ئامادەی «تێهەڵچوونەوە (ژیاندنەوە)ی هەموو شتێک» بکات. وا دێتە پێش چاو کە دەشێت کامۆ لە کاتی هەڵبژاردنی ئەم دەستەواژەیەی «تێهەڵچوونەوە (ژیاندنەوە)ی هەموو شتێک» تێئۆری گەڕانەوەی ئەبەدی نیچەی لە زەینداً بووبێت. کامۆ، ئەو سەردەمەی کە لە خوێندنگەی ناوەندیدا بوو، خوێندنەوەی بەرهەمە پڕخرۆش و ناپێکهاتەمەند (غیر سیستماتیک)ەکانی نیچە، ئەم فەیلەسووفە ئاڵمانییە کە ڕەسەنییەتێکی سەرسووڕهێنەری هەیە، دەست پێکردبوو. نیچە لە هەندێک لە نووسراوەکانیدا ئەم بیرۆکەیە دەخاتە بەر سرنجەوە کە جیهان کۆمەڵێکی کەم و تەنگەبەر لە وزەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر، بەڵام کورت لە حاڵەتانێکی مومکین و شیاو (یان لێکدراو) دان. نیچە دەڵێت: سەرئەنجام هەموو ئەم زنجیرەحاڵەتانەی شیاو و مومکین دەگاتە کۆتایی و جیهان خۆی دووپات دەکاتەوە و دیسان تێهەڵدەچێتەوە (دەژێتەوە). ئەم ڕووداوە جارێک نا بەڵکوو بە جارەها دێتە گۆڕێ. ئەمەی کە نیچە ئاوەها بیرۆکەیەک لە پێگەی تێئۆرییەکی کەیهان‌ناسانە بە جیددی گەڵاڵە کردبێت یان نا، جێگەی هەڵوێستە و گومانە، بەڵام لە ئاکامدا وەکوو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک بۆ داکۆکی و داسەپاندنی ژیانی خۆی سوودمەند بینییەوە. بۆ نموونە لە زانستی شادا۱۱دا داوا لە خوێنەر دەکات کە وێنای ئەوە بکات کە ئەگەر لە ساتی تەنهایی ڕەهامان‌دا شەیتانێک دەرکەوتبوایە و پێشانی بدایە کە بچووکترین وردەکارییەکانی ژیانمان دەقاودەق بە هەمان شێواز و تەکوزییەک



که هەبووە، زۆرتر لە جارێک دووپات دەبێتەوە. ئایا ئاوەها شتێک دەمانڕووخێنێت؟ یان لێوانلێومان دەکات لە شادی؟ نیچە دەڵێت، زۆربەی تاکەکان لە دەرئەنجامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا تێکدەشکێن و دەڕووخێن. تەنها ئەو تاقانە ئینسانانە نەبێت کە نە نیگایان بۆ خودی ژیان خەماوییە و نە نیگایشیان بۆ ژیانی خۆیان، لەم ڕووبەڕووبوونەوە و کەشفەدا نوقم و شەڵاڵی شادی دەبن.

بەهەر حاڵ، سەرکەوتن و سەروەری مۆرسۆ بۆ ئەوەی کە بە بێداخ و دوو ژیان بکات، بنەمایەکی بەتەواوەتی جیاوازی لەو بنەمایە هەیە کە نیچە وێنای کردووە (ئەلەکساندێر نیاماس١٣ لە کتێبی نیچە: ژیان وەکوو ئەدەبیات١٤ خوێندنەوە و شرۆڤەیەکی سرنچڕاکێشی بۆ ئەم بابەتە هەیە). لە ڕوانینی نیچەدا، بنەمای دروستی دەسەڵات، ئیرادەیەکە کە ئینسان لە ڕێگەی هاوئاهەنگبوون لەگەڵ بزوێنەر و هاندەرەکانیدا بەدەستی دەهێنێت. ئەمە بە مانای زاڵبوون بەسەر خۆ و بەسەر خۆدا شکانێکە و خەڵق و داهاتنی خودێکی یەکتا و تاقانەیە. بەڵام لەمەڕ مۆرسووە بەڕاستی ناکرێت بگوترێت کە بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە و زاڵ بووە یان خۆی داهێناوەتەوە. مۆرسۆ تەنها دەگاتە هەواری ناسینی خۆی. ڕووبەڕووبوونەوە/ پێلێنانی ئەو لەگەڵ قەشەدا بوار و دەرفەتی ئەوە دەدات کە بە ڕووناکی ببینێت کە چ شتێک لەم ژیانە خاکی و زەمینییە لە پێگەی تێگەی هەستەوەرانە (درک حسی)دا بایەخی بۆی هەیە. بەپێچەوانەی زۆربەی ئینسانەکانەوە، بێدەربەستی جیهان بەنیسبەت هەوڵ و تێکۆشانی مرۆیی بۆ دۆزینەوەی مانا و هومێد، بۆ ئەو هیچ بایەخێکی نییە. ئەو، بە هیچ شێوەیەک خوازیاری یەکتایی و یەکگرتوویی و فامکراوەیی ژیان نییە، پێویستییەکی نییە ئەمرۆی بە ڕابردوو و داهاتوویەوە گرێ بدات. ئەو، جیهان زۆر لە شێوەی خۆی دەزانێت و هەر ئەمەش شادی دەکات؛« دڵم بەڕووی بێدەربەستی مێهرەبانانەی جیهاندا کردەوە. بینیم کە جیهان بەشێوە چەندە لە خۆم دەچێت - وەکوو برام وایە - وە هەستم کرد بەختەوەر بووم و جارێکی دیش هەر بەختەوەر دەبم» .(TRN, ١٢٠٩)

بەڵام ڕستەی کۆتایی ڕۆمان نەوایەکی نوێ و دژبەرانە دەخوڵقێنێت :

بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەبار و تەبا بێت و من کەمتر هەست بە تەنهایی بکەم، تەنها ئەمە مابوو کە هیوا بخوازم کە لە ڕۆژی لە سێدارەدانمدا بینەرگەلێکی زۆر هەبوون و بە زایەڵەی نەفرەتەوە پێشوازیم لێبکەن.. (TRN, ١٢١٠)

لەمەدا چی دێتە دەستمانەوە؟ لە ئووستوورەی سیسوفوسدا، کامۆ پێداگری لەوە دەکات کە خوارکردن چەندە بۆ ئینسانی پووچ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا بایەخی هەیە و چەندە هێز و وزەی دەداتێ. دەڵێت بە دەسەڵاتی خوارکردن تەنانەت دەتوانین بەسەر باری پڕووکێنەری بەردی سیسوفوسدا زاڵ بین. «شتێک نییە کە نەتوانرێت بە خوارکردن بە سەریدا زاڵ ببیت». (Myth, ٩٠)

بەڵام لە بێگانەدا ئەم ئەندێشەیە تا کۆتایی ڕۆمانەکە نایەتە کایەوە و دواتریش نابینین کە لە کردار و پراکتیکدا چی دەکات. مۆرسۆش پووچی دەژێت، بەڵام سەرکەوتنی لە ژیانی بێهیوای فشۆک و وەهم و وریانەدا سەرچاوەی لە بێدەربەستییەوە هەڵدەقوڵێت، نەک زاڵبوون. ئەو زۆرتر وێکچووی کەسایەتی چیرۆکی«هونەرمەندی برسی»١٥ کافکایە، کە دەتوانێت هەر چەندە کە بیهەوێت بە ڕۆژوو بێت - تەنانەت تا سنووری مەرگچوون هەرگیز چێشت و پێخۆرێک نابینێتەوە کە بە دڵی بێت. هونەرمەندی برسی هەڵکەوتوویی و شێوەیەکی تایبەتی ژیاندن دادەهێنێت، کە لەسەر بنەمای بێحەزی ئەوە بۆ پێخۆر، بەڵام ئەم بێحەزیە لە زۆربەی ئینسانەکان‌دا نییە. مۆرسۆ ئینسانێکی پووچە و بەهۆی ڕاستی ڕەهایەوە قارەمانێکی پووچە، بەڵام عەنتیکەتر و نەگونجاوترە لەوەی ببێت بە ئایدیاڵ و سەرچەشنی ئەوانی تر. بەهەر حاڵ، ئەم فەرمانبەرە ڕۆژپاتییە یەکێکە لە بەرچاوترین ئەزموونەکانی کامۆ بۆ نواندنەوەی جیهانبینی پووچ لە ڕۆچنە و دووتوێی ژیانی تاکێکەوە. کامۆ لەو دوو بەرهەمەی پەیوەست بەم تریلۆژی (سێیانە) پووچییەیدا پەڕژاوەتە سەر ڕوخسار و پێرسۆناژ گەلێک، کە بلیمەتی و سرنج فرێنی زۆرتریان هەیە - ئیمپراتۆرێکی ڕۆمی و پاشایەکی ئووستوورەیی فێڵباز .



مەرگ لە سەد ساڵ تەنیایی‌دا



مێهرداد ڕامێدی‌نیا


هەوالنامەی کتێب

مەرگ هنۆهنۆ و بە شێنەیی دێتە سۆراخ گوندی "ماکۆندۆMacondo " «سەد ساڵ تەنیایی»"گابرییەل گارسیا مارکێز، Gabriel Garcia Marquez" بەڵام کاتێ دێتە ئەم شوێنە ئیتر هیچ شتێ بەرگری لێ ناکات. لە سەرەتادا مەرگ زۆر بە ئەسپایی و هێوری بەرەو کۆمەڵەکە دەئاژۆ و ئەوسا بە تێپەڕبوونی سەد ساڵ درێژە بە گوڕم و تەنیایی خۆی دەدا. ئەم گوندەی کە "خۆزێ ئارکادیۆ بۆئێندیا، Jose Arcadio Buendia" و "ئۆرسۆلا، Ursula" دەیئافرێنن، شێوە لە ئارمانشارێک دەکا. ژیان لەم شوێنەدا بەرواڵەت هەرمانە. چەند ساڵێکە گوندی ماکۆندۆ بێگۆڕستان، ئەوان بۆیە هاتوونە ئەم گوندە تا لە مەرگ و ئاکامی زەماوەندەکان ڕابکەن، بەڵام بێخەبەرن لەوەی کە خۆیان تۆوی هەرتکیان پێیە. مەرگ لە ڕێژەیەکی تەنیایی‌دا لە پەیجۆری هەموویان دایە. ئەم تەنیاییە شێوە لە مەرگ ئەکا، سەرجەم ئەم مەردمەی لە بارەی جەستەیی، ڕەوان، گیان و هەست و سۆز لە یەکتر جیا ئەکاتەوە.

"ئائۆرلیانۆ بۆئێندیا، Aureliano Buendia" یەکەم زادەی گوندی " ماکۆندۆ" نوێنگە و ڕەمزی ژیان و فرزەندی "ئورسۆلا"یە. ئائۆرلیانۆ بۆئێندیاله سەردەمی گەورە پیاوی و بەساڵاچوویی‌دا دەبێتە هێمای مەرگ و تەنیایی. هەر ئەم هۆیەیە کە هەر لە سەرەتای ئافراندنی ئەم ئاڕمانشارەدا، ژیان و لە دایکبوون ڕووە و مەرگ دەگۆڕێن. چون مەرگ ناتوانێ بەدیهێنەری ژیان بێ. تەنانەت کوڕگەلێکی زۆریش کە ئائۆرلیانۆ لە سەردەمی ژیانی‌دا باوکیانە، هەر لە تافی لاوی‌دا گیانیان لە دەست ئەدەن. بەڵام ئەو سەرەڕای هەبوونی هاوناوێک لە نێو خزم و کەسانی‌دا، چ بەشبڕ و میراتگرێکی نییە.

خۆزێ ئارکادیۆ بۆئێندیا و هاوژینەکەی بۆ ڕزگاری لە چەنگ ڕوحی"پرۆدێنسیو ئاگیلار، Prudencio Aguilar" واز لە گوندی باب و باپیرانی دێنن و جێی دەهێڵن. ئەوان گەلێک هێڤیدارن بتوانن بەرگری لە بەرە و تۆرەمەی داهاتوو بکەن کە بەهۆی زەماوەندی مرۆیەکان پێک دێن، ئەم زەماوەندەی دەبێتە هۆی لە دایکبوونی منالّەیلێک کە کلکی بەرازیان بە جەستەوە نووساگە.

ئەوان نەیانزانیوە کە گوندی تازەئافراوی ماکۆندۆ ئەوەندە بچووکە کە بە دەربازبوون و ڕاکردنیان لەوێ، ڕەنگە تەنێ ڕێ بۆ زێدەبوونی تۆرەمەی داهاتوو وەش دەکەن. هەر بەم پێیە ئەوان لە بەرامبەر ئەم سام و ترسەی کە خۆیان هێناویانەتە دی خەریکە گەلێک کردەوەن، کردەوەیلێک کە فرە شێوە لەوان شتەی دەکەن کە لە تراژیدیای " یونانی" "ئۆدیپی شالیار، Oedipus The King" دا دەبینرێ. دەکرێ بۆ ماوەیەکی دوور خۆ لە مەرگ دوور بخەیتەوە. بەڵام ناتوانی تا زەمانێکی نادیار وە دوایەی بخەی. کاتێک مەرگ دێتە ماڵە نوێیەکانیان، هەمیسان دەبێتە ڕێشاندەری پرۆدێنسیۆ بۆچوونە لای ئەوان. "خۆزێ ئارکادیۆ بۆئێندیا" تا سپێدە لە گەڵ " ئاگیلار "دەپەیقێ و تا دەمەوبەیان کە شێتی بەسەری‌دا زاڵ دەبێ، سەفەرەکەی بۆ مزگەی تەنیایی کۆتایی پێدێت .«بۆ بە چۆکدادانی ئەو دەکەس پێویست بوو، چارەد کەس بۆ بەستنەوەی دەست و پێی بەگشتی و بیست کەسیش بۆ ڕاکێشکردنی بەرەو داربەڕۆکەی نێو حەسارێ، تا ئەمجار لەوێدا ـ وێڕای ئەوەی کە بەهەراوهوریاوە واژەیلێکی بێواتا و پەرجۆ و نائاسایی بە زاری‌دا دەهات و تفێکی کەسکی لە دەم دەهاتە دەر ـ وێڵ و ڕەهای بکەن.» دوورخستنەوەی ئەو لە بەشەر لە کاتی مەرگی‌دا بە پێوەدانگی ئەو لە ساتەوەختی شێتێتێکەی‌دا نییە، ئەو لە درێژەی ئەوان سەردەمی ژیانی‌دا کە جار جارە لە سڵامەتی ئاوەزی و ژیری‌دا ڕایەبووردە، دەیتوانی تەک ئۆرسۆلا قسە بکا و ئەو سایش کە لە گەردوون دەرچوو جار بە جار ڕوحەکەی لەگەڵ ئۆرسۆلا دەهاتە ئاخافتن. لە ڕاستی‌دا دوای مەرگیشی هیچ شتێک بۆ ئەو گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە. مەرگ لە سەرانسەر لە بەری ئەم ڕۆمانەدا پەیوەندییەکی هەرە نزیک و نەپچڕاوەی لەگەڵ تەنهایی‌دا هەیە. ئەندامانی ماڵباتی بۆئێندیا لە ڕێی شێتێتێکی نهێنی و شاراوە بەرەو ژیانێکی ئاوێتەی تەنیایی دەئاژوترێن. کەچی ئائۆرلیانۆ ئەوە خۆیەتی کە سەرچاوەی تەنیاییە تەنانەت لەو پەڕی خۆشەویستی و ئەو کاتەی کە کەس و کاری لە جەنگدا لێی کۆبوونەتەوە، ئەو لەوان دوور کەوتۆتەوە. کە شەوێک دێتەوە ماڵێ چۆست و خێرا دەستوور دەدا: «دەبێ هەموتان لە دۆرینگی سێ میتری منـدا بوێستن ، تەنانەت ئۆرسۆلاش ناتوانێ لێم نزیک بێتەوە.»



که له هۆدەیەکدا دادەنیشێ بەرگری لە کەسانی تر دەکا بۆ ئەوەی نەیەتە نێو ئەم خێزک و هێڵەی کە بە دەوری خۆیدا کێشاوییەتی. ئەە تەنیا جەغزەکە نییە کە ئائۆرلیانۆ لە کەسانی تر جوێ دەکاتەوە، بەڵکوو داماوی ئەو لە عەشقیشدا بەشداری ئەم جودابیەیە. لە درێژەی چیرۆکەکەدا بەرە بەرە دوورخستنەوەی ئەو بەرەو تەنیایی کە بۆ ئەو وەکوو مەرگ وایە، زۆر و زەبەند دەبێ. ئەو لە تەنیاییەکەیدا ئاوا هەست بە غەمۆپەژارە دەکا و توانییەتی بەهەر شێوەیەک کە بۆی بلوێ بنەبڕی بکا. بەڵام چارەنووسی ئەو دوورەپەرێزی و جودایی‌یە، نەک ئەو مەرگەی کە زوو بالآ ئەکات. هەرچەند ساردی تەنیاییەکەی زۆر لە ساردی نێو گۆڕ دەچێ.

لە چاوی کەسانی تردەوە، ئەوسا کە تەنیایی چاوەدێری هەموو شتێکی وەئەستۆی خۆی گرتووە، وردە وردە رۆحی ئەویش هەرەس دێنێ و تونا دەبێ. «ئائۆرلیانۆ وردە و بەدڵت، تۆ خەریکە بە زیندێ سەری هەرەس دێنی و لە ناو دەچی.» کتێبەکە بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ داهاتوو دەست پێدەکات؛ سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ هاتۆتە ژوانی سێدارە. بەڵام لەوێندەر نامرێت. دروووست لە کارەساتێکی سەربەخۆی رۆمانەکە دایە کە ئەو تووشی مەرگ دەبێت.

مەرگیش لە سەرەتادا چاوی لەسەر هەڵناگرێ. ئەو لە درێژەی ژیانیدا رۆژگارێکی گەلێک تووش و ناخۆشی رابواردووە. لە لایەکی ترەوەش مەرگ بێ بەزەییانە و بە رۆخساری دزێو شەڕ ئاژووی، هۆمەن دەکاتە سەر کەسانی تری بنەماڵەکەی. ئەو لە سیودوو جەنگدا گیانگ بە ساغی قوتار کردووە، حەفتاووسێ جار بە ناکاو هێرشیان کردۆتە سەر و لە ئاکامدا ژوانی تەناف و دار. وە لە کاتی سەرەمەرگ و ئاویلکەبوون‌دا بەهۆی پیری و پەککەوتوویی گمێز دەکا. ئەمە خودی ئائۆرلیانۆ بوو کە کوتی : «هەر کەسێک ئەو کاتە گیانی خۆی لە دەست دەدا کە بتوانێ نەک ئەو ساتەی کە دەبێ بمرێ. » مەرگ لە هەر چین و تۆرەمەیەکدا، دێبەزەییانە بەر بێتە گیانی ماڵباتی ئارکادیۆ و خانەخوێی خۆی هەڵدەبژێرێ و لە کەسانی بەدفەڕ و و شەڕ ئاشۆی خانەدانی ئائۆرلیانۆ چاوپۆشی دەکات. لە سەرەتای چیرۆکەکەدا، ئائۆرلیانۆ لە بەرمبەر سێدارەکە وێسیاگە. بەڵام لە پاستیدا ئەوە ئارکادیۆیە کە لە بەشێکی دیکەی چیرۆکەکەدا خراوەتە سەر سێدارە. هەر نەوش و بەرەبابێک "ئائۆرلیانۆ" یەکی دی (کە بە نێوی سەدەر هەنگ کراوە) دەخولقێنن و سەر لە بەریان لە چارەنووسی تەنیایی‌دا بەشدارن. سەرەڕای لە دایکبوونیان لە بنەماڵەیەکی مەزن و بوونی ئەو دۆستەیلەی بە دەوریانەوەن، هاندان و هەژاندنی شێتێتییەکی نهێنی وایان لێ دەکات پەی تەنیایی کەون و لە ئاکامدا تووشی مەرگ ونەمان دەبنەوە. هەموو کەسانی خاندانی "بۆئێندیا" بە بوونی کلکە بەرازێکی لکاو بە جەستەیان لە دایکبوون. بەڵام کلکی دواین ئائۆرلیانۆی ئەم خانەدانە زۆر جیاوازتر لە وانی ترە. ئەوەیان لە دایک و بابێکە کە بەڕاستی هۆگر و شەیدای یەکن و دەخوازن ئەم " بۆئێندیا "یەی لە ئەوان کەسانی تری وەچەکانیان جیاوازتر پەروەردە بکەن، بەڵام چارەنووس ئەم ئیزنەی ناداتێ تا لە ڕچە و ێوازی بنەماڵەکەی لا بدا.

دایکی لە یەکەم ساتەوەختەکانی لە دایکبوونی‌دا دەمرێ و باوکیشی وەها نوقمی پەژارە و ناهۆمێدییە کە زارۆکەکەی تەک و تەنیا وێڵ و بەڕەڵا دەکا . «ئەو ناچارە تەنهایی ئەژادی وەربگرێ.»

Death In One
Hundred
Years Of Solitud

مرگ در صد سال تنهایی

گلستانه، ماهنامه ادبی، هنری، سال دوم، شماره ۲۱ ،تهران، مهرماه ۱۳۷۹

ئەلیسا ستالینگز



عەلی حسەینی

خاتوو ئەلیسا ستالینگز ساڵی ١٩٦٨ لە شاری دیکاتێر لە ئامریکا لە دایک بوو. لە زانکۆی جۆرجیا، زانکۆی ئاکسفۆرد، و هەروەها لە زانکۆی ئاتینای پێتەختی یۆنان ئەدەبیاتی ڕۆم و یۆنانی کەونارای خوێندووە. لە ١٩٩٩ بەم لاوە لە ئاتینای یۆنان ژیاوە و تەنیا ٤٢ ساڵ تەمەنیەتی و چەندین خەڵاتی ئەدەبیی بردووەتەوە کە ئیۆنیس و پوشکارت و خەڵاتی ڕیچارد ویلبێر سێیان لە وانەن. دوو کتێبی شێعری بڵاو کردووەتەوە کە بریتین لە بزەی کەونینە (١٩٩٩) و هەپەکس (ناوێکی یۆنانییە وێدەچێ بە مانای تاقانە بێت). هەپەکس ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو بووەتەوە. دیوانی شێعری لۆکرێسش (شاعیری ڕۆمی کەونارا)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی، جان سارۆپۆلۆس، لە ئاتینای پێتەختی یۆنان دەژی. لێرەدا چوار کورتە شێعری ئەو خاتوونە دەبینن.

چوار فشە

١.

ئەرێ حەوا ئیماندار بوو

یان لەگەڵ

سێوەکە کێشەی بوو؟

ئادەم گوێی هەڵخستبوو کاتێ

بە پیاوە ڕۆنمار فرۆشەکەی دەگوت" دوێنێ لە دایک نەبووم".

٢.

کەنی

ئەمە خۆشبەختی نیە.

هزریش تەنگژە و قڕانگە نیە

بەس بێگوناهیەکی دەروونییە.

لێی بیست کە بە چرپە دەیگوت:" میوەی وەریوی جیهان ماچ کە".

٣.

من

نە،

من نە!

هەر سێ هاواریان دەکرد.

"تۆ ئەبێ بە گاگۆڵکێ زەوی تێپەڕ کەیت.

هەوڵ بدەی بزێیت.

ئەوەش بڵێین تا ئەتوانی ڕەنج کێشە و ئارەق بڕێژە ".

٤.

دڵت

لە خاچ دە و

بە هیوای مردن بە،

سووزنێکیش بە چاوتدا بکە.

ئەوە جنێوی ناحەزی منداڵییە،

سەرچاوەی ڕاستەقینەت دەوێ،

دەسپێکی درۆیە.

هەوالنامەی کتێب

Four Fibs
by A.E. Stallings

.١
Did
Eve
believe
or grapple
?over the apple
Eavesdropping Adam heard her say
.To the snake-oil salesman she was not born yesterday

.٢
,Miss
This
is not
Bliss. Wisdom
,is not the abyss
but visceral innocence. Kiss
.the windfall of the world, she heard him whisper, or hiss

.٣
Not
,me
!Not me
.Cried all three
.You shall creep the earth"
.And you shall labor giving birth
".And as for you, you shall toil and sweat for all you're worth

.٤
Cross
your
heart and
,hope to die
stick a needle in
your eye. That is the awful oath
of childhood, chapter and verse, genesis of the lie

وتووێژ

دیمانەیەک دەگەڵ بەڕێزان ڕەئوف مەحموودپوور، چنوور سەعیدی و محەممەد سەدیق کەریمپوور







ئامادەکردنی: هەوار خزرزادە "شەڤگەش"

١.لە ڕوانگەی ئێوەوە، تایبەتمەندی چیرۆکێکی سەرکەوتوو و بەرز لە پێگەیەکی جیهانیدا چییە؟ و چیرۆکنووسانی کورد تا چەن گەیشتوونەتە ئاستی داهێنانی وەها چیرۆکێک؟


<u>مەحموودپوور</u>: دیارە بنەما مرۆڤانیەکان هاوبەشن. لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆک ژانرێکە بە تایبەتمەندی خۆیەوە. کەواتە ئەوە چیرۆکنووسی لێهاتووە کە چۆن لەو دوو بنەمایە بۆ داڕشتن و پەروەردەکردنی دەقەکەی کەڵک وەربگرێت. ئەگەر وەک ژیانەوە لە ژیاندا سرنجی چیرۆک بدەین. بنەماکانی ژیان و توخم و دەرفەتەکانی ژیاندنەوەش لە هەر کۆی مرۆڤێک هەبێت خاوەن دوونن. بەڵام وەدۆزی (کەشف) و پەروەردەکردنیان زەین و ئیستعدادی تایبەت و پڕبەهرەی ئەوێت. هەر بۆیە ئەتوانم لەسەر ئەو بۆچوونە جەخت بکەمەوە کە بنەما و توخمەکانی چیرۆک هەرچی ئێرەیی¬تر بن، جیهانی¬تریشن. دەوروبەری ئێمەش پڕە لەو توخم و بنەماگەلە. ئەوە چیرۆکنووسە کە ئەبێ بیان‌دۆزێتەوە و بیان‌پەروەرێنێ و لێیان چیرۆکی سەرکەوتوو بخولقێنێ. چیرۆک مەخلوقی دەستی چیرۆکنووسە. هەر بۆیە ئەکرێ بێژم؛ ئەوە چیرۆکنووسە کە "حق خولقێنی ئەکات. سەیری "ماسیەپەشە بچکۆلەی سەمەد بێهرەنگی" بکەن. من لە ڕازە کولتووریەکانی دەڤەری هەورامان (کوردەواری)دا عەینی هەمان مەبەستم و ناوەڕۆکم دۆزیوەتەوە و بۆ چاپیش ئامادەم کردووە. لەوانەیە هەمان توخم لە کولتووری شوێنەکانی دیکەشدا هەبووبێت. بەڵام ئەوە سەمەد بێهرەنگیە کە شاکارێکی جیهانی لێ دەخولقێنێت. یان سرنجی ڕۆمانی "کوریی ڕۆژەساراماگۆ" بدەن. ئێمەش خۆشمان ئەوێت و لەزەتی لێ ئەبەین، چوونکوو وەک بەشێک لە گرفت و ئازاری خۆمان ئەیبینین. یان چیرۆکی: "ژنەکەم و لووتم". (همسرم و دماغم؛ لوئیچ پییر ئەندللۆ). یان "بێگانەی ئالبێرکامۆ"، کە خۆمان و دەوروبەرمان لە دەغدەغەکانیدا ئەدۆزینەوە. یان لە کورتەچیرۆکدا؛ "سینەڕێز (گەردەنبەند)" باسێکی گەرم ئەکات و لە پرێکدا دامانئەچڵەکێنێ. یان"درۆشکەچی کە بە ئەندووە" هیچ کراوەتە فارسی، چخۆف، ئەمان کاتە هاوخەم و لە هەمان کاتیشدا بەرحەز ئەبین. دیارە ئەو هۆکارانەش بۆ داڕشتن و پەروەدەکردنی بەرهەمەکان ئەگەڕێتەوە. ئەگینا لەوانەیە ڕۆژانە، لێرەولەوێ، چەند بەسەرهاتی لەو چەشنە ڕوو بدەن.

هەر چەند هەوڵی چیرۆکنووسانی کورد بەرز ئەنرخێنم، بۆ نموونە؛ (حەسار و سەگەکانی باوکم، یان بالندەکانی دەم با) لە ژانری ڕۆمان‌دا، بەڵام پێموایە بەگشتی ڕەوتی چیرۆکنووسی ئێمە (بە ڕۆمانیشەوە) هێشتا گوزارەی لە خۆی نەکردووە و نەیتوانیوە بگاتە وەها ئاستێک. ئەمەش هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە و ئەبێ لە خوێندنەوەیەوەکی خەسارناسی‌دا شرۆڤە بکرێت.

<u>سەعیدی</u>: چیرۆک پێکهاتەیەکە لە سەر دوو تەوەری زمان و گێڕانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ ئەوە بزانین کە چیرۆک نە تەنها کردەوە و دەرئەنجامێکی چاخی مۆدێرنە، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا خۆی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی جیهانی مۆدێرنە. لە سەر ئەم ئەساسە پێموایە چیرۆکێک سەرکەوتووە کە نە تەنیا خاوەن داڵغەیەکی مۆدێرن بێت بەڵکوو لە ئاستی زمان و گێڕانەوەشدا داهێنەرانە بێت. داڵغەیەکی مۆدێرن لای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێم و واتایانە کە چیرۆک ئەیگوێزێتەوە بۆ جیهانی خوێنەر. ئەگەر بڕیار بێت کتێبە ئاسمانییەکان گێڕانەوەی جیهانی زەینی پێش مۆدێرن بن ئەوا چیرۆک گێڕانەوەی مرۆڤی مۆدێرنە. هەموو ئەمانەش لە زمانێکی مرۆڤ‌تەوەردا ئەخولقێت. نە زمانێک کە لە سەرەوە بۆ مرۆڤ بڕوانێت. لە هەمان کاتیشدا چیرۆکی مۆدێرن، چیرۆکی داهێنەرانە و سەرکەوتوو، چیرۆکێکە کە خۆی لە بازنە و چوارچێوەی حیکایەتی باوی کۆن دەرباز ئەکات. لام وایە ئەگەر چیرۆکێک بتوانێت ئەو خاڵانەی سەرەوە دابین کات ئەوا سەرکەوتووە؛ ئەگەرچی لە هەمان کاتیشدا لامووایە لەگەڵ هەر چیرۆکێکی سەرکەوتوو پێوەرەکانی سەرکەوتوویی و بنەما و پێکهاتەی جیاوازی خۆی پێک ئەهێنێت. بۆ وێنە ئەو سەردەمە کە جاڕی ڕۆمان لێئەدرا جۆرێکی دی لە گێڕانەوە بە پێکهاتە و پێوەری جیاواز و تایبەتی خۆیەوە سەری هەڵدا کە تا ئەمڕۆش نموونەکانی وەک چیرۆکی سەرکەوتوو ئەناسرێن. کەسانی وەک یوسا، خوان ڕۆلفۆ، کورتاسار و ...

<u>کەریمپوور</u>: ئەو چیرۆکانەی کە لە ئاستێکی جیهان‌دا جێگەو پێگەیەکیان هەیە، هەر کامە و سەر بە ناوچەیەک یان ڕەوتێکی فکرین و لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی دیکە جیاوازیان تیا دەبینرێ. زۆر جارانیش تایبەتمەندییەکانیا دژوازی یەکترن هەر ئەم جیاوازی و دژوازیانەن کە چینگەلێکی بەرچاوی - بە تایبەتمەندی جیاواز - لە دەوری چیرۆک خڕ کردووەتەوە. بەرهەمی سەرکەوتوو و لووتکەنشین لە دەرەوە و لە ناوەوەی دەق هەنێ هۆکار کاریگەرییەتیان لە سەری هەیە تا وەک دەقێکی گشتگیر چاوی لێبکرێ. لە دەرەوە دەق ئەو بەرهەمانە کە خەڵاتە بە ناوبانگەکانیان پێدەبەخشرێ یان زۆرترین خوێنەر

هەواڵنامەی کێشک



لە خۆیان کۆ دەکەنەوە یان ئەو دەورەی کە لە سەر تاک یان کۆمەڵگا هەیەتی و... لە ناوەوەی دەقیش چۆنیەتی گێڕانەوە. زۆڕ و بەرجەستەکردنی تۆخمەکان بەپێی پێویست و دەوریان و... دواتریش بە کۆرتی بەرهەمێک کە هەر تاکێک یا کۆیەک خۆی تیا وەبینێ یان هەست بە هاوبەشبوونی لەو بەرهەمیا بکا دەتوانێ بەرهەمێکی سەرکەوتوو بێت چیرۆکنووسی کورد خەریکی هەنێ تاقیکارییە؛ هەرچەند، هەنێ هۆکار بەربەستییەتی تا نەتوانێ بچێتە خانەیەکی بەرفراون، لەوانە نەبوونی دەسەڵات، وەرنەگێڕانی داهێنانەکانی بە زوانانی دیکە و... کە ناهێڵن لە پانتایەکی بەربڵاودا خۆ دەربخا بەو حاڵەشەوە چیرۆکنووسی کورد خەریکی هەوڵدانە و هەنگاوگەلێکی باشیشی لە بەستێنی داهێنانا هەڵگرتووە، دەشتواندرێ چاوەڕوانی خوڵقاندنی بەرهەمی گشتگری لێبکرێ.

٢.لەو سێ دەیەی دوایی‌دا وێڕای هەبوونی بەرهەمگەلی داستانی بەرچاو و هەروەها گەلێک نووسەر و چیرۆکنووسی کورد کە لەم بارەیەوە چالاکن، ئایا داستان لە ناو کۆمەڵگای کوردی و ئەدەبیاتی ئەم نەتەوەیە توانیوییەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە وا شایانێتی؟


<u>مەحموودپوور</u>: هەر لە پێکەنینی گەداوە ئەو ڕەوتە دەستی پێکردوە. زۆر جار هەوڵەکان چڕ هاتوونەتە کردار. بەرهەم و دەقی باشیش خوڵقاون. ڕەوتەکەش بەردەوامە. من نازانم چۆنچۆنی و بە مەزندەی کام فاکتگەل "ئاستی شیاو" دەسنیشان بکەم! بەڵام وەک خوێنەرێکی چیرۆک گەشبینم و هەوڵی چیرۆکنووسە جیددیەکان بەرز ئەنرخێنم. هەوڵی باش دراوە. سەر لە زۆر ئەزموون دراوە و ڕەوتەکەش بەردەوامە. ئەگەر بەپێی مەزندەی خودی ڕەوتەکە هەڵیسەنگێنین، ئەوا زۆر قۆناغمان بڕیوە. بەڵام ئەگەر بەپێی ئاستی جیهانی بینرخێنین، باشە ئێمە لە کام ئاستدا پێشکەوتنمان هەیە تا لە کۆرتەچیرۆکدا هەمانبێت! کۆمەڵگای ئێمە ناسەقامگیر و بەهرە مرێنە. دیارە کورتەچیرۆکیش وەک ژانرێکی ئەدەبی لەو بازنەیە بەدەر نیە.

<u>سەعیدی</u>: پێشتریش وتم چیرۆک لە بارودۆخێکی مۆدێرن‌دا سەر هەڵئەدات هەر بۆیە میلان کۆندرا ئەڵێ لە هەر کوێ چیرۆکێک بنووسرێ بەشێکە لە میراتی ڕۆژئاوا. بەڵام لە کوردستان کە تەنیا لە باری بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا ئەویش نە لە ئاستێکی بەرزدا، مۆدێرن بۆتەوە و هێشتا زەین و عەقڵێکی پێش مۆدێرن بە سەر جەماوەردا زاڵە. نووسینی چیرۆک هەوڵوتەقەلایەکی تاکە کەسییە. ئەنجامی کردەیەکی تاکە کەسییە بۆ دۆزینەوە، گۆشەنیگایەکی نوێ بۆ ڕوانین بۆ دەرەوە. هەر بەم هۆیەش هێشتا زۆربەی زۆری بەرهەمە چیرۆکییەکانی کوردی مۆرکی جیهانی سوننەتی پێوەیە. تەنانەت هەندێک لە نووسەران هەر لە بازنەی حیکایەتدا ماونەتەوە. چیرۆک لای ئێمە یا گێڕانەوەی سەیالی زەینە یان بە شێوەی حیکایەت ئەگێڕدرێتەوە کە هۆکاری هەر دوو شێوازەکەش ئەبێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بۆی بگەڕێین. بەڵام هەندێک کاری وەک "باڵندەکانی دەم با"ی کاک عەتا نەهایی هەوڵی باشیان داوە کە خاوەن زمان و ساختاری گێڕانەوەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی بن. پێموایە کە ئەبێ زیاتر بنووسین.

<u>کەریمپوور</u>: لەم سێ دەیەش‌دا هەنێ گرفت لە دەوروبەری چیرۆک لە بەر دەمی هەم نووسەر و هەم خوێنەر لە بەشەکانی کوردستانا هەبووە و هەیە کە کەلێنێکە و ناشکرێ لە بەر چاو نەگیرێ، نەبوونی زمانێکی ستاندارد و ڕێنووسێکی یەکگرتوو - کە بوونی بەرهەم بە زاراوەکان و ڕێنووسە جیاوازەکان، تێگەیشتن لە داهێنانەکان دژوار دەکا - نەبوونی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی - کە وا دەکا خوینەری بەرهەمی کوردی کەم و لاواز بێت و تاقمێک نووسەر بەرهەم بۆ یەکدی بنووسن و بەرهەمی یەکدی وەخوێنن و لە سەر بەرهەمی یەکدیش بپەیڤن و خوێنەری چالاکیش بەدەگمەن هەڵکەوێ -. نووسەریش بە هۆی نەبوونی کیانێکی گشتگیر - بۆ پشتگیری و بوونی - سنووری دەستکرد - بۆ پچڕاندنی پێوەندیی - نەبوونی سیستمی چاپ و پەخشی گشتگیر - بۆ گەیاندنی بەرهەمەکەی بە وەرگر - نەبوونی خوێنەری بەرهەمەکان - کە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە چاپ و ئەو ژمارەش کە لە قەفەسەی کتێب فرۆشیەکان‌دا تۆزیان لێنیشتووە دەرخەری ئەم ڕاستیە تاڵەن کە نووسەری کورد دەستەویەخەیەتی - نەبوونی داخوازی بۆ ئافراندن هانەدانی نووسەر بۆ ئافراندن و پشتگیری نەکردنی نووسەر لەو ئاستەی کە شیاوییەتی ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش زۆر جاران نووسەریش لە بایخ و خواستە ناخییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆ دەبوێرێ وەها گەر لە خۆ بپرسین ژێنۆسایتی کوورد کۆڕەوەی کورد خۆسووتانی ژنی کورد ئەو گشت سەردەمەی کە کورد بەرگیری لە خۆی کردووە و... چەند لە بەرهەمی نووسەری ئەم نەتەوەیا دەوری بووە بێیەکودوو دەنگێک پێمان دەڵێ: زۆر کەم ئەرێ زۆر کەم ئەو دەنگە دەشڵێ: بەگشتی تا تاک و کۆی ئەم نەتەوەیە خۆی بە بوونی خۆی پێناسە نەکات و لە ڕوانگەی بەدەر لە خۆی، لە خۆی بڕوانێ و نووسەریشی ئەو گشت شتانە لە دەوریایەتی بەر چاوی نەکەوێ و فامیان نەکا و نەیان‌نووسێ ناتوانێ پێوەندی ڕاستەوخۆ لە تەک نەتەوەکەیا ساز بکات و بەرهەمێکی شیاویش بە نەتەوەی پێشکەش بکرێ ئەم وتانە بەو مانایە نییە کە هیچ بەرهەمێکی شیاومان لە ئاستی نەتەوەیا نییە بەپێچەوانە بەم حاڵەش بەرهەمی سەرکەوتوو نەک لە ئاستی نەتەوەیی بەڵکوو لە ئاستێکی بەرفراوان‌تردا دەبینرێ.

٣.پی‌یێر ماشری پێی‌وایە کە: دەق پتر لەوەی کە تریبوونی ئایدیا بێ، دەبێ حوکمی نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەو کەمایەسیانە بێ کە ئایدیا هەڵگریانە، لێرەدایە کە ئایدیا دەوری دژی خۆی دەگێڕێ. لە ئەدەبی ئێمەدا بەگشتی شوێن پێی ئایدیا بە چ شێوەیەک دەبینن یاخود ئایدیا تا چەن ژیان و ژیاری وێژەی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی بەتایبەتی داگیر کردووە و خەساری پێدەگەیەنێ ؟

<u>مەحموودپوور</u>: با من باسەکە بەرمە نێو ڕپوایەتەکان. زەینی تاکی کۆمەڵگای ئێمە هێشتا دووچاری زۆر پاوەن و بازنەیە. دەستی نووسەری لای ئێمە هێشتا بە ترسەوە پێنووس ئەگرێت. ترس لە دەسەڵاتی نەریت و خێڵ و هێز و ..... هێشتا لە نووسین و پامان بە زمانی دایکی خۆی دووچاری تەنگژەیە! هێشتا گیرۆدەی نان و چەواشەگەرییە. دۆخ بۆ ئەو، نەک هەر دەرفەتڕەخسێن نییە، بەڵکوو تاسێنەریشە. هەر بۆیە هێشتا دەرفەتی بۆ تێڕامان و ڕۆچوون و شرۆڤە نییە. بە ڕووکەشەکانەوە خەریک و سەرقاڵ کراوە. کەواتە ڕەوا نییە چاوەڕوانی ڕۆستەمی زاڵی لێبکەین و بیکەینە پاڵەوانی کۆمەڵایەتی. چیرۆکنووسی ئەبێ بە پیشەیی بکرێت و شیاوی ژیان و پێگەبەخشی بێت. بەڵام ئاخۆ لە کۆمەڵگای ئێمەش‌دا وەهایە؟! ڕەوتی چیرۆکنووسی ئێمە، زیاتر بەسەر گوزارەی نەریت و ڕەگەزیەوە (جینسی) وەستاوەتەوە. بۆ نموونە هەر لە زریکەی عەتا نەهاییەوە بگرە تا بۆشایی کیسەڵێکی بەختەوەری چنوور



سەعیدی. بەشێکی زۆر لە چیرۆکە هەڵبژێردراوەکانی فێستیوالّی پارەکەی بانەش هەر لەو سەرویەندەدا بوون. هەر چەند جاروبار چیرۆکەکان چەند لۆیین (چند لایەی). وەک بۆشایی کیسەڵێکی بەختەوەر، ئەمەش هۆکار و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە شیاوی ڕاوەستە و خوێندنەوەیە.

<u>سەعیدی</u>: خاوەن ئایدیابوون خۆی لە خۆیدا شتێکی نێگەتیف نیە. مرۆڤی خاوەن ئایدیا خاوەنی هەڵوێستیشە. هەموو نووسەرانی گەورەی جیهان هەڵوێستیان هەیە و تەنانەت زۆربەشیان لە بزوتنەوە سیاسییەکان‌دا دەوریان بینیوە. کەس ناتوانێ بڵێ ١٩٨٤ی جۆرج ئۆرویڵ ڕۆمانێکی سەرکەوتوو نیە. ئێستاش قسەی بۆ وتن پێیە. یان بارگاس یوسا کە لە کایە سیاسییەکانی وڵاتی خۆی‌دا زۆر چالاکە و ڕۆمانێکی سیاسی زۆریشی نووسیوە. چیرۆک ، هۆنەر ، ئەدەب یا هەر بواریکی داهێنەرانەی تر زۆر ئاسایی‌یە ئەگەر ئایدیایەک دەربڕێت، بەڵام نەک دایسەپێنێت. لە ئەدەبی کوردی‌دا ئایدیا بە دوو شێوە دزەی کردۆتە ناو دەقەوە، یان لە ڕێی "تێم"ەوە بووە یان لە باری "فۆرم"ی گێڕانەوە. بۆ وێنە کاتێک تۆ ڕاستەوخۆ ئایدیایەکی سیاسی لە زاری کاراکتێرەوە باس ئەکەیت. لە باری فۆرمیشەوە کاتێک فرەدەنگی لە دەقدا نەبێ، کاتێک دەق تاک ناوەندێک، بێت دیارە لە زەینێکی تاک ڕەهەندەوە سەرچاوە ئەگرێ. ئایدۆلۆژی لە ئەدەبی کوردی‌دا پێگەیەکی بەرچاوی هەبووە چ لە بارەی پۆزەتیڤەوە، چ نێگەتیف. دیارە ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەدەبیات تاکە ڕەهەندی دەربڕین بووە لای ئێمە.

<u>کەریم‌پوور</u>: لە زۆربەی ئەدەبی ناوچە و زمانەکانی جیهان‌دا شوێن پێی ئایدیاکەنی تایبەت بە خۆیان دەبینرێ چونکوو یەکێ لە توخمە سەرەکیەکانە لە وێژەدا و ناتوانرێ لە وێژە هەڵاوێردرێ، لە وێژەی کوردیش‌دا ئایدیاکان ڕەوتە ئەدەبیەکانیان سازاندووە تەنانەت لە زاڵبوونی بن زارێک بەسەر بن زارێکی دیکە بۆ داڕشتن دەوری بنەڕەتیان بووە چیرۆکی کوردیش لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا بووە ئەمە بەو مانایە نییە کە بەرهەم ببێتە بەر دەست و دار دەستی ئایدیا کە بە جێی بەرهەمێکی ئەدەبی وەک دروشمێک چاوی لێ بکرێ کە لە هەنێ لە بەرهەمەکانی کوردی‌دا بوونی هەیە - ئەویش بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە کورد تیایەتی، زۆریش نائاسایی نییە - بەڵام بەرهەمی سەرکەوتووش لە بەرجەستەبوونی ئایدیایا دەبینرێ بۆیە زۆر جاریش هۆی خەسار نییە. ئەدەبی کوردیش لەم ڕاستیە بە دوور نییە .

٤.ڕامان و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی کرداری مرۆڤی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌دا تا چەن بۆ چیرۆکنووس یارمەتی‌دەرن، کە کەسایەتێکی خاوەن پێگەی ناو کۆمەڵگایەکی ئەمرۆیی، بە ناوەڕۆکێکی پڕ لە ڕەخنە - هەر لە ئەم کۆمەڵگایە - کە لە ڕاستی‌دا دەخرێتە سەر شانی ڕۆشنبیر بەگشتی و نووسەر بەتایبەتی بە دەستەوە دەدات؟

<u>مەحموودپوور</u>: چیرۆکنووس لە ئاسمانەوە دانەباریوە. ئەو لە داوێنی کۆمەڵگادا گۆش و پەروەردە ئەکرێت. بەرهەمی کۆمەڵگایە بەڵام بە وزە و بەهرەی تایبەت و جیاوازەوە. هەر بۆیە ئەبێ لەو کۆمەڵگایەدا خەریکی ڕامان و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بێت. هەر لە مێژوو و کەلتوورەوە بگرە تا کرداری کۆمەڵایەتییەکان. لە شوێنێکدا "ئەحمەد شاملوو" ئەڵێت: من دووهەزار و پانسەد ساڵ تەمەنمە. واتە ئەو لە گەڵ ٢٥٠٠ ساڵ مێژووی گەلەکەی‌دا ژیاوە و بۆی ناسراوە و پێی ئاشنایە. چیرۆکنووس ئەبێ خاوەن باکگراوەندی زەینی بێت. لە کون و قۆژبنی کۆمەڵگاکەی تێڕامانی هەبێت و بتوانێت کەرەستە خاوەکانی خۆی بۆ داڕشتن و پەروەراندنی دەقی سەرکەوتوو بەدەست بێنێت. هەر بۆیە بە باوەڕی من نووسەری بێ کەلتوور و بێکۆمەڵگا بوونی نییە. کەلتوور و کۆمەڵگای کوردیش پڕە لە کەسایەتی و کەرەستە و بنەمای بیکر کە پێویستە نووسەری وریا بیانقۆزێتەوە و لە دەستیان نەدات.

<u>سەعیدی</u>: دیارە ئاستی ناسینی نووسەر لە کۆمەڵگا یارمەتی زۆری ئەدات بۆ داهێنانی باشتر. چونکوو زیاتر ئەتوانێ بە خۆی و پێگەی خۆی‌دا قوول بێتەوە. دیارە ئەگەر فەزای چیرۆک ڕاستەوخۆ بێتە فەزای ڕەخنە لە کۆمەڵگا، ئەو دیسان تووشی خەساری ئایدۆلۆژیکەکردنی بەرهەم ئەبین. پێگەی نووسەر لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی دوولایەنەیە. لە ئاستی داهێنانی هونەری‌دا تەنیا ئەبێ داهێنەر بێت. لایەنێکی دیکەی ئەو، ڕەخنەگر و ڕووناکبیربوونیەتی، کە نابێ هەڵوێستی خۆی ڕاستەوخۆ بگوزێتەوە ناو دەق. ئێمە ئەبێ قەناعەتەکان لە یەک جیا بکەینەوە. تێکەڵکردنی ئەرکەکان لای ئێمە خەساری زۆری پێگەیاندووین، بۆیە ساعیر و چیرۆکنووسەکانمان ڕێبەرایەتی سیاسی ئەکەن. ئێمە هەموو کارێک ئەکەین و هیچیان تەواو ناکەین. نووسەرێکی وەک کورت ڤونەگات لە "قەسابخانەی ژمارە ٥" یا هانیریش بل کاتێ لە شەڕ ئەنووسن، هەست ئەکەیت لە دادگایەکی نێودەوڵەتی‌دا دانیشتووین. ئەوان ڕەخنە ئەگرن بێئەوەی دەق ئالوودەی حوکمدان بکەن و لە ئاستی ڕووناکبیری‌دا لە ڕەخنەگرترین نووسەرانی کۆمەڵگای خۆیانن.

<u>کەریم‌پوور</u>: چەند هەوڵێکی باش لە چەند بەرهەمێکی ئەم چەند ساڵی دواتر لە بەستێنی داڕشتنی کەسایەتی ئەم سەردەمە دەبینرێ جا کاری نووسەریش ئەوە نییە کە سەرجەم ڕوداوە و ڕاستیەکانی کۆمەڵگا دەقاودەق بۆ بەرهەمەکەی وەگوێزێ. - ئەمە کاری ڕۆشنبیرە - بەڵام دەکرێ لە تۆپکانی بەرهەمێکدا زۆر شت وەبینرێ. جا بۆ ئەوەی پێوەندییەکی پتەو لە تەک خوێنەردا، بەرهەم ببێ، نووسەر لە سەرجەم خاڵەکانی دەوروبەری کەڵک وەردەگرێ وەها کە بۆ داڕشتنی کەسایەتییەکی بەرهەمەکەی دەبێ ئەو کەسایەتیە بناسێنێ، ئەو کەسایەتییە فام بکا، خواستەکانی ئەو کەسایەتییە، تووڕەیەکانی ئەو کەسایەتییە، پێوەندیەکانی ئەو کەسایەتییە، بزانێ و بیگەیەنێ یەکێ لە نووسەرە سەرکەوتووەکان بۆ کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی لە پێش نووسینا شەجەرەنامەی دانابوو، ئەمە ئەو کارانەیە کە لە دەرەوەی بەرهەمدا دەکرێ کە خوێنەر نایبینێ مێشکی نووسەر زۆر وردبین و زۆر سرکە. نووسەر دەبێ ئاگاداری زۆر شت بێ تا لە داڕشتنەکانیا تووشی گرفت نەبێ بۆ وێنە زۆر ساکارە گەر کەسایەتییەکی لە چیرۆکێکدا ببێت و وەستا بێت ناو و کاری ئەو کەرەستانەی کە وەستایەک پێوستیەتی نەیزانێت خوێنەر خۆی دەزانێ چی بەسەر ئەو نووسەرەدا دێنێ . ئەو ڕامان و زانینی ئەو لێکۆڵینەوانە کەرەستەکانی پێش نووسینێ نووسەرە بۆچون و مەبەستی نووسەرە دابینی ئەکا ئەو زانینە چی لێ ئەکەوێتەوە. ئەرێ.

٥.لە ئەدەبی کوردی‌دا تا چەن بە لە بەرچاوگرتنی گوتاری مەرگی نووسەر هەوڵ دراوە بۆ ئەوەیکە ڕەهەندەکانی چوونە ناو دەقێکی ئەدەبی بەرفراوانتر بکرێ؟

مەحموودپوور: پێویستە ئەو پاستیە فەرامۆش نەکەین کە ڕەخنەی جیددی و بەتووان، ڕەوت¬سازە. هەم داهێنەرە و هەمێش پاڵەپشتی داهێنانە. بەداخەوە هێشتا لای ئێمە، بەتایبەت لە ژانری چیرۆکدا جێگای تایبەتی خۆی نەگرتووە. نەبوون و پێواریی ڕەخنەی جیددی خەساری گەورەی لە پێشکەوتنی چیرۆکدا هەیە. هەر بۆیە وێڕای هەندێ نموونەی زۆر کەم، ڕەخنەی ئێمە، نووسەرجیهەتە. بەسەر نووسەرەوە زۆمی کردووە، یان لەبەر خاتری نووسەرە. لە حاڵێکدا شیاوە کە ڕەخنە بەسەر دەقەوە ڕاوەستە بکات و واز لە نووسەر بهێنێت. نازانم ئاخۆ ئەو خەتایە سەرشانی داهێنانی ئەدەبی بخەین کە ناتوانێت دەقی جیددی بخوڵقێنێ؟ یان ئاوقەی ڕەوتی ڕەخنەگریی بکەینەوە. یان کۆمەڵگا و دەرەتانەکان بە خەتابار دابنێین!

سەعیدی: مەرگی نووسەر لای من بە مانای ئەوەی بۆ خوێندنەوەی دەقێک پێویستیت بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبێت جگە لە خودی دەق. ئەمە جیاوازە دەگەڵ بابەتی نێواندەقیەتی کە پێیوایە هەموو بەرهەمەکان ئەندامی تۆڕێکی گەورەن لە کۆی بەرهەمەکانی مێژوو کە هەمووی پێوەندییان هەیە لای یەکترین و دزە ئەکەنە ناو یەک.

مەرگی نووسەر بابەتێکە، گەرەکییە ئەمە بدرکێنێت کە دەقی کراوە دەقێکی خوێنەرتەوەرە، لێرەوەیە بارت مەرگی ئایدلۆژیا لە دەقدا ڕادەگەیەنێت . نووسەر هەر چۆنێک بیر ئەکاتەوە و ئەژێت، کێشەی منی خوێنەر نییە. سەنتەری خوێندنەوە و داهێنان دوای بەرهەمهێنانی کارێکی ئەدەبی منی خوێنەرم بێتوو ئەگەر دەقێک ئەم سەنتەرە بە خوێنەر نەدات وەک کەسێک وایە کە هێشتا بڕوای وابێ کە هەتاو بە دەوری زەوییدا ئەخولێتەوە. لە لایەکی تریشەوە بەداخەوە ئەم بابەتە بۆتە هۆی نووسینی هەندێک دەقی بێسەرەوبەرە. کە زۆر جیاوازی لەگەڵ مەرگی نووسەردا هەیە. ئەمە کێشەی گەورەی ئەم دوو دەیەی دوایی بووە. گواستنەوەی ڕاستەوخۆی تێئۆری بۆ دەق. بارت کاتێ مەرگی نووسەر باس ئەکات و شی ئەکاتەوە بە یارمەتی لە بەرهەمەکانی بەر لە خۆی ئەو کارە ئەکات. دەقی کراوە بەر لە بارت نووسرابوو. ئەو تێئۆریزەی کردەوە. ئێمە بەپێچەوانەوە سەرەتا تێئۆری دائەڕێژین و دواتر دەقی بۆ ئەنووسین. بۆیە قەت ناتوانین دەقی داهێنەرانەش بنووسین نووسەر ئەبێ بنووسێت. تەواو.

کەریمپوور: ئەدەبی کوردی ڕەخنەی جیددی بە خۆوە نەدیوە و تیایا سەقامگیر نەبووە گوتاری مەرگی نووسەریش لە دژی ڕەوتی سەرمایەداری دامەزراوە، وەها کە ڕۆلان بارت مۆئەلیف بە ڕوخسارەیەکی مۆدێرن دەزانێ و دەشڵێ ترۆپکی فکرەی سەرمایەدارییە کە پتر بایەخی بۆ تاکی نووسەر داناوە لە کوردستانا، ئەو ڕەوتەی کە قوتابخانەکان بەپێی سەرجەم لایەنەکانی سەردەم کە لە ئوروپادا هەبووە و هاتوونەتە گۆڕێ، نابینرێ. ئەدەب و هونەر لێرە چوارچێوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەو خوێندنەوانەی کە لە وێژەی کوردیا هەیە تایبەت بە خۆی و ڕەنگە دراوسێکانی بێ. بارت دەڵێ نرخی هاتنە ناو دونیایی خوێنەر، دەبێ لەناوچوونی، نووسەر بیدا، هەڵبەت لە پێشتردا دەڵێ کە ڕەخنەگری کلاسیک جێگەی بۆ خوێنەر نەهێشتەوە. وتەیەکی جوان هەیە کە بەجێی مەرگی نووسەر دەڵێ شەهیدبوونی نووسەر، کە نووسەر هیچ شتێک جێ ناهێڵێ تا پێویستی بە بوونی ببێ بەڵکوو لە نێو بەرهەمەکەوە شایدی خۆی دەدا و پێویستی بەوە نییە کە لە دەری بەرهەمەوە بەرباس بدرێ. خوێنەر دەوری سەرەکی لە تەک بەرهەما دەبینێ و نووسەریش دواتر وەک خوێنەر دێتە ئەژمار هەرچەند ڕەخنەگر با تەنیا بە بەرهەمەکە نووسەر بناسێنێ لە سەرجەم ساتەکاندا نەک لە ساتی نووسین تا وابکا نووسەر بە پارێزەوە بەرانبەری نووسین ببێتەوە تا نەوەکوو ئەو شتانە و ئەو ڕووداوانەی کە باسی لێوە دەکا بەسەریا بشکێتەوە، هەروەها با ڕەخنەگرێکی دیکەش تەنیا زمان بە بنەڕەت بزانێ و شتەکانی دیکە وەسڕێ جا گوتاری مەرگی نووسەر هەوڵی هەر بەرفراوانکردنی ڕەهەندەکانە و ئێمەش هەر خوێنەری چالاک و ڕەخنەگری جیددیمان نییە تا...

٦. لە کۆتاییدا سەبارەت بە چیرۆکی کوردی بەگشتی چ شتێک بە پێویست دەزانن کە ببێتە هۆی ڕامان و تێفکرینی زێدەتری زەینی چیرۆکنووسان و هەروەها خوێنەری ئەم وتوویژە، وەک دەلاقەیەک بۆ کردنەوەی لێدوانی زیاتر لەم بارەیەوە؛ تکایە بفەرموون.

مەحموودپوور: پێموایە بەشێک لە چیرۆکنووسانی ئێمە گرفتاری حەزی بەردەنگن. لەبڕی ئەوەی بەسەر بەهرەی داهێنەرانەی خۆیانەوە بوەستنەوە و بایەخ بە داهێنان بدەن، وزەی خۆیان خستوەتە سەر ئەوەی کە بەردەنگ چی پەسەند ئەکات. ئەمەش ئەدەبی ئێمە لە داهێنان و جیاوازی بێبەش ئەکات. داهێنەر نابێ وزەی داهێنانی خۆی بەفیدا بکات. نابێ لە بەردەنگی هەنووکەییش بترسێت. چوونکوو کۆمەڵگای ئێمە گیرۆدەی کەلتوورێکی وەستاو و جیاوازی نەپەسەندە. دێر باوەش بۆ داهێنانەکان ئەکاتەوە. ئەوە نیە نالی و نیماش گیرۆدەی هەمان دەرد بوون؟ یان خۆ بەسەرهاتی بوف کوری "سادق هیدایەت"مان لە سەردەمی خۆیدا فەرامۆش نەکردووە. هەر بۆیە دووبارەی ئەکەمەوە با نووسەرانی داهێنەری ئێمە، تەوانی داهێنانی خۆیان بەقوربانی حەز و پەسند هەنووکەیی و ڕاگوزارەکان نەکەن.

سەعیدی: وەک ژنێک کە لەو بوارەدا ئیش دەکەم بە پێویستی دەزانم باسێکی کورت لەم بارەیەوە بێنمە گۆڕێ؛ بەگشتی هونەر و بەتایبەتی چیرۆک لای ئێمەی ژن بۆتە شوێنێک بۆ دەربڕینی ئەو بابەتانەی کە لە فەزای گشتی کومەڵگادا ناکرێ بیڵێین. بە زمانێکی تر بە زۆری چیرۆک لای ژنی کورد مانیفێستکردنە. قسەی ئایدۆلۆژیک و فەلسەفی خۆیان ئەخەنە زاری کاراکتێرەوە یا کاراکتێریش لە چیرۆکدا هەمان جۆر ئەژی کە لە کۆمەڵگادا ئەژی یان نا لە پێگەیەکی ناواقیعی فانتاستیکدا کە قەت لە کۆمەڵگادا بۆی نالوێ. من پێموایە چیرۆکنووسین خۆنووسینەوەیە. ئەبێ ئێمەی ژن بتوانین گۆشەنیگای خۆمان کە ئەبێ جیاواز بێت، بدۆزینەوە و بەیانی ئەو ڕوانگەیە بکەین. دیارە ژن و پیاو جیاوازییان هەیە بەڵام نابێ ببێتە هۆی نابەرابەری لە ئەدەبیاتیشدا کە شوێنێکە بۆ هەموان، ئێمە ئەبێ بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە ببین. نووسین خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ دەربڕینی بوون وە ئەمە گرینگە. ژنی نووسەری ئێمە ئەوەندەی کە هەوڵی داوە نوێنەری ئایدۆلۆژیا و بۆچوونی سیاسی و فەلسەفی جۆراوجۆر بێ، نەیتوانیوە نوێنەری خۆی بێ؛ بۆیە داهێنانمان کەم بووە. داهێنانی هۆنەری لە سەرەوەی هەموو ئەمانەیە.

کەریمپوور: ئەدەبی کوردی ئەدەبێکە کە ئیستا پێویستی جیددی بە پۆلێنکردن و لێدوان هەیە بەگشتی، چیرۆکیش بەتایبەتی خوازیاری ڕەخنەگری جیددییە. نامەوێ گەڵاڵەیەک دابنێم یان وەیکەم تەنیا دەڵێم چیرۆکنووس با بنووسێ، ڕەخنەگر لێکی وەدا و هەنێ لە لایەنەکانی بەرهەم دەربخا و خوێنەریش با چێژ و کەڵکی خۆی لە بەرهەم وەربگرێ. سەرکەوتوو بن و بەردەوام.

وتووێژ لەگەڵ سالّح سووزەنی

ڕەخنە، خوێندنەوە و شیکاریی میتۆدێک و چەند لایەنەی دەقە لە لایەن خوێنەرانی چالاکەوە



ئامادەکردنی: فەریدوون سامان

*بەڕێز کاک سالّح سووزەنی ئەم کاتەت باش، بە واتایەک کە وێڕای ئەوەی شێعر هونەری دەربڕینی خەیاڵ و هەستی شاعیرە، لە هەمانکاتیشدا بۆ خوێنەر چێژبەخشینە؟

سووزەنی: هەموو شێعرێک بۆ هەموو خوێنەرێک چێژبەخش نییە و شێعریش وەکوو هەموو دەقێکی زمانێ- نیشانەیی زۆر جار لەبڕی ئەوەی هەست و خەیاڵی شاعیر بێ، گەمەیەکە بەپێی دەرک و ناسینی شاعیر لە ڕێسا و یاساکانی زمان و هەوڵدانی بۆ دەربازبوون یان مانەوە لەو بازنە و نابازنەیەدا... مەبەستم ئەوەیە بەس لە جیهانی ڕۆمانتیکی دایە کە سۆز و خەیاڵ و هەست، دەوری سەرەکی دەگێڕێ و بەس خوێنەرانی چالاکن کە چێژ لە دەقی بەڕۆژ وەردەگرن.

*کەواتە چۆن دەکارین ڕێز لە بەها جواننناسییەکانی خوێنەر وەرگرین، واتە (رەچاوکردنی) بۆ خوێنەر بگەڕێنینەوە کە بۆ هەمیشە شێعر ژانرێکی زیندووە و بە جاویدانی دەمێنێتەوە؟

سووزەنی: خوێنەران (ئاسایی و مامناوەند و چالاک) هەر کامەیان بە شێوازی خۆیان چێژ لە دەق وەردەگرن و زۆرینەی شاعیران و نووسەرانیش بەپاستی بۆ هەموو خوێنەرێک نانووسن. بۆ وێنە خوێنەرێکی ئاسایی بۆ مانایەکی ئاسایی لە دەقێکدا دەگەڕێ .. وەری بگرێ و بڵێ لێی حاڵی بووم و چێژی لێ حاڵیبوونە ڕووکەشیەکەی خۆی دەبا ! ! لە ڕووبەری ڕواڵەتی دەق. خوێنەری مامناوەند هەوڵ ئەدا دەق بەرەو ڕەهەندێکی دڵخواز بەرێ و کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونناسی، ژنخوازیی و... دەیان ئیسمی دیکەی پێوە هەڵواسێ و چێژ لەو هەڵواسینە وەرگرێ و دوو ڕەهەندبوونی دەقەکەی بەپێی ڕاڤەی خۆی پێ خۆش بێ .. ئەم دوو خوێنەرە هەر دووکیان بابەتیانە لە دەق دەڕوانن و کەمتر هەوڵ ئەدەن لایەنە جوانیناسییەکانی دەق بپشکنن، گەمە زمانییەکان بەرجەستە بکەنەوە و فرەڕەهەندی دەق ئاشکرا بکەن. ئەوە خوێنەری چالاکە کە هەوڵ ئەدا دەق چەند لایەنە بخوێنێتەوە و وەک "بارت" ئەڵێ بە ئۆرگاسمی چێژ بگات. پێویستە ئەوەش بوترێ کە پشتبەستن بە وزەی دەروونی دەق بۆ خوێنەری چالاک، دەوری سەرەکی دەگێڕێ و دیارە زۆر دەقیش ئەو وزەیان نییە کە لە چەندین لایەی بووتیقایی و بابەتییەوە بخوێندرێتەوە.. کەوایە جاویدانگی دەق خوێندنەوەی بەڕۆژ دیاری دەکا نەک دروشم و هەڵواسینەزۆرەکییەکان ..

*لەم جەنجاڵی عەولەمە و تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیاری و بازاڕی ڕەشی ئابووری و بێبەهایی مافەکانی مرۆڤ و گاڵتەجاڕی دێمۆکڕاسییە، ئایا شێعر دەتوانێت وەک بواڕەکانی دیکەی هزر و فەلسەفە پرسیار لای تاکی ئێمە دروست بکات؟

سووزەنی: کام شێعر کاک فەرەیدوون؟ دیارە شێعری کلاسیکی ولّامی پرسیاری سەردەمی خۆی داوەتەوە و کەسانی وەک حافز و نالی و ... لە سەردەمی خۆشیان تێپەڕاندووە... بەڵام لەم "جەنجاڵی عەولەمە و..."دا بەس شێعرێک ئەتوانی ولّامی ئەو "هزر و فەلسەفە و پرسیارانە.." بداتەوە کە کچی سەردەمی خۆی بێ و لەم "حەولەمە و بازاڕە" گەیشتبێ. من لام وایە کێشەکە لەوە دایە کە خوێنەرانی مامناوەندی لای ئێمە هەست بە پێوەندی عەولەمە بازاڕی شێعری جیاواز و عەولەمە بازاڕیی دەرەوە ناکەن ن ن ... ماوەیەک لەمەو بەر من شێعریی " بە عینجە و فینجەوە چ شار ر ؟"م بڵاو کردەوە و ویستم ئەو ناتەبایی و ناعەدالّەتی و بازاڕ و دووکانەی سەردەم لە هەمان ڕێگەی خۆیەوە بنوێنمەوە و بەداخەوە زۆرێ لە خوێنەران نەک هەر دەرکی ئەو پێوەندییەیان نەکرد بەڵکوو بە شێعرێکی بێمانا ناویان برد.. مەبەستم ئەوەیە نەک شێعر هیچ کەس ناتوانێ ولّامی عەولومە بە مەنتیقی ڕۆژ بداتەوە ...ولّامی گەمە بە گەمە دەدرێتەوە و شێعری نوێترخوازیی کوردیش دەرکی بەو گەمەیە کردووە...

*بەڕای تۆ دەبێت ئەو پرسیارە چی بێت و تا چەندیش کاریگەری دەبێت بە سەر شتەکانی دەوروبەر...؟

سووزەنی: هەر شێعرێ پرسیاری خۆی ساز دەکا یان گەمە بە چەند پرسیاری پێشخۆی دەکا و یان ولّامی پرسیارێکی دەروونی کەسایەتییەک دەداتەوە.. هیچ شاعیر و نووسەرێک ناتوانێ و نابێ پێشتر پرسیارەکان دیاری بکا و ئینجا بیشێعرێنێ... ئەوە ڕەخنەگران یان خوێنەرانی چالاکن کە دوای خوێندنەوەی چەند لایەنەی دەقێکی شێعری پرسیارەکان یان وەلّامی پرسیارەکانی لێ هەڵدەکرێنن ... گرینگ ئەوەیە تۆ وەک شاعیر چەند توانیوتە پێ لە ڕێسا و یاساکانی زمانی پێش خۆت دەربازێ کردبێ یان نا.. شێعر فەلسەفە نیە بەڵام ئەوەندەی فەلسەفە، تا ئیستا زمانی زماناندووە و گەشەی داوەتە گەمە نوێیەکان و بە شێوەی خۆی ولّامی پرسیارە فەلسەفی و دەروونیەکانی داوەتەوە..

هەواڵنامەی کێبڕکێ

*لە ساڵانەی دوایی‌دا لای زۆرێک لە شاعیرانی کورد بانگەشە بۆ فۆرمەکانی داهێنان کرا، وەک (شاعیری گەورە، شاعیری داهێنەر، شاعیری نوێخواز، شاعیری جیاواز، شاعیری دەربار، شاعیری نەتەوە...هتد)، بەڕای تۆ ئەم هەموو دەربڕینانە بەڕاستی داهێنانی ئەدەبی بوون یان ڕیکلامی سیاسی بۆ شاعیرێک یان گرووپێک لە شاعیران؟

سووزەنی: خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم بەس لە دەق دەکۆڵێتەوە .. نە لە کەسایەتی شاعیر و کەڵەشاعیر و ئاز و ناڕازا و قارەمان یان ناقارەمان بوونی شاعیر... هەر بەناو ڕەخنەیەک لەو یاسایە ترازا، دەبێ گومان لە ڕەخنەکە بکرێ و حیسابی بۆچوونی شەخسی بۆ بکەی. بۆچوونی شەخسی لەسەر دەق و کەسایەتی ئازادە؛ لە سیاسیکارەوە تا وەرزشوان و پاڵەوان دەتوانن ڕای خۆیان لەسەر دەق دەربڕن و لە پێناوی سیاسەت یان ئایدۆلۆژییەکدا شاعیر یان نووسەرێک هەڵکێشوداکێش بکەن ن ن بەڵام وەک فارس گوتەنی" این کجا و آن کجا" (ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ)، یەکەمیان پشت بە وزەی ناو دەق دەبەستێ و مێتۆدێ یان مێتۆدگەلی دیاریکراو بۆ خوێندنەوەی دەق بەکار دێنی و دووهەمیان پڕووپاگاندە دەکا.. ئەوە جیاوازیی دەقی ڕەخنەیی و ڕای کەسی (شەخسی)

ئەدی ئەگەر وایە، کوا ڕووبەری شێعری کوردی لە نێو جوگرافیای شاعیرانی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان‌دا؟

زمانی کوردی زمانێکی جیهانی نیە و لە مێژووە نەگبەتەکەیا دەسەڵات و مەعریفەی پێ ساز نەبووە و لە نێوان زمانەکانی دراوسێدا پلیشاوەتەوە ە ە بەو حاڵەش بە هۆی وەرگرتنی نێوان‌دەقێتی لەو زمانگەلە (فارسی، عەرەبی و تورکی.. خاوەن شێعرێکی دەوڵەمەندە و ناو و ناوبانگی شێعری کوردی لە ناو و ناوبانگی گەلان دراوسێمان هێند کەمتر نەبووە... لە بیرمان نەچێ ئێمە گەلێکی بێدەسەڵات بووینە و ئەوە زۆر گرینگە...هەر ئەوەندە بەس کە سووکەئاوڕێک لە چەمکی دەسەڵات ـ مەعریفە (بە بۆچوونی فۆکۆ) بدەینەوە... ئەوسا دەزانین بۆ ئێمە لەو "جوگرافیای دەوروبەر و جیهانی"یەدا ناوێکی ئەوتۆمان نییە!

*بەڕای تۆ هەموو مانیفێستە شێعرییانەی کە لە ڕابردوودا بڵاو کرانەوە، توانییان تەجاوزی سنووری تەقلیدی ئەزموونی خودی شاعیران خۆیان بکەن؟

سووزەنی: مانیفێست بەتەنێ ڕەوت و شەپۆلی شێعری ساز ناکا بەڵام وەکوو تێئۆری ڕەخنەیی شاعیران و نووسەرانی سەردەم هانەدا بۆ داهێنان .. بڕواننە مانیفێستەکانی ڕۆمانتیک و سوورڕیئالیسم لە ئەدەبی جیهانی‌دا و ڕوانگە، کفری و داکاریی لای خۆمان شێعری دوای ڕوانگە و کفریی شێعرێکی بە ڕێژە جیاوازە لە بەرەی پێش خۆیان ن ئەمە حاشا هەڵنەگرە و.. لەمدیویش هەروەتر شێعری دوای داکار شێعرێکی پێشڕەوتر و نوێترخوازترە.. بۆ وەی مانیفێستەکان هەنێ باسی نوێ دەوروژێنن و ئەو باسانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر نووسەران و شاعیران و خوێنەرانی چالاک... شێعریی شێت و جیاواز و نوێترخوازیی لای ئێمە بەڕای من ئەگەر بەرهەمی ئەو وروژاندنەی داکار نەبووبێ، کاریگەریی داکاریی لەسەر بووە.. ئینجا ئەوەمان لەبەرچاو بێ شێعر لەوە سرکترە کەس یان کەسانێک بیخەنە تۆڕی چەندخاڵی دیاریکراویی مانیفێستی و تا هەتایە یەخسیری بکەن ن ن. دڵنیام چەند چرکەساتێک تیایا دەمێنێتەوە و سەیرانێک دەکا و ئینجا دەپرینگێتەوە و بۆی دەربازدەبێ ێ ێ و وەک ئەزموونێک لای خۆی دەبیارێزێ... ئەمەیە مێژووی ئەدەب و هونەریی جیهانی... و ڕەوتی نێواندەقێتی لە مانیفێستێکەوە بۆ مانیفێستێکی دیکە... و سەرهەڵدانی شەپۆلگەلی ناوکاتی و دەرکاتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە..

*باشە چەمک و خەسڵەتەکانی داهێنانی شێعری لای شاعیرێکی داهێنەر، چۆن بەرجەستە دەبن؟

سووزەنی: گرینگترین "خەسڵەت" یان تایبەتمەندی دەقی داهێنەرانە لە زمان و کارکردیی زمان‌دا دەردەکەوێ.. من لە دوو وتاری جیاوازدا "ئیستمۆلۆژیای شێعری کوردی" و "لەگەڵ شەپۆلەکانی شێعری کوردی " هەم وەک داببران و بچڕانەکانی نیشانەناسی و هەم وەک ڕەوتی نێواندەقێتی هەوڵم داوە کارکردی زمان لە ڕەوتی شێعریا دیاری بکەم و لێرەدا نامەوێ دووپاتی بکەمەوە.. بەس دەڵێم ئەگەر پێشتر زمان هەوڵی سازکردنی وێنەی ئەدا (شاعیر یان شێعری داهێنەر هەوڵ ئەدا کارکردیی زمان لە وێنەگەل یەک ڕەهەندەوە بگوازێتەوە بۆ وێنەی پڕ بزاڤ و چەند ڕەهەند) یان ئەگەر کارکردی زمان لە شێعری پێشوودا لە خزمەت مۆسیقای ڕواڵەتی (دەرەکی) بەحرەکانی عەرووزیی‌دا بوو، شێعری داهێنەر لە هەوڵی سازکردنی مۆسیقای دەروونی و پلیفۆنیکدا دێتە گەڕ .. بە کورتی لادان لە نۆرمی زمانی باو لە هەر کام لە ڕەهەندەکانی وێنە، مۆسیقا، زمان و بابەتی شێعری خەسڵەتەکانی داهێنەری لە شێعریی سەردەم‌دا دیاری دەکەن ...

*ئامادەبوون یان نەبوونی ڕەخنەی جیددی لەئاست داهێنانی شاعیرێکدا چۆن کەوتۆتەوە؟


سووزەنی: ڕەخنەی جیددی (خوێندنەوەی مێتۆدیک و چەند لایەنەی دەقی ئەدەبی) دەبێتە هۆی بەڕۆژ(ئاپدەیت)کردنی دەقی ئەدەبی و بەرجەستەکردنەوەی کارکردی زمان و پێکەوە (دەق و ڕەخنە) دەبنە هۆی گەشەی دوولایەنەی هەر دوولا، واتە دەقی دەوڵەمەند، ڕەخنەی دەوڵەمەندی لێدەکەوێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕەخنە و خوێندنەوەی نوێ لە قۆناغێکی دیکەدا، پاڵپشتی دەقی نوێترخوازە بۆ داهێنان ن.. دیارە ئەو دەقەی نەخوێنرێتەوە تەمەن درێژ نابێ. من پێشتر وەک نموونە باسی خوێندنەوەکانی بەڕێز ڕەهبەر مەحموود زادەم کردووە لەسەر شێعری "شێت" و سەقامگیرکردنی ئەو ڕەوتە شێعرییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی ئەو خوێندنەوانەوە ..

*ئەو کێشانە چین ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانی ئێمە دەبنەوە وەک لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی، ناوچەگەرێتی، پەیوەندییە کەسیتییەکان...؟

سووزەنی: ڕەخنەی جیددی وەک ئاماژەم کرد بەس لە دەق دەکۆڵێتەوە و ناپرژێتە سەر کەسایەتی نووسەر و دایک و باوک و دۆست و نادۆستبوونی شاعیر یان نووسەری دەق و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و بەگشتی پەراوێزەکانی دەرەوەی دەق. دڵنیام ئەگەر ئەم خاڵە سەرەکییەمان لەبەر چاو بێ، ئەتوانین لەو بازنەیە دەرباز بین کە پێشتر بە ناوی ڕخنەوە حەوت پشتی نووسەریان هەڵدەدایەوە و بە ناوی بەستێنی کۆمەڵایەتییەوە تا سەرپشتی گاڕەش دەچوون و دەگەڕانەوە و .. وەک "بارت" دەڵێ تەنیا شتێ کە باسیان نەدەکرد لایەنی جوانیناسانە و کارکردیی زمانیی دەقەکە بوو .....

*ئایا ئێمە خوێنەری جیددیمان هەیە بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە کە دەقێکی شێعری هونەری لە دەقێکی ناهونەری جوێ بکاتەوە؟

سووزەنی: بەو پێناسەیەی کە کردمان (ڕەخنە خوێندنەوەی مێتۆدیک و چەند لایەنەی دەقە لە لایەن خوێنەرانی چالاکەوە)، بەداخەوە ئەبێ بڵێم؛ ئێمە خوێنەرانی چالاک (جیددی)مان زۆر کەمە و بە خۆشیەوە لەم دواییانەدا بەهۆی ئاشنابوونی هەنێ لە نووسەران و خوێنەرانی کورد بە خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم (زمانناسی، نیشانەناسیی ، فۆرمالیسم، دیاردەناسی (فنۆمنۆلۆژیا) ، دەروونناسی، پێکهاتەخوازیی و هێرمنۆتیک و پێکهاتەهەڵوەشێنی و فێمێنیسم و ... دەبینین کە ئەو چەشنە خوێندنەوانە لە بڕەو دایە و زۆر دەقی کوردیی بە شێوازیی نوێ دەخوێنرێتەوە ... بڕواننە خوێندنەوەکانی بەڕێزان ڕەهبەر مەحموودزادە، موراد ئەعزەمی، عەبدولموتەلیب عەبدوواڵ، شاهۆ سەعید، عەبدولخالق یەعقووبی و زۆرێکی دی لە



دۆستان بۆ وەی گەشبین بین بە داهاتوو و هیوادار بین کە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیش بەرەو شێوە نوێیەکانی سەردەم بڕوا و واز لە شەڕە دەنووک لەگەڵ نووسەران و شاعیران بهێنێ...

*تۆ دەمێکە لەژێر کاریگەری شێعرەکانی ئەدۆنیس و ڕامبۆ و بۆدلێر و ڤیرجیل دەنووسیت، ئەی خۆت...تا ئێستا هەوڵت نەداوە لەژێر کاریگەر ڕۆئیا و کۆژان و ئەندێشەکانی خۆتدا بنووسیت؟

سووزەنی: پرسیارێکی جوانە بۆ وەی باسەکەمان بهێنینە پانتایی کارکردییەوە؛ ئەمە ڕێک ئەو ڕەخنە و خوێندنەوەیە کە دەقێکی ئەدەبیی بە کۆدەکانی دەرەوەیی دەخوێندەوە، هەر بۆیە من نازانم چۆن وڵامی بدەمەوە، بۆ وەی خوێندنەوەکەی جەنابت ڕەنگە لای خۆت پشتئەستوور بێ بە هەنێ دەق و نموونەی شێعریی بەڵام لەبەر ئەوەی ئاماژەت بە هیچ دەقێک نەکردووە وەک خوێندنەوەی شەخسی لە پانتای ڕەخنەکاریدا دێتە بەراوەردکاری؛ کام دەقی من و کام دەقی ئادۆنیس و ڕامبۆ و ... ڕاستتان ئەوێ لە "درۆ موقەددەسەکان" بەم لاوە من هەوڵم داوە زمانێکی جیاواز هەڵبژێرم و لە پێوەرەکانی پێشوویی ناسەکردنی شێعر، خۆم دەربازکەم واتە "شێعرەسات" ئیتر بە پێوەری شێعری ئادۆنیسی ناخوێنرێتەوە..بۆ وەی لە زمانی ئیستاندارد لای داوە؛

ئەگەر شێتی چاوی سەرمابردووی
ڕوح و بەزمی ئەستێرە هەمووی
موسیقای شەوانە
ڕەنگە بە سەر تەمی
"جن جن"یوی سەرم
هەزار جاروبار بە ئێواران
بفرۆشنم ئاشقترین
من بارەشەی..هەشم
هەموو ڕۆژانی بە شەو

ڕەنگە پاییز تەمی جن..جن
شەوانم بفرۆشتوێنێ
بەزمی..ڕەنگە
باشترین ئاشق؟
ئەبینم چۆن تامم ئەکەی
وەک تامت ئەبینم لە جن..
جنی سەری
ئێواران..

ئەوە دەسپێکی شێعرەساتە و تکایە خۆت بەراوەردی بکە لەگەڵ دەقی ئەو شاعیرانەی کە مەبەستتە! ئینجا من وا هەست دەکەم زێدەتر لەژێر کاریگەریی خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەمدا بوومە تا زمانی شاعیرانی کورد و جیهانیی پێش خۆم...ئەوەش ئاساییە بۆ وەی زێدەتر کاری ڕەخنەییم کردووە و خوێندنەوەی ڕەخنەی تێئۆری و تێۆری ڕەخنەیی بۆ شاعیرانی سەردەم بە گرینگ دەزانم و لام وایە ئەدەبیات جیهانییە و مولکی کەس نیە و شاعیر و ڕەخنەگری ئەمڕۆ بە بێئاشنایی لەگەڵ شێعر و ڕەخنەی جیهان ناتوانێ لەگەڵ ڕەوتەکە بەڕەوام بێ.... گرینگ ئەوەیە چەند توانیوتە پێ لە بازنەی ئەوانی دی بهێنیتەدەرێ و بە عەقڵی خۆم پێمواید من ئەو جەسارەتەم هەبووە و بەردەوامم م م م

*پەیوەندی نێوان شێعر، خوێنەر و ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا چۆن دەبینی؟

سووزەنی: وەک ئاگادارن لەم دواییانەدا دوای وتەزای مەرگی نووسەر و تێئۆری "وەرگرتن"ی خوێنەر قورسایی گرینگی بابەت و نووسەر لە تەرازووی ڕەخنەدا بە لای گرینگی خوێنەردا شکایەوە و خوێنەران کرانە پاشای خاوەن شکۆ و سەنگی محەکی سەرەکی بەسەر دەقدا و لەڕاستیدا هیچ دەقێک بە بێخوێندنەوەی خوێنەر نایەتە ناسەکردن .. لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم گریمانەیە هەمان مەنتیقی خۆی دەپارێزێ ێ بۆ وەی تا دەقێک نەخوێندرێتەوە نازانی چ ناوێکی ئاراستە بکەیت و بە کام کۆد و پێکهاتە و بەستێن و پێش زەمینەوە بینرخێنی.. بەداخەوە خوێنەریش لای ئێمە لە عەرز و ئاسمان دەست ناکەوێ و بەدەگمەن تیراژی دەقەکامان لە هەزار تێدەپەڕی.. با گاڵتەیەکیش بکەین؛ لەم مانگەی دواییدا دەرفەتێک ساز بوو بۆ وەی بتوانم دەستێک هەڵێنم و نینۆکێکی فەیسبوکم دەست کەوێ..لەوێ لە ژوورەکەی خۆمدا نزیک بە ۵۰۰ دۆستم هەیە کە ۹۰ لە سەدیان خۆیان پێشنیاریی دۆستایەتیان ناردووە بەو حاڵەش کە کورتە شێعرێ بڵاو دەکەمەوە ۲۰ کەسیان نایخوێننەوە و "دەستت بشکێ"یەک لێنادەن ن ن .. ئەمەیە تراژیدی خوێنەریی کورد لە پانتای ئەم جیهانە هەزار سیمایەی دوای ۲۰۰۰ی ئێمەدا !!!

هەواڵنامەی کێبڕکێ



ئامادەکردنی: هەرمان وەتمانی

وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد قازی سەبارەت بە وەرگێڕان

هەرمان: وەرگێڕان چییە و پێتان وایە وەرگێڕ بە کێ دەڵێن؟

قازی: پێشەکی با باس لەوە بکەین کە لە دنیای ئەمڕۆدا وەرگێڕانی بابەت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پێداویستییەکە، چوون هیچ میللەتێک بە تەنێ، بە بێ ئاگاداری لە فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە یان لە پێشکەوتە زانستییەکان وەک پزیشکی، فیزیک، ڕیازی، فەلسەفە و مەسایلی کۆمەڵایەتی بە بێ ئەوەی ئاگاداری لە پێشکەوتنی خەڵکی بێ، بۆخۆی ناتوانێ بەتەنێ بە هەموو ئامانجێک بگا. لە سەر یەک دەتوانین بڵێین فەرهەنگی بەشەری میراتێکی هاوبەشە کە هەموومان تێیدا بەشدارین، بۆ وەی لەو میراتەی خۆمان ئاگادار ببینەوە دەبێ دەست بە داوێنی وەرگێڕان بین، یانی ئەمن دەمەوێ بزانم شێکسپیر ئەو پیاوە گەورەیە دەڵێ چی یان ئەفلاتوون، ئەرەستوو، هێگێل، دێکارت و... ئەوانە هیچی بە زمانی ئێمەیان نەنووسیوە، ناچارین دەست بە داوێنی وەرگێڕان بین، کەوابوو لە پێشدا دەبێ بڵێم وەرگێڕان بە ئەندازەی نووسین و تەولیدی فەرهەنگی ناوخۆ کارێکی گرینگە و دەبینین کە ئاسەواری گەورەی دنیا بە هەموو زمانەکانی دنیایە وەرگێڕدراوەتەوە، چ لە بەستێنی ئەدەبیاتدا، چ لە فەلسەفەدا و... ئەوانە هەموو کراونەتە هەموو زمانێک، ئەوە پێمان دەڵێ کە بەرهەمی فەرهەنگی میراتێکی بەشەرییە و هەموو دەبێ تێیدا بەشدار بین و هەموو لێی ئاگادار بین و ئەوەش بە بێ وەرگێڕان دەست نادا. ئەوە باسێکی سەرەتایی بوو بەڵام کێ وەرگێڕە و کێ وەرگێڕ نییە و وەرگێڕان بە چی دەڵێن؛ هەر کەس دەست دەبا بۆ وەرگێڕان، دەبێ سێ ــ چوار تایبەتمەندی هەبێ سەرەتا زانینی زمانە بە دروستی، لانیکەم دوو زمان، زمانێکی زگماکی، جا هەر زمانێکە، زمانێکی لاوەکیش کە دەتهەوێ لێی هەڵێنجی بۆ زمانی خۆت یان لێی وەرگێڕی بۆ نێو زمانی خۆت، دەبێ وەرگێڕ بە سەر هەر دوو زماندا زاڵ بێ، تایبەتمەندی هەر زمانەی بزانێ جا ئەو دەم حەقی وەرگێڕانی هەیە. ئینجا مەرجی یەکەم زانینی دوو زمانە کە لە یەکیان وەردەگرێ بۆ ئەوی دی، لە یەکیان ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ بۆ ئەوی دی. دیارە چەند جۆرێشمان وەرگێڕان هەیە، مۆحتەوایی کە شتێکی دەخوێنییەوە و دەزانی ناوەرۆکی ئەو مەتنە چییە و بە کەیفی خۆت دای‌دەڕێژییەوە یانی وەرگێڕانێکی ئازادە. جۆرێکی دیکەمان هەیە پابەندە، یانی نابێ هیچ جومڵەیەک بە بێ‌وەرگێڕان بەجێ بێڵی و لە بەر چاوی نەگری کە ئەو وەرگێڕانە بە لای من باشترینە، چوون لە وەرگێڕان‌دا دەبێ کولییەتی کەسایەتی و بیر و بۆچوون و تێڕوانینی ئەو نووسەرەی بێنی لە زمانی خۆتەوە، حەقی دەست تێوەردان و ئاڵوگۆڕت نییە با بە کەیفی تۆشی قسە نەکردبێ، وەرگێڕی دەروەست بەوە دەڵێن. وەرگێڕێک کە ئاڵوگۆڕ و مەسایلی کۆمەڵایەتی وەردەگێڕێتەوە سوژەیەک هەڵدەبژێرێ کە دەزانێ بە کەلکی کۆمەڵگاکەی دێ و دەردی دواکەوتووی چارەسەر دەکا و بۆ ڕووناکبیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەی گرینگە وەک ئەو کارانەی محەممەدی قازی کردوونی کە لە حەقیقەت‌دا کاتالێکە بۆ نێو ڕووناکبیری ئوروپایی، کەوابوو وەرگێڕی چاک دەبێ لە هەڵبژاردنی سوژەش‌دا وریا بێ کە چ دەدا بە کۆمەڵگا، چ دەرخواردی ڕووناکبیرانی وڵاتی خۆی دەدا، ئەوە تەعەهودە بە لای منەوە، لە هەموو شتێک گرینگترە، هەڵبژاردنی سوژەی باش بۆ نێو زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی خۆت لازمە بۆ وەی بڵێن فلانی وەرگێڕێکی لێهاتوویە و لە فکری کۆمەڵگاکەی دایە، بە ڕای من وەرگێڕ لە هەر بەستێنێک‌دا کار دەکا دەبێ تەخەسوسێکی عیلمی لەو بەستێنەدا هەبێ بۆ وێنە وەرگێڕی ئاسەواری مێژوویی دەبێ مێژووناس بێ، وەرگێڕی شێعر دەبێ شاعیر بێ و زەوقی شێعری هەبێ، فیلسوفێک دەبێ مسایلی فەلسەفی ورگێڕێ، وەرگێڕانی فەلسەفە کاری هەموو کەس نییە، کەوابوو ئەورۆ بە ئەندازەی ئەو دابەشبوونەی لە زانستدا هەیە وەرگێڕیش ئاوا دابەش دەبێ، شتێکی گرینگ ئەوەیە کە وەرگێڕ دەبێ لیباسی موتەناسیب بۆ وەرگێڕانەکەی هەڵبژێرێ، ئەگەر جەنابت بۆ وێنە ئەسەرێکی کلاسیکی ئینگلیزی ٣٠٠ ساڵ لەوە پێش بە زمانی فارسی وەربگێڕێوە دەبێ زمانێکی فارسی کلاسیکی بۆ هەڵبژێری، ناتوانی بە زمانی ڕەوان و ژورنالیستی ئەورۆ کومێدی ئێلاهی، بینەوایان و... وەربگێڕێ. ئینجا لە وەرگێڕان‌دا هەڵبژاردنی سەبک و سیاق دەبێ لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکی یەک بگرنەوە، بەکورتی ئەگەر ئەو شتانە ڕەچاو بگیرێ وەڕگێڕانێکی سەرکەوتوو بە ئێمە بناسێنێ.

هەرمان: هەر وەک ئاماژەتان پێکرد لە وەرگێڕانی بابەتەکان‌دا وەرگێڕ دەبێ لە هەڵبژاردنی سوژەدا وریا بێ، ئێوە وەک وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی سوژەکانتان‌دا چ بە زمانی کوردی و چ بە زمانی فارسی زیاتر چیتان لەبەر چاو بووە؟

قازی: دەتوانم بڵێم ئەو کارانەی من وەرمگێڕاونەوە هەمووی باری ڕووناکبیریان هەیە و بەتایبەتی باری ڕووناکبیری بۆ نەتەوەی کورد، لەو کتێبانەی کە باسی کورد دەکرێ، ئەو کتێبانەی کە مێژووی کوردیان باس کردووە یان ئەو ڕووداوانەی کە لە دوو سەدەی دواییدا لە کوردستان لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژووییەوە باسی کورد دەکەن. ئەمن ئەوەم زۆر پێخۆشە و تەوسییەشم بۆ وەرگێڕەکان ئەوەیە کە ئەو سەرچاوە زۆرانەی کە بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە سەر کورد هەیە وەریانگێڕنەوە بۆ کورد و کتێبخانە و ڕووناکبیرانی کورد، یەکێک لە گرفتە گەورەکانی توێژینەوە لە سەر مێژووی کورد ئەوەیە کە سەرچاوە زۆرە! لە حاڵێکدا گرفتی هێندێک ئەوەیە کە سەرچاوەیان کەمە، ئەگەر مێژووی ئیسلام لە سەرەتاوە تا ئەورۆ بخوێنییەوە زۆربەی زۆری مێژوونووسان بە نێوی جۆراوجۆر باسی کوردیان کردووە و نێوی کوردستانیان بردووە؛ وەک ئەلجێبال کە هەمووی کوردستانە، یان ناوچەی موسڵ، ئۆمەراکێ و... شەرەفخانی بدلیسی کارێکی گەورەی کردووە بەڵام پێش وی لە سەدری ئیسلامێ‌دا ئەوە هەیە. سەرچاوەی ئینگلیزی ئەوەندە لە سەر کورد هەیە کە ئەمن سەرم سوڕ دەمێنێ کە بۆچی ئەو هەموو کوردە لە ئوروپا دادەنیشن ئەوانە وەرناگێڕنەوە و بینێرن، چ دەکەن لە وێ؟! ئێمە وازوازی و تەمبەڵین و ئەگەر ئیشتامان لێ بوو کارێک دەکەین، وەدووی کاری خۆمان ناکەوین، لە وانەیە هەڵومەرجی چاپ و بڵاوبوونەوەمان نەبێ و ئەوە ببێتە هۆی دڵساردی نووسەر و وەرگێڕ بەڵام بۆ نەتەوەیەکی گەورە وەک ئێمە کە ئامانجی گەورەمان هەیە نابێ دەست دابنوێنین، نابێ تەمبەڵی بکەین و بەهانە بێنینەوە، مەسەلەن کوردستان ئەو میللەتە گەورە دەبێ نەزانێ دۆن کیشۆت چییە؟ لە حاڵێکدا بە دایکی ڕۆمانەکانی دنیا مەشهوورە، یا ئەفسانەی گیل گەمێش بە هەموو زمانی دنیایە دەها جار چاپ کراوە دەبێ بە

زمانی کوردی نەبێ؟ بەداخەوە ماوەی ژیانی کەسێک ئەوەندەیە و ئەوەندە دەتوانێ هەڵسووڕێ. ئامانجی من لە وەرگێڕانەکانم دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە هەموو بارێکەوە ئەدەبیات، مێژوو، سیاسەت و بەتایبەت ڕەواجی کوردیـنووسینێکی ساغ و پتەو و بە زمانێکی یەکگرتوو بووە، دەتوانم بە شانازییەوە بڵێم ئەو ماوەیەی لە سروە بووم توانیمان ڕێنووس و ڕێزمان و زمانێکی فەسیح و بەلیغ و ڕەسای کوردی دابنێین، دیارە ئەمن بە تەنیا نەبووم بەڵام لە سەرەوەی ئەو کارە بووم، هەمیشە لە کارەکانمدا سرنج دەدەمە ئەوەی کە کوردییەکی دروست بنووسم بۆ وەی بۆ داهاتوو بە کار بێ چونکە باوەڕ بکەن فێردەوسی نەبا فارسیش نەدەما، یەک نەفەر دەتوانێ لە سەر پێکهاتنی زمان زۆر شوێن دابنێ، بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوومان هەبێ دەبێ هەمیشە وریا بین چ دەنووسین، چۆن دەنووسین، لە بارەی ڕێزمانییەوە هەڵە نەکەین.

هەرمان: گەر سرنج بدەینە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار لە قورئانی پیرۆزدا کەلکی لە زۆربەی زاراوەکانی زمانی کوردی وەرگرتووە، دەڵێی ئامانجێکی لەم کارە هەبووە و بە ئانقەست ویستوویەتی بە خوێنەری کورد بسەلمێنی یەکگرتنی زمان کارێک نییە کە نەکرێ، ڕاوبۆچوونی جەنابتان سەبارەت بەم زمانە چییە و ئایا مەبەستی ئێوەش لە یەکگرتنەوەی زمان هەر ئەوەیە؟

قازی: مامۆستا هەژاریش لە سەر ئەو بڕوایەی بوو کە دەبێ لە نووسینـدا کوردی سۆرانی، ئەو کوردییەی ئێستا لە ئێوەڕاستی کوردستانی گەورەدا ڕەواجی هەیە لانیکەم وەک زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە واژە و زاراوە و دەستەواژەی بادینی، کەلهوڕی، هەورامی و... دەوڵەمەند بکەین، مامۆستا هەژار ئەو کارەی کرد هەر بەو مەنزوورە و چوون پێی وا بوو قورئانی پیرۆز کتێبێکە کە هەموو کەس دەیخوێنێتەوە و لە لای پیرۆزە خوێنەر و لایەنگری زۆرتری هەیە، لە وێدا ئەو کارەی زۆر ئاشکراتر کردووە، لە ئاسەوارەکانی دیکەشیدا تاق و لۆق ئەو کارەی دەکا بەڵام لە وەرگێڕانی قورئانەکەیدا بە ئانقەست ئەو کارەی زۆرتر کردووە و کارێکی باشی کردووە. ئێمەش دەبێ ئەو کارەی بکەین ئەمن لە نووسینەکانمدا یەکجار زۆر کەلکم لە واژەی لای جوانڕۆ و هەوشار و زۆر جێی دێکە وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەر ڕووناکبیرێکی کورد تا ئەو جێیەی دەتوانێ زاراوەکان بناسێنێ، ئەگەر ئەوانە کۆ کەینەوە و کەلکیان لێ وەرگرین زمانی یەکگرتوو پێکهێنان زۆر دژوار نییە. ئەمن پار بۆ کونگرەی زمانی کوردی سەفەرێکم بۆ کوردستانی تورکیا کرد و چوینە "وان"ێ، زاناکانی وێ دەیانگوت ئێمە سۆرانیمان قەبووڵە تەنیا بە ئەلفبای ئێمە بینووسن با تێی بگەین. لە حاڵێکدا هێندێک پەیدا بوون دەڵێن کوردی نابێتە یەک زمان و دەبێ دوو زمان و سێ زمان بێ، ئەوانە لێی حاڵی نین.

هەرمان: هەر وەک ئاگادارن لەو ساڵانەی دوایـیدا بەتایبەت لە باشوور نێهزەتێکی وەرگێڕان دەستی پێکردووە، دیارە سەرەڕای ئەوە کە هێندێک کاری باش دەکرێ و وەرگێڕێ بەتواناش کار دەکا هێندێک کەس هاتوونەتە مەیدان کە بە بێ ئەوەی زانستێکی ئەوتۆیان لە سەر وەرگێڕان هەبێ و لانیکەم لە حەوزەی تەخەسوسی ئەوانـدا بێ دەستیان داوەتە ئەسەوارێک کە بۆی هەیە سبەی وەک سەرچاوە و ژێدەرێک نووسەرانی کورد پشتی پێ ببەستن و بە ئاشکراش دەبینین کە زۆربەی ئەم وەرگێڕاوانە بەپێی زەوق و سەلیقە نەکراون و کۆمەڵێک واژەی داتاشراو، دەستەواژەی نامۆ و ڕێزمانی هەڵەیان تێدا بەدی دەکرێ، پێتان وا نییە پێویستمان بە شوێنێک هەبێ بۆ لێپرسینەوەی ئەو ئاسەوارانەی بە زمانی کوردی وەریاندەگێڕنەوە؟

قازی: بێگومان ئەگەر سەنتەرێک یان ناوەندێک بە ئیمکاناتەوە هەبێ و کۆمەڵێک ڕووناکبیر کۆ بکاتەوە و ئەو جەریانەی کۆنترۆڵ بکا لە باری زمانی، ناوەڕۆک و ئەوەی بە قازانج بێ و... زۆر زۆر کارەکە ئاسان دەبێتەوە، بەڵام سەرەتا لە فارسیشدا ئەو تێکەڵ پێکەڵی و ئاژاوە و گرفتانە هەبوون، لە دەورانی مەشرووتییەتەوە تا ئەورۆ لە ئێرانیش سەنتەرێکی وا نەبووە کە بڵێین دادەنیشن ئاسەوارەکان کۆ دەکەنەوە، هەر ناشرێک دیارە ئیدیتۆرێکی هەبوو یان هەیە کە کتێبەکەی لە باری ڕێزمان و هەڵە چاک دەکا بەڵام لە باری ناوەڕۆکەوە هەر کەس ئازاد بوو هەرچی وەریگێڕێتەوە تا ئەو جێیەی بە زیانی خوێنەر و کۆمەڵگا نەبێ. ئەمن پێم وایە ئەو دەورانە قۆناغێک بووە، وردە وردە ڕەسەنایەتی زاڵ دەبێ بە سەر ئەو وەرگێڕانە غەڵەتانەدا، هەر کارێک کە دەست پێدەکەی ناشیگەرییەک لە گۆڕێدا هەیە، هەر کارێکی دەست پێ بکەی لە پێشدا پسپۆڕ نی، وردە وردە فێر دەبی، کۆمەڵگاش وایە، بۆ وێنە کۆمەڵگا دەبێ بە سەدان ساڵ فێری دێموکراسی بێ، بە سەدان ساڵ فیری مەدەنییەت و شارستانییەت بێ کە هەموومان ئارەزوومانە، دنیای وەرگێڕان و نووسینیش وایە، نوخبەکان لە سەرەتادا هەڵناکەون، دەبێ زەمان بوگزەرێ، کاری غەڵەت بکرێ، کاری چاک بکرێ وردە وردە ئەو کارانە دەپاڵێورێن و پیاوی لوتکە و گەورە وەدەر دەکەون، لە ئێرانی زەمانی قاجاردا وەرگێڕانمان هەیە لە حاجی بابا ئیسفەهانی یا ملکم خان و... چاویان لێدەکەی زۆر سەرەتایی و ناشیانەن بەڵام دوایە نەجەفی دەریابەندەری، ئەحمەدی شاملوو، محەممەدی قازی، بێهازین، یوونسی بانەیی هەڵدەکەون. کەوابوو ئەمن نیگەرانی وەی نیم بڵێم ئەو ناشیگەرییانەی کە ئێستا لە وەرگێڕانـدا هەیە هەر بەردەوام دەبێ، ناچار پوختە دەبێ، هەموو کارێک مەحکوومە بە تەکمیل بوون، یان تێدا دەچێ یان دەبێ تەکامول پەیدا بکا و چوون وەرگێڕان کارێکە ناتوانێ ببیرپیەوە ناچارە پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ و زەمانێک دێ کە ئێمە وەرگێڕی زۆر گەورەمان دەبێ و ئێستاش هەمانە.

هەرمان: هێندێک لە سەر ئەو بڕوایەن وەرگێڕانی شێعر دروست نییە، ئێوە لە وەرگێڕانی شێعردا بەتایبەت وەرگێڕانی شێعرەکانی نیما چەندەتان هەوڵ داوە بۆ پاراستنی گیانی شێعرییەت و قوربانیـنەکرانی ئەو فەزا شاعیرانەی کە شاعیر لە زمانی خۆیـدا گەرەکێتی؟

قازی: ئەوەی کە دەڵێن شێعر نابێ وەرگێڕدرێتەوە بۆچوونێکی نادروستە، شێعر بۆ وەرناگێڕدرێ؟ بەڵام کەسێک کە شێعر وەردەگێڕێتەوە دەبێ شاعیر بێ، دەبێ زەوقی شێعری هەبێ و قالبەندی و زەرایف و نوکتەبینی و ئەو خاڵە وردانەی لە شێعری شاعیری سەردەمـدا هەیە و دەبەهەوێ وەری بگێڕێوتەوە لەبەر چاو بگرێ، لە ئەدەبیاتـدا شتێکمان هەیە پێی دەڵێن تەوارۆن، زۆر جار دوو شاعیر دوو شتان دەڵێن عەینی یەک، یانی واردبوونی سوژەیەک، چوون ئێمە ئینسانین دەتوانین موشتەرەکاتمان هەبێ، کاتێک شاعیرێکی ئینگلیزی عەینی ئەو شتەی هەست پێدەکا و منیش ئەو هەستەم هەیە دەتوانم بە ڕاحەتی وەری بگرم و بیکەمە کوردی کەوابوو ناتوانین بڵێین شێعر بۆ وەرگێڕان نابێ. ئەمن پێم وایە وەرگێڕانی هەژار لە چوارینەکانی خەییام لە زۆر جێ لە سەرترە لە سەرچاوەکەی، زۆر وەرگێڕانی دیکەش لە خەییام کراوە دەیخوێنییەوە ڕشانەوەت دێ. یان چاو لە وەرگێڕانی هەڵۆی خانلەری بکەین لە سوارە و لە هەژاریـدا، من بە شێعر دەستم بە کاری ئەدەبی کرد، بەڵام دوایە دیتم شێعر بە کاری کوردایەتی نایە، دەرەقەتی نایە، ئێستا کورد دەبێ زمانێک دروست بکا بەریلاو بێ، ئەوە بە شێعر ناکرێ، قەدیم دەدیت جۆغرافیاشیان بە شێعر دەگوت، جۆغرافیا بە شێعر ناگوترێ، فەلسەفە بە شێعر ناگوترێ، مەدحی خودا و پێغەمبەری دەکرێ بەڵام فەلسەفەی ئیسلام بە شێعر دابین نابێ. شێعر بۆخۆی لە زمانی سەرەکیشـدا مەیدانێکی بەرتەسکی هەیە، بۆیە وەرگێڕانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە زەحمەتە، دەنا ئەگەر کەسێک زەوقی هەبێ و لە ڕۆحی مانای شێعرەکە بگا وەرگێڕانی بە ڕای من دەست دەدا.

مادی ئەرجومەندی

هیچ...

تۆ خواوەندی جندۆکەکانت دیوە؟
پەردە و نان و ماسی دێنن
خۆ ئەکەن بە ئێوارە
زەوی ئاوس دەبێ لە شەو
شەو تاقانە کچی زەوییە
خۆ دەشارێتەوە لە بوون و ڕەشی
ماچی دەمی ئێوارەی پێتاڵە
نەکا کچێ بەسەر کوڵمیا بڕوێ
نەکا بێزوی مشتن بکا
نەکا ، نەکا ، تامی لە شەو زانیبێ
نەکا بۆنی کورپێک بێتە خەوی
دەسەر سەری زەوی گێڕێ و
نەوسنەکانی ئامێز و شەو لە خەو کاتەوە
ترسی هەیە لەم تەمەنە مەرگاوییە
بە ماچ ئاوس بێتەوە
ئەترسێ بڵێ ناوم پەریایە ئەڵێ ناوم هیچە
ئاخر من دایکم ناوی ناوم
باوکم حەزی لێنییە.

سوبحی سەلیمی

١

سەمفۆنیای پرچەکانم ،
شاییەک ئەڕازێننەوە .
چۆپیکێش "عیییوو" ئەکێشێ .

***

زەوی پڕە لە بۆنی گەنیوی چوارمیتر قوماشی سپی و
لە باوەشی ئاڕیەبایا ،
خۆر ئەگاتە تریفەی پرچم.

٢

چاوەکانم شیلەی گوڵ ئەمژن و
لە دەربەندی ئاوێتەبوون لەگەڵ زستانا،
بەهارێکی گەرم میوانی ڕوخسارمە .
کەچی چاوەکانم ئاوێکی سوێر ئەرێژن.

٣

منم و شەو ڕووبار و چاوەکانت و
ئۆقرەی ئەرخەوانی خۆشەویستیت .

***

کە خۆر هەڵات،
جەنازەی مێزەرێک،
لێوەکانمی بەردەباران ئەکرد.
لە باوەشی ڕووبارا،
چاوەکانت ، سووراوی هەتاویان ماچ کرد

٤

لە گوناحەگەورەی قامکەکانتەوە،
تا تەنیایی مەمکەکانی تاقەدارەکەی ئاڕیەبام،
ڕەنگە دوو هەنگاوم مابێ تا بەردەباران و ژوانێکی بێماچ و
بێتۆ.

محەممەد مستەفازادە — ڕووانا چووپانی

گۆرانیە ئاوسەکانی ژوانگەیەک

دڵنیام لە عەشقی نیگات
لە گەرمی چاوەکانی تۆ
بەڵام بڵێی ئەو ساتە بێ
لێوەکانیشت بێنە گۆ ؟!

***

گەر لە ماچانم تێر نەبووی
لێوت لابە لە سەر لێوم
قوولّ قوولّ بڕوانە چاوانم
با ئایەتی خۆشەویستیت
پێ ئیلهام بێ
لە ناو حەرای
دڵ و گیانم

***

بڕیارم دا شەرم نەکەم
منداڵانە بۆت بێمە گۆ
ئەی بووکەڵە چاو شینەکەم
خۆشم ئەوێی
هەر تۆم ئەوێ بە تەنیا تۆ

***

چەن سپڵە بووی
چەند پێنەزان
دڵمت شکان
لە خاکی خۆتا خۆفرۆش
دڵم بۆت ببووە نیشتمان.....!!

***

سەیرە یارم
تەنیا گوڵێکی دایە دەستم
کەچی ئێستا
لە لاشەی پاییزی ڕوحما
بە گشت بەهارەکان مەستم!

پارچەخەندەیەکی ناشیرین

پارچەخەندەیەکی ناشیرین فۆڕمم پێ ئەدا
کۆتایی نایە
هەڵبەستی ئەمڕۆم ساکارە لە بەر چاوی خەڵکی ئەم شارە
لە ئێوارەیەکی وەنەوشەیی
پڕ بە ناسکی خەیاڵم
لە پانتای شێعرێکی بێ نان و ناو تامێک ئەچێژم
بە هەزار بسکی ئارەزوو نیگا ئەکێڵم
زەمان تون تون لە باوشما خۆی گرتووە
چە جەزبەیەک تەپم ئەکا لە بێبارانی
کپ ئەبم لە تیژترین بۆنی سەر شەقام
کۆتایی نایە
خۆم لە ڕەنگی ئاوا ئاسمانیتر کردووە
دڵداگیراوی هەوری تەماشاکانە
کۆتایی نایە
چاروبار هاوار ئەشکێتە سەر بەردەکان
ئەنیا خوا حەز لە بوونم ئەکا
بۆ ڕچمی ڕەسمە ناشیرینەکان

لە زەکاتی ماچەوە ئایین ئەدەن
کۆتای نایە
پارچەخەندەیەکی ناشیرین فۆڕمم پێئەدا
چە دەسکردێکم هەیە لە فەرمایشە بێفۆڕمەکان
من لە تۆ بوونم هەیە
تۆ لە من
نا بمدۆزنەوە لە ناموس بۆ بەژن و بالاێەکی بێتانوپۆ
کوا پەیکەرەیی ڕاستییەکان
وا کوتوپڕ ئەکەونە خوار
ناڕژێت هیچ ئەندیشەیەک بە ڕووباری ڕوحم
لە بسکێ زەوی پڕ بم لە خۆم
دوور بم لە تۆ
کۆتایی نایە
لەم تۆفانە شێعرەوە دەس پێئەکەم
تاکوو لە دەشتە بێدەشتەکانی خۆما مات مات
کیش نەبمە ڕووت...

هەوالنامەی کێبڕکێ

شەمەندەفەری باران

بەیانی هەستا لە خەو ئامێزی شینی باران
ساتێ لە سێبەری تۆ ئاسمانی پڕهەتاوم
ئاهەنگی ڕووبار و چەم دەلاوێنن دڵی تۆ
لە مێژە لێم تۆراوە سەرچۆپی کێشی کۆڵان
لە زەمهەریری مەدا تیشکی ئاوێنە ڕسکا
بەهارە چۆلە جێژوان لە خاکەلێوەی ژینا
هەژار تاکەی دەساوی دەستت لە مەمکی بەفراو

تاسەی خستۆتە جەستەم لەشی بەفرینی باران
حەسایەوە پەرچەمت بە باوەشێنی باران
دەکەونە هەڵپەڕینێ کاتی ژەنینی باران
هەر دێت و دەمرفێنێ چەشنی شەهێنی باران
جوانتر لە ڕووناکیە زەردەی نەسرینی باران
هەناسەی ڕەش هەڵگەڕا خونچەی خوێنیتنی باران
بڕۆ بیکە بە دەریا شێعری شیرینی باران

هەژار ئیبوو

زانکۆ خەلیفە

ڕێبوارێک لە جنسی خۆڵ و ئاوەوە

مەودات بڕی
ئەم شەوەی کە هەر چی ئەستێرە بوون
حەیرانت بوون...
لە ڕاخووشینی گەشاوەترین شتێک لە جنسی خۆڵ و ئاوەوە
مانگ و ئاسمان ڕێبوارێکیان دەدیت،
هەر لە جنسی خۆڵ و ئاوەوە
دەورادەوری کاکێشان لەم شەوەدا ئەستێرە و نوور و شەبەق بوو
تۆ! ئەی خۆشەویستترین بنیادەم...
ڕەنگینترین شەوی ڕەشی هەموو ڕۆژگارت نەخشاند
ئێستگە بە ئێستگەی ئاسمان خۆت "پێشەوا"یەک بووی
ساتی ساردێژی شەوە ژوانت دیاری کرد
فڕی فڕی بە هێزەوە
وردە وردە من چاوەڕێت ئەکەم
غەریبیت ئەکەم...
لە هەرچی هەست و نستی ئەم کاکێشانە
خەبەر کرای،
ئارامیت لە دیالۆگێکی ڕاستەقینەدا
ج ڕاستەقینانە خۆ دەنوێنێ
لەم سەفەرەتدا سەروەری ئەکەی
کە ڕوو لە بنار ئەکەی، پێدەکەنی، دەگری
لە حەقیقەتێک ئەچی
کە خوون ئەبیەوە هەر لە ڕاستییەک ئەچی
هوون هوون دەگریت و دەگریم
ئاخ! حەقیقەتە ڕاستەقینەکەم

حەقیقەتە ڕاستەقینەکەم، کۆترێکی سپی باڵسوورە
گەرمێن و کوێستان دەکا
هەرد و هەوا ئەکا
بەحر و وشکایی ئەکا
ئازادی و ڕاستی و ئاشتی
هەر لە کۆترە سپییە باڵسوورەکەی من دەوەشێتەوە
مێژوو مەودامانی بڕی
کەچی تۆ ڕۆیشتی
کەچی دەستەشکاو مامەوە
غەریبی دوو باڵە سوورەکەت ئەکەم
غەریبی دوو چاوە قەترانییەکەت ئەکەم
غەریبی غەریبیت ئەکەم
بە قوربان

ئیرەج عیبادی

گلێنەی ئەستێرە

هەموو ماچەکانی
گوڵە بەڕۆژە دەناسێت و
تاقگەی خۆشەویستی هەڵ دەکا
ڕستە، ڕستە شێعر دەنووسێ
مێهرەبانیەکانی بێگژەبای تۆران و تێکچوون
هەستی یاد و
دەستی نەشکاوەی گرنگ دەبێتە گۆرانی
بلیمەتێک بە سەر مێژووا تێدەپەڕێ
بێپێنووسی چرا
چاوە ڕەشەکانی چیرۆک دەخوێنێ
لەم ڕۆژانە لەنجەی چیرۆکەشێعر
ڕۆمان دەکاتە ئاواز
ئاوازی تۆ و ڕووبار و سیمە دەنگ دارەکان
گلێنەی ئەستێرەیە
کە لە تۆی سازی قەناری
بانگی سواری یاخییەکان دەکا
پەیکەرتراشی با
نا ، نا
دەستەکانی بیری من
کە لە چۆمی ئەوینا مەلەی کرد
وێنووسی نەدەناسی
تاشی
تاشی
هۆنراوەی ئەندامی تۆی
لە داری وشەکان
تاشی

لە سەنگەری گوڵە نێوە سپی هەوریەکان
چەند ئاسمان
دەفڕێ، بەرزتر
سەرتر
ڕووگەی بەرانبەری هەتاو
بێسەر و شوێن
ون دەبێ و ڕێگا دەبڕێ
تا بە نازترین شاەژنی
عەشق و تاشەبەرد و ئەفسانەکان بگا
بەیانی نۆ چرکە
جێژوانی
ئەندێشەکانی باوەش و
باوەشێنی حەز
نایەتە ئەژمار
دڵەخۆڕپەکانی ئاوێنە و کاتژمێرا

٢٦ سنە- ٨٩/٤/٢٦

١- بێئەمە شاعیر ئاگادار بووبێ چوون نزیکە
بە شێعرێک لە شاعیری بەناوبانگی فارس؛ نادر
نادرپوور
" پەیکەرتاش پیرم و با تیشە خیال
یک شب ترا ز مرمر شێعر آفریدەام "

هەوالنامەی کێبڕکێ

عەباس ئاقایی

١
وەرزی خەزانە و
پەل پەل ژیان دادەوەرێ
پۆل پۆل پەژارە بە سەر باڵی زریانەوە
هەوار بە هەوار
سەردانی خۆشییەکان دەکەن
٢
دلاقەی ئاسمان داخراوە
کەسێک لەو بەرەوە
بە هەڕگ
ناخی کارێوە دەخنکێنێ
٣
لە لێواری پاسارەی تاشێکەو
کۆڕی کەڵەکان
دەڕوانێ گەمارووی چەن کەمتارێکا
ڕامانی هەرمانی کەژوان
خورپین یا خوریان؟

قاسم موئەییەدزادە "هەڵۆ"
بێشکەی کابووس

ئەم چیرۆکە هەزار ساڵی دی دێتە دی
ساکۆیان بردە سەر سەکۆ
قوربانیی هەستی کەوتە سەر کورسیلەکە
کە حێلەی مردن لێی هەستا سەر چەپۆکان
پەنجەرەی دوا هەناسەیان لێ پێوە دا و
دەروازەی قەڵای ئێسقانیان لێکردەوە
ئاخ!... خنکاندن!
هەروەک وەری سووڕێننەوە
ڕووی بێڕەنگی لە ئاوێنەکە وەرگێڕاو
گاشەبەردەکانی دڵی تۆقینەوە
دەقوواڵایی ڕوانینیدا، بوونە کانیاو
*
ئاوێنەکەی ڕۆژێک فیلمی دوێنێی دووپات دەکردەوە و
ڕۆژێکیش پێشڕەوەی سبەی دێنا بەرچاو
ئێستا بەبری دەبەتداماو
پارێزەری گەورەترین ڕازی مێژووی سەربەمۆر بوو
ساکۆیان بردە سەر سەکۆ
قوربانیی ڕوحی کەوتە سەر کورسیلەکە،
گورگی مەرگدانەکانی گڕ کردەوە
هەژدیهایەک هەڵواسرابوو؛
کلکی دەڕاژەی سێدارە و سەری دەئەستۆی هاڵابوو
وەسێتێکت هەیە بیکە؟!
ڕاچڵەکی... نا! کابووس بوو
بوومەلێلان، ساکۆیان بردە سەر سەکۆ
قوربانیی خۆفی کەوتە سەر کورسیلەکە
تەنافێکی مەیلەوشینیان خستە ملی
شەیتان قاقا پێدەکەنی:
((وەسێتێکت هەیە بیکە))؟
هاتنە خوارێ گەورەسوارێک و سرتەیەک
ساکۆ بەرەو ماڵ گەڕاوە
ڕۆژی دوایی:
ساکۆیان بردە سەر سەکۆ
قوربانیی مێژوو کەوتە سەر کورسیلەکە
پەتکی ڕەشیان خستە ملی
پێی سەیر بوو،
خۆی دەدی وەک هەیوولایەک هەڵواسراوە
لە پڕ دای لە پڕمەی گریان
هەندێ ڕاما
ئێنجا قاقا پێدەکەنی!؟
ئاوێنەکەی پێڕێکانێ خەونی دیبوو
ئەوڕۆکانە دەیگێڕاوە
ساکۆ! ساکۆ!
ئاوڕی داوە، دیتی شێرێک لە پشت سەری ڕاوەستاوە
لە خۆی ڕوانی جێگەکانی خوێناوی بوو، وەرسووڕاوە، وێنەی خۆی دی:
لە سەر کێوێک بە بەرزایی سەد ئێوێرێست ڕاوەستاوە.

جەلال پوورحەسەن

۱
تۆ دەتگووت:
نێوانی من و تۆ
بۆشاییەکی ئەستەمە
من ڕاناوەستم
یا ئەو بۆشاییە پڕ دەکەم
یا پردێک هەڵدەبەستم
۲
کێژێک دڵی بردووم
ساڵەهایە، من دەڕوانمە
لەنجە و گۆزەی شانی
هەرچەند عاشقی بووم
بەڵام گەلێک تووڕەم
لەو کەسەی وێنەی ئاوا دەکێشێ
ئاخر چۆن نەیزانی ئەو نازدارە
شانوپیلی دێشێ
۳
بوومە پارتیزانی ئێوارەت
هێند بە دواتدا هاتووم و چووم
ئەوڕۆ لە کەمینی بێمەیلیت کەوتم
زۆر بێبەزەییانە
شەهید بووم.

ئەرسەلان چەڵەبی

"وێرانی، ڕوانگەی ئاڵۆزی ئێمە بوو، نافرێ"

سارد بۆوە لەشی پیاوێک
کە سەرکەوتووانە
سەرما لووراندی بە لەشی شاردا.
لێرە دارستانێک بەدی نایە
باڵندەیەک نافرێ
سەرناکەوێ هێمایەک کە بمانسەلمێنێ.
ڕووە و وڵاتێک شۆڕش دەبا،
کرمی بن بەردی چۆڵەوانێک.
ئەوین تێدەگا
ئاوارەیی لەشی ساردی پیاوێکە،
شار، دەیسەلمێنێ.
ڕووە و وڵاتێک هێرش دەبا
وێستی دڵی ئێوە ئەگەر یەک نەگرێ.
تاریکی تێدەگا
وێرانی، ڕوانگەی ئاڵۆزی ئێمە بوو،
شەقام، دەیبەزێنێ.
ڕووە و وڵاتێک دەبزوێ
خیانەتێکی خۆشەویست
لە باخەڵمان دایە و
بۆن بە لەشمانەوە دەکا
کە گەرم بێتەوە وێڕای وێستێک
پیاوێک تێدەگا
کە سارد بۆوە لەشی
کە سەرکەوتووانە
سەرما لووراندی بە لەشی شاردا.

سۆران حوسێنی
قرتێنە

حەزی سەرما
جستانی هاروواژاندووە
تارای بەفر
بە دەم باوە
دەستم کەسیرەی گیرفانمە
تەمام
لەو قرتێنە پشکۆییەی
بەرۆکی
نازت هاڵاوە!

تابلۆی جێژوان


باران بۆ پێکەنینی خۆر
ڕادەکشێ
وەک پەلکە حۆری
من بە بزەی تۆوە شێعرم
چونکە تۆ جوانتر لە خۆری
شێعر و پەلکەحۆری جوانن
دیمەنی پێکگەیشتنی
خۆر و باران
تۆ و سۆرانن
شێعر و پەلکەحۆری
شەنگ و
بااڵ بە بااڵی جێژوانن!!

جێگر

تەنیا شێعر
لە ژێر حەریری خەونەدا
دەتکا بە خاتوونی دڵخواز
تەنیا شێعر
ناوێزت بۆ دەگرێتەوە و
پەردەت لا نادا لە سەر ڕاز
شێعر دەستەخوشکی تۆیە
لە باتی تۆ دێتە ژوانم
هیچ ئەزانی
بە بێشێعر
بۆ ئێتر ژیان ناتوانم؟!

هەواڵنامەی کێبڕکێ

حەوتەوانەی ئەوین



سەباح محەمەدی

چرۆی دڵ کاتێ سوور هەڵدەگەڕێ و تێکەڵ بە ئاونگی ئاوەز دەبێ، ئەوین ئەپوێنێ. کێ و شێ ئەوین دوو بەشە؟ زەوینی و زەینی و هیچی دی. ئەوین ئەگەر کۆرپەی دڵە و ئاوەز بە بیر ئەیجوێنێ. حەوت جۆر ئەپوێ. وەک چۆن ڕەنگ حەو ڕەنە و نۆت حەو دەنگە، ئەوین لای من ڕەنگە حەوت و لای تۆ شەش و لای لایەنێک دوو هەستی سپی و چارەڕەش.

ئەوین، مەیدانێکی حەوت شەقامە: دایە و زێد و مرۆڤ، سرووشت و هیوا و گراو و خوا.

یەکەم ئەوین: دایە، چاوگەی بوونە و مژەی ژینی سپی سپی پێبەخشیوی و لە شەقامێکی درێژدا بە وشەی ئاڵتوونی و بزەی پەژارە بەڕێت ئەکا و پەساپۆڕتی ئەویندارێت ئەکاتە ملوانکەی چوون و ئەڕۆیت و شەقام ئەتبا و ئەتبا و تا لە کوێ هیچ نییە خوایە ئەڵێی دایە!

دووهەمیان ئەوین بە زێدە: کام گوڵدان گۆشی کردووی دیسانەکە لەو گوڵدانەدا ئەڕوێیت و باڵا ئەکەی . نیشتمان شەقامی تۆیە بۆ پیاسە و گەپوگاڵتە. ترس لێرە گرای نییە و ورە باڵای قەد ئەکێشێ کە نامۆیی داوێنی گرتی براڵە ئەرێ واڵێ ئەگەر دووریش دووری کردی و مردنیش بەرۆکی گرتی، تا ئەو سەرێ کە سەر نییە و خوایە دەڵێی دایە:

ئەگەر مردن گریا بۆسۆی بێکەسیم
گۆڕی کەندی و پیریش کفنی دادڕیم
لە بەرزایی شاخێ تەرمەکەم بنێژن
بۆنم بەرێ "با" بۆ زێدی غەریبیم

سێیەمیش ئەوین بە مرۆڤ: تا "تۆ"م نەبێ و "تۆ"ش "من" نەبێ، کەنگێ «ئێمە» ئەبین بە دار، چڵ و لۆپۆ چڕ کەین و مرۆڤ ببێتە تاقە دار. خۆشەویستی سنووردەکان قەڵ بڕ ئەکا و ڕەنگەکان ئاوێتەی شەقامێکی بێکۆڵان و سێبەر ئەکا، شەقامێکی ئەویندارێ دەرکە و دەلاقەی ئاوەڵان، ئەوین دوو باڵی واڵایە و تا چاو بڕ کا لەم شەقامە دەستی مرۆڤ لە گەردنی ئەکتر دایە.

چوارەم ئەوین سرووشتە: ئەوین بە مار و مرۆ، بە دار و ڕۆ ، مەڵ و بە ڕاسانی سەختی بەردێ. چێ ملکەچی ئەوین نییە؟ مار بە فیکە و ئاسک بە چکە و پڵێن بە چاو، بەرد و داریش بە چەنگی ژەندنی ژیان و هەنگیش بە ماچ ئەتخوێنەوە و گورگ و مێ بەر ئەبنە شەقام.

شەقامێک کەس ناسڵەوێت و هەتا ئەڕۆی مار و مرۆ بەڕەڵڵایە لە چەمەڕای ئەوین دایە.

پێنجەمینیش هیوایە: هیوا چاوت ڕائەکێشێ و هەنگاوەکانت ئەگوازێ و دڵت ئەگۆزێ لە ئاوی مان، دەستەکانت ڕادەدێرێ و هەستەکانت دەبووژێنێ چرکەچرکە و بست بە بست هیوا لە شەقام ئەچنێ و تا ساتە سانتێک دانەمرکێنێ. هیوا هەناسەت پێئەدا و بە بزەوە وزەت پێئەبەخشێ باڵاکەی، ڕابێی، تا ئەوپەڕی خۆزگە ڕاکەی هەتا بڵێنم شەقامی ئەوین ئاوایە "بە هیوای ماچ" جووتە ملانی هیوایە.

شەشەمین شەش‌دانگی ئەوین عەشقە: ئەوین دڵە و تەنیا دڵێک داڵدە دەکا و دوو دڵ نین و لە گوڵدانێکدا و شەقامێکی دوو سەرن. دڵێ لەم سەردڵێ لەو سەر. تۆ عەشقمی و ئەو گوڵانە هەموکنا. تۆ لایەک و ئەو کۆرانە هەموو برا . لەم شەقامە دوو سەرەدا ئەوین گەرا ئەخا جووت جووت، کۆترە برنجە جووت ئەخا. تا ڕای بووکێنی هەڵئەکا ئەم ئەوینە بۆ تۆ عەشقێک باڵا ئەکا و هەموو بابە بۆ منیش عەشقێک ئەفرێ و هەموو واڵێ هەموو دایە.

حەوتەمین ئەوین خوایە: بەردە، شاخە، شایە، خوایە!

ئەوینێکی نزیک نزیک و بەس دوورە. لە نزیکەوە دەست ئەگرێ بۆ تاشین، هەڵت ئەگرێ بۆ دیاری و هەڵت ئەمژێ بۆ ژیان، کەچی لە دووران‌دوورەوە ماچێک ئەدا لە گڤەی با و ماچی ئەکا. لەو شەقامە ئەوین ئاوس بە خوایە و تەنیا تۆیت و مێخەکی ڕوحی خوڵایە.



سێناریو

سێناریونووس بیر لە ئەکتەرێک دەکاتەوە. کوڕێکی مێرمنالە کە بە جلوبەرگێکی کۆن و چاوێکی پڕ لە داوا وە ژوور دووکانی پڕ لە بەرەکەتی حاجییەک دەکەوێ و داوای یارمەتی لێدەکا. حاجی لە چاوێکی پڕ لە لۆمە و بڕوا بە خۆبوون لێی دەڕوانێ:

- ڕۆڵە گیان تۆ ساغوسڵامەتی و ماشەڵڵا تازە هەوەڵی لاوەتیتە، بڕۆ بۆ خۆت کار بکە و بە سەد جۆر دەتوانی، پووڵ پەیدا بکە... کوڕکە لە دووکان دەر دەکەوێ و بیر لەو جۆرانە دەکاتەوە کە دەتوانێ پووڵ پەیدا بکا.

سێناریونووس لەگەڵ دۆستێکی باس لە ئەکتەرێک دەکا. کوڕێکی مێرمنالّ کە ناچارە خەرجی دەرمانی دایکی دابین بکا. خۆی لە ژنێک مات داوە کە تازە لە بانکێک هاتۆتە دەر. وای بۆدەچێ ساکی ژن پڕ لە پووڵ بێ. وردەوردە لە ژنەکە نزیک دەبێتەوە و لەگەڵ هەر هەنگاو دڵەکوتەی زیاتر دەبێ. پڕ دەداتە ساکەکە و پچڕێنپچڕێن دەست پێدەکا. ژنەکە دەزیقێنێ و ساک بەر نادا. پێلاقەیەکی قووڕس دنیای لە پێش چاوی تاریک دەکا. بەهەر شێوەیەک بێ، خۆی لەژێر مست و شەپەکان دەرباز دەکا.

سێناریونووس خەریکی نووسینی بەسەرهاتی ئەکتەرێکە. کوڕێکی مێرمنالّ حەول دەدا فەرغوونێکی پڕ لە سیمان بە سەر تەختەیەکی لێژدا وەسەر خا. قووڕسایی فەرغوون لاتەرەی پێ دەبەستێ. لەگەڵ دەنگدانی وەستا: "دەی زوو بە، پشتت شکێ"، بە فەرغوونەوە بەر دەبێتەوە. مۆهەندیسێکی لاو کە لێی نزیک دەبێ، دەگاتە سەری و هەڵیدەستێنێتەوە و چاو لە بەری دەستی دەکا کە بەهۆی تەقینی بلۆقەکانی تەواو بریندار و خوێناوییە:

- خوودا غەزەب لە وانە گرێ کە خەڵکیان ئاوا چارەڕەش کردووە...

کوڕەکە لە چاوی ئەندازیاری لاو دەڕوانێ. چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو.

شەقام پڕە لە هەنگاوە بە پەلەکان و دروشمەکان و پۆتین و گۆپاڵ. کوڕێکی مێرمنالّ بە جلوبەرگێکی کۆن لە حاڵێکدا قسەکانی حاجی لە گوێیدا دەزرینگێتەوە و شوێنی پێڵاقەیەک هێشتا لەسەر لیباسەکەی ماوە، دێتە سەر شەقام. چەند لاپەڕەیەک لە نێو دەستە پانسمانکراوەکەی دایە. لاپەڕەکان دەردێنێ و بە هەوای دادەکا. بەردێک دەست دەداتێ و لە گۆپاڵ بەدەستەکانی دەهاڵێنێ. لاپەڕەکان بە دەم باوە لە سەر شەقام بڵاو دەبنەوە. لەتکێکی بچووکی دەکەوێتە بن پۆتینی گۆپاڵ بەدەستێک. هەڵیدەگرێتەوە و دەیخوێنێتەوە.

بووکەشووشە

لەیلا نوورانی


ئەو دوو حەوتەیەی لە ماڵی نەنکی بوو، وەک شێت و هارانی لێهاتبوو، بیستوچوار سەعاتەی خودای بووکەشووشەیەکی لە ئامێزدا بوو، ئەگەر بە تکاوپەجای نەنکیشی تاوێک سەرێکی لە کۆڵان دابا، منداڵەکانی هاوتەمەنی لێی دەهاڵان، تا بۆیان دەکرا گاڵتەیان پێدەکرد و هەرایان دەکردێ: «ئاوالّی کچان، بابی قالۆنچان، تەندووری ورچان»کاروان دەتکوت گوێشی لێ نەبووە هەر دەگەڕا لە کەلێنێکی ڕۆژانی وەگیر کەوێ و سەبارەت بە ئاگاداریکردن لە قژەکانی بووکەشووشەکە پرسیاری لێ بکا، نەنکی هەر بۆڵەی دەهات و لەبەرەخۆیەوە دەیکوت: « لەگەڵی بوومەتە مەخسەرەی سەگان، خودا ڕووی دایکت...»

لێرەدا لە بنەوە چاوێکی لە کوڕەکە دەکرد و بێدەنگ دەبوو، ئەو ڕۆژەی لە کاتی نانخواردندا خاڵی کوتبووی بە زاتوسیفەتی خودای وەگیرم کەوێ لە پێشدا سەری دەتاشم، کاروان پاروویەکەی لە گەرووی گیرا و وەختْ بوو بخنکێ، هەڵاتە حەسارێ و تونتوند سەری بووکەشووشەکەی بە سینگیەوە نا و چنگی وەک قولاپ لە پرچەکانی قایم کرد، نەکا خاڵی پێبزانێ و سەری هەڵقەنێ! شەوی ئەوێ شەوێ خەوی لێنەکەوت و دەتکوت کێشک لە سەروقژی بووکەشووشەکە دەکێشێ. بابی بەپێچەوانەی جاران ئەگەر دەهات دەستێکی بە سەریدا دەهێنا و دەڕۆیی، جاران لە ئامێزی دەگرت و دوو - سێ کەڕەتان بەتەواوی هێزی هەڵیداویشت و دەنگی قاقا و پێکەنینیان ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیی، ئەو شەوەی سەری لەسەر کۆشی بابی دانابوو، تازە چاوی دە بینەخەو ڕاچووبوو چەند دڵۆپێک پرژایە سەر ڕوومەتی و ڕاپەڕاند، هەرچەندی بیری کردبۆوە نەیتوانیبوو لە مێشکی منداڵانەی بچووکیدا ولامێک بدۆزێتەوە؛ ئاخر جاران ئەگەر کاروان بە هەر هۆیەک گریابا بابی دەیلاواندەوە و دەیکوت: کوڕی خۆم! پیاو قەت ناگری؛ خۆ کچۆڵە نی! ئەدی بابی بۆچی بۆخۆی دەگریا؟! هەرچی دەیکرد زاری هەڵنەدەپچڕا پرسیار بکا و هەرچەندی لە مێشکیشیدا دەیهێنا و دەیبرد لێی حاڵی نەدەبوو. ئەو ماوەیە هەموو هەستەکانی لاوازتر لە جاران بوون و چاوەکانی لێ ببوون بە گەورەترین چاوی دنیا و ئەوەی دەیدی بەتەواوی گێژی کردبوو، بەهۆی ئەو نهێنییەی سوڕپۆشی کردبوو، بووکەشووشەکە لە دنیای بچووکیدا ئازیزترین کەس و بەنرخ و بایەخترین شت بوو، لە خۆی زیاتر کەس سەرەدەری لێ دەرنەدەکرد. ئەوەش لەو ئێوارەوە سەرچاوەی گرت کە لەگەڵ دایکی لە ژێرخان بوون. کاروان بۆ هەوەڵجار لە ژیانیدا بە چاوی خۆی لە دایکبوونی پەپوولەیەکی دیتبوو، کاتێ لە قۆزاخەکەی هاتە دەرێ باڵەکانی گەورە و سپی و جوان بوون، کاتێک بەرەو حەسار هەڵفڕی و ڕۆیی دایکی بە چەند فرمێسکێک هاوڕێیی ڕۆیشتنەکەی کردبوو. کاروان هۆیەکەی لێ پرسیبوو، دایکی کوتبووی هەموو کەس ڕۆژێکی دەبێ بۆخۆی بژی و بڕوا، کاروان پرسیبووی ئەدی دایە منداڵەکەی؟! دایکی کوتبووی ڕۆژێکی لەگەڵ پەپوولەکە بۆلای منداڵەکە دەگەڕێنەوە، لە ڕاستیدا هەموو پەپوولەیەک چاوساغی دایکێکە و ڕۆژێک دایک و منداڵێک بە یەکتر شاد دەکاتەوە! دایکی کوتبووی بێت و ئەمن بڕۆم ئەو کاتەی دارهەنارەکەی حەسارێ گوڵی دا ئەو پەپوولەیە دەبینێ و کاتی گەڕانەوەم پێ ڕادەگەیەنێ! پێداگری لەسەر ئەوەش کردبوو کە ئەوە گەورەترین نهێنی نێوان خۆی و کاروانە و نابێ قەت بە کەسی بڵێ، دەنا پەپوولەکە چاوی کوێر دەبێ! هەر ئەو ڕۆژە بسکەکانی بووکەشووشەکەی هەڵقەند و پرچەکانی خۆی هەڵپاچی و بە سەری بووکەشووشەکەیەوە نا، ئاخر کاروان لە دووساڵی تەمەنییەوە فێر ببوو شەوانە دەستی لە سەروپرچی دایکی وەردەدا جا خەوی لێدەکەوت، کاروان نەیدەزانی دایکی بۆکوێ ڕۆییەوە و لە ڕاستیشدا تا ئەوکاتە کەس نەیدەزانی، ئاخر هۆیەک بۆ ڕۆیشتنی نەبوو، خاڵی دەیکوت هێند حەساوەبوو بۆیە یاغی بووە! ژن لە جێی خۆشدا هەڵناکا! جاری جاران کاروان شەوانە لەسەر لاقی بابی دادەنیشت و لێی دەپرسی: بابە ئەمنت چەندە خۆش دەوێ؟ بابیشی دەیکوت: ئەتۆ بەقەد نیوەی دنیا و دایکیشت بەقەد نیوەکەی دیکەی دنیا! بەڵام دەو دواییانەدا ئەگەر لە ماڵە نەنکی هەر ئەو پرسیارەی دووپات کردبۆوە، بابی کوتبووی ئەتۆم بەقەدِ هەموو دنیا خۆش دەوێ! شەوێ لە جێیەدا بیری لەو شتە کردبۆوە ئەگەر بابی ئەوی بەقەد هەموو دنیا خۆش بوێ وادیارە تازە دایکی خۆش ناوێ، دوو سێ جاران دڵی پڕ ببوو، وە دڵەڕاوکە کەوتبوو و ترسابوو خەتای وی بێ، ڕەنگە

زۆر لەسەر دڵی بابی بووبێ بۆیە جێی دایکیشی گرتووەتەوە یان لەوانەیە بابی دایکی لە بیر چووبێتەوە؟! تەمای خۆی گرتبوو، هەر بۆیە لە ڕۆژەکانی دوایی‌دا بەئانقەست ئەگەر بابی دەهاتەوە داری بە بەردی دادەدا و هەموویانی جارز دەکرد. ئەو شەوە لەبن دەرکەی هاڵەکە گوێی لێ ببوو کە خاڵی کوتبووی سۆراغی دایکی کردووە، دەیکوت دوای ڕاکردنی بە قاچاغ سنوری بەزاندووە و ئێستاش لەو دیوە، هەستێکی نامۆ خزابووە ناو هەناوی و وەک کەسێکی تاسا بێ هەموو ئازای بەدەنی وەک خم شین هەڵگەڕابوو و دوایی سوورسوور داگیرسابوو، وەخت بوو جەرگوهەناوی بەزاری دا بێتەدەرێ و دەستی توند بە دمی گرتبوو تەنیا دوای قسەکەی خاڵی باش حاڵی ببوو، خێرا و زۆر بەئەسپایی بە نووکی پەنجەکانی ڕۆیبوو، سەردانی هەرتک دیوی کردبوو بەڵام هیچ ئاسەوارێکی لە دایکی وەدەست نەهێنابوو، ئەوێ شەوێ بیرێکی بە میشکی داهاتبوو هەر بۆیە پەڵپی لە بابی گرت و پێی لێ چەقاند ئیللان و بیللان دەبێ هەر ئێستا بڕۆینەوە، حەجمینی لێ هەڵگیرابوو؛ بابیشی بە هیچ جۆر ملی نەدا و بەڵێنی پێ دا سبەی بیباتەوە، کاتێ چووبۆوە ماڵێ کاروان بە هەموو دەمایە خۆی هەڵاتبوو و خۆی دە ژووری ڕاکردبوو بەڵام دایکی لە دیوەکانی ماڵە خۆشیان نەبوو، وای بۆ دەرکەوت کە خاڵی پیاوێکی درۆزنە، چونکە دایکی لەو دوو ماڵە بەدەر هیچ جێومەکانێکی دیکەی نەبوو؛ ئەگەر هاتەوە حەسارێ پێی وابوو گەورەترین دۆڕاوی دنیایە، دۆڵپای ترس بە سەرشانی داهاتبوو، بووکەشووشەکەی بە سینگیەوە نابوو و سەری داخستبوو و بۆنی بە قژەکانییەوە دەکرد، ئەڵبەت ئەوکاتانەی بووکەکەی بە سینگیشیەوە نەدەنا دایمە قورسایی‌یەکەی هەر هەست پێدەکرد. بووکەشووشەکە ببووە بەشێک لە لەشی و جیابوونەوە لێی مەحاڵ بوو.

ئەو ماوەیەی لە ماڵە خۆیان نەبوو لەجەغزی سەدان پرسیاری جۆراوجۆری بێوڵامدا سووڕانەوەیەکی بێئاکامی بوو و لە دەرەنجامی بیرکردنەوەکانی مندالانەی خۆی‌دا تەنیا ترسی ڕێدەنیشت و ئەو هەستە نامۆیە لە تەواوی ئاکارە و کردەوەکانی‌دا بە ئاشکرایی دەبینرا. لە حەساری ماڵەخۆیان هەموو شت گۆڕابوو، ماشێنێکی گەورەی شارۆی، ئەوەی گەورەترین ئاواتی کاروان بوو، لە دوور سرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، دەستی شل ببۆوە و بە دواهێزی خۆی پێشی کەوتنی بووکەشووشەکەی دەگرت، پێش ئەوەی بگاتە ماشێنەکە چاوی زەقزەق ببوو، دارهەنارەکە نەمابوو؟! کاروان خەیاڵ هەڵیگرت و وەیزانی سەدان پۆلی پەپوولە ون بوونە و لە دەوری دنیادا سووڕ دەدەن و ماڵەخۆیان قەتقەت پێنازانینەوە و دایکیشی... !! هەودای خەیاڵ و بیری پسا و چاوی پرپڕ ببوون لە ئاو، سینگی هەڵدەستا و دەپووکایەوە، ماشێنەکە دەتکوت دەنگی دێ و بانگی دەکرد، بابی زوو لێی حاڵی بوو، ئاخر دارهەنارەکە لە لای خێزانی زۆر خۆشەویست بوو، هەموویان ئەوەیان دەزانی و ئەویش لە داخان بە دەست و مستی خۆی بە بیوری وەریگەڕابووبە بەڵام لەبەر دڵی کوڕەکەی کوتی ئەو ماوەیەی لە ماڵ نەبووین دارهەنارەکە ویشک هەڵاتبوو، کرمێ ببوو، ئەمنیش بڕیم. کاروان وەک لە گەورەترین تاوانباری دنیا بڕوانێ چاوی لە بابی کرد بەو حاڵەشەوە بۆ لای ماشێنەکە دەڕۆیی وەک کەسێکی باوی لاقی خۆش نەبێ و بە ئانقەست یەکێک پاڵی پێوەنێ تا بگاتە گەورەترین ئاواتی خۆی، کاتێک تێی‌دا دانیشت. پشوویەکی قوواڵی هەڵکێشا؛ بووکەکەی لە پەنا خۆی دانا؛ بێئەوەی بیهەوێ قسەی ڕۆژانی وەبیر هاتەوە: دەبێ نێوێک بۆ بووکەشووشەکەت هەڵبژێری، جا ئەوجار دەبێتە ئاوات، چاوی لە بووکەشووشەکەی بوو و بەپێی سروشتی مندالانەی خۆیشی، سواربوونی ماشێنەکە ڕوخساری گەشاندبۆوە لەپڕا کوتی: دایە با بڕۆین بۆخۆمان بگەڕێین!!

هەوالنامەی کتێب



وێستگەیەک بە تەنیایی

ک .د .ئازاد

لە وێستگەکەدا سەرگەردان بوو! سەری بە هەموو کەلێن و قوژبنێکدا دەکرد!

- نا دیار نیە!

« کچی باش ئەو مارە خۆش خەتوخاڵە بە هەزاری وەک تۆی وەداوە! شوێن کڵاوی خوار کەوتووی!»

کوڕێک جانتایەکی لە شان دابوو، بە لایا تێپەڕی و نیگایەکی کڕیارانەی لێ کرد ! ئەوەندە شڵەژابوو، ئەو سەیرکردنەی نەدی!

« هەر دووبەدوو دەچین بۆ شوێنێک کەس نەماندۆزێتەوە ! واز لە هەرچی خزم و کەس و کارە دێنین! ئەوەندە خۆش ڕایدەبوێرین فریشتەکان ئێرەییمان پێ بەرن! بە ڕیشی دونیا پێدەکەنین!»

ئوتووبووسێک گەیشتە وێستگە و موسافیرەکان دابەزین ! بە پەلە بە ناویاندا گەڕا !

- ئەی بۆ نەهات؟

« یەکەم منداڵمان ، ئەگەر کوڕ بوو ناو دەنێین؛ ژیرا! یانی هۆشیار و زیرەک! ئەگەر کچ بوو، ژیوار یانی ژیان!»

ئوتووبووسێکی تر گەیشتە وێستگە!

- خۆیەتی!

بە پەلە هەڵات بۆ لای موسافیرەکان. کە دابەزی کوڕێکی موو زەردی باڵابەرز بوو!

« کچ نەماوە وەک تۆ فریوی نەدا! بێچارە!»

**

ئەوەندە بە وێستگەدا سووڕابۆوە، هیلاک ببوو!

لە سەر سەکۆی وێستگەکە دانیشت و نیگای چاوەڕوانی بڕیە ماشێن و ڕێبوارانی تازە هاتوو!

«ژیوار گیان! بزانە کێیە لە دەرگا دەدات؟ ڕەنگە باوکت بێ! زوو کچە جوانەکەم!»

- ببووڕە کچەکە، چاوەڕوانی کەسێکی؟

ژنە پرسیارکەرەکە جانتایەکی لە دەست دابوو. تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبوو! باڵایەکی کەمێک درێژ! قژە بژ و ڕەشەکانی لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەر! چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە!

«ئەمە لە من چی دەوێ؟»

- بەڵێ! نەخێر! بۆ دەپرسی؟»

ژنەکە بەم جوابدانەوە سەیرە، پێکەنی!

- ماوەیەکە سەیرت دەکەم !دەڵێی چاوەڕوانی کەسێکی؟

- قەرارە خزمێکم لە سەفەر بێتەوە!

- ناتهەوێ جواب دەیەوە، درۆ مەکە!

ژنە لێی دا و ڕۆیشت!

«ژیرا، ژیرا! برۆ بۆ لای وانەکانت! بۆ واز لەو سەگە ناهێنی؟»

**

- هات!

شاگەشکە ببوو!

«ئەی بۆ دەیانگوت ...؟»

- سڵاو!
- سڵاو!
دەستی گرت و بردی بۆ چاخانەکە! بەرانبەر یەک دانیشتن و دەگەڵ خواردنەوەی چایی وتی: تۆ جوانترین کچی ئەم شارەی!
نازانم چۆن بڵێم؟ زۆرم خۆش دەوێی!
شاگەشکە ببوو! وتی: منیش لەوەتی تۆم دیوە هەست دەکەم عاشق بووم و غەیری تۆ کەس نابینم!
- کەی بنێرم بۆ خوازبێنیت؟
- هەر چی زووتر، باشترا!
سێ مانگ ڕابردا!
- کەی دەنێری بۆ خوازبێنیم؟
- ماوەیەکی تر سەبرم لێ بگرە!
دوای سێ مانگی تر، دیسان ڕۆژێک لێی پرسی: کەی دێی بۆ خوازبێنیم؟
- ماوەیەکی ترا
بەڵام ئەو ماوەیە، هەر نەهات!

**

- هات!
- سڵاو!
- سڵاو بۆ تۆ گوڵە جوانەکەم!
- بۆ درەنگ هاتی؟
- خۆت دەزانی زۆر سەرم شلووقە! دەبێ بمبووری!
- تاکەی ئاوا بە دزی یەکتر ببینین؟
- ئەگەر دەتهەوێ بۆ هەمیشە بۆ یەک بین، سبەینێ لە وێستگەی... چاوەڕوان بە! دێم دوو بە دوو دەڕۆین!
- بۆ کوێ؟
- هەر دووبەدوو دەچین بۆ شوێنێک کەس نەمان دۆزێتەوە! واز لە هەر چی خزم و کەس و کارە دێنین! ئەوەندە خۆش ڕایدەبوێرین فریشتەکان ئێرەییمان پێ بەرن! بە ڕیشی دونیا پێدەکەنین!

**

- بۆ نەهات؟
ژنێک وەرگەڕایەوە و زۆر بە سەیری چاوی لەو کچە کرد! سەرێکی ڕاوەشاند و لەبەر خۆیەوە وتی: وڕێنە دەکا!
ئێوارە دادەهات و هەروا چاوەڕوان مایەوە!
دواییین پاسەکە گەیشتە وێستگە و لە ناو موسافیرەکانداا ناسراوی تێدا نەبوو!

**

ئێوارەیەکی درەنگ، کچێک ئارام بەرەو ماڵی خۆی دەڕۆیشتەوە! ئارام، ئارام! بزەیەکی لە سەر لێو بوو! دەتگووت تازە لە سەفەر هاتۆتەوە! وێستگە وەکوو هەموو ئێوارەیەک ، ئارام و کەم جووڵە بوو!

هەواڵنامەی کتێب



بن کەپرێک و تاپۆی پیاوێکی بەردینەیی

مریەم قازی

سرنجی کەس ڕاناکێشم، باوی لاقەکانم خۆش نییە، بەهەڵکەوت کە چەند چاوێکی سارد لە چاوم دەکەن وەک لاپەڕەیەک زوو هەڵدەدرێنەوە و لە کاتی کڕینی میوەدا کە سەرم داخست نەختێک لە گێژەوە هاتم:

-ـ حاجی خانم ئاژانسێکتان بۆ بانگ کەم؟

حاجی خانم؟؟!! سڕ بووم، فیتوویەک مێشکی سەرمی پێکاوت، حاجی خانم؟! یەکەم جارە کەسێک بەم نێوە بانگم دەکا! گوێم لە قرچە قرچی ئێسکەکانم بوون و ئاگام لە داهێزانی چۆکەکانم، چەند کیلۆ میوەکانیش ببوون بە دووتا سیمانی قورس کە بە زەحمەت لە دووم دەهاتن.

ـ چەندە زوو درەنگ دەبێ کچم!

ـ دایە گیان سەفەرێکم لە بەرە، دەچمە شوێنێکی دوور دوور.

بەر لەوەی بێمە ئەم شوێنە دووڕە چاوەکانیم پێ پڕکرد لە خەمێکی قوول و وەک هەمیشە نەمزانی بۆ من بوو یان حەکایەتی خەمە نەگوتراوەکانی خۆی. چەند دڵۆپێک ئاوی باران پڕژایە سەر گۆنام و ڕاست بوومەوە، لە سەر تەختە بەردێکی پان لە قەراغ دەریا هەروا بە دانیشتنەوە خەوم لێکەوتبوو:

ـ ئەم سەرخەوە کورتانە لە ماوەی ڕۆژێدا دەگەڵ ئەوە کە دەفەرمووی شەوانە خەوت لێناکەوێ نیشانەیەکی باش نییە!

دوکتور ئەوانەی دەگەڵ کۆڵێک دەرمان کە بۆی نووسیبووم پێگوتبووم.

هاتم بگەڕێمەوە باران زۆر زووتر لەوەی کە چاوەڕوانیم دەکرد توندی کرد و لە ماوەیەکی کورتدا ئاوی باران بە سەرتاپای لەشمدا چۆڕاوگەی بەست! سێ ـ چوار گرمەی توندی چەند بروسکەیەک تێکەڵاوی بۆنی ماسی و دەریا و ماسیگرەکان و خیزەڵێنی بەر لاقم ببوون، ڕەنگی وڵات دەگەڵ ئەوە کە چەند سەعاتێک مابوو بۆ داهاتنی شەو، خۆڵەمێشی بەرەو ڕەنگی شینی دەریا بوو بە تروسکەیەکی پاراو کە تا ئەو کاتە لە ژیانم جگە لە ئالبۆمی نەقاشییەکاندا نەمدیبوو.

ـ دەرمانەکانم قەت بەتەواوی ناخۆم یانی لە بیرم دەچنەوە دوو جەم دەیانخۆم و سێ جەم نا جاری واشە لە شەوێکدا دوو جاری دەخۆم، دوکتور!

هێزێک ڕێک بەرەو دەریا پاڵی پێوەدەنام. پۆلێک باڵندەی ماسیگر لە شەپۆلەکان ئارامییان گرتبوو و دەگەڵ هەڵکشانوداکشانی شەپۆلەکان سەروخواریان دەکرد. پیاوێک نەختێک خوارتر لە سەر چوار پایەک دانیشتبوو و چەترێکی لە سەر خۆی هەڵ دابوو چاوی لە دوورترین سووچی دەریا بڕیبوو. لیباسەکانی بنەوەشم خەریکبوو دەخووسان، کەچی سەرمام نەبوو، دەنگی ڕێژنەی ئاوی باران بەسەر ئەم دەری پانوبەرینەدا بۆم ئاشنا نییە و دڵەکوتەیەکی نامۆ دامدەگرێ.

ـ چ بوو وا دەکەم و وا بچێ؟ نەمگوت ئاخر و عاقیبەتی نییە؟ شێت ببووی ئەو قسە زەلام زەلامانە خەریکە ئاوارەت دەکا!

ـ بۆ چی ئاوارە؟ نابێ ئەو جیهانە پانوبەرینەی، هێندەم قسەی زەلام بۆ کرد لە نزیکەوە ببینم؟ خەریکە شێت دەبم!

بۆ خۆم پێدەکەنم، دایکم پێناکەنێ.

هەورەکان تا دێن زیاتر دەبن و بۆڵەبۆڵی دەریا زیاتر، بێوەی ئاگام لێ بووبێ تا سەر چۆک چووبوومە نێو ئاو، کیفەکەم بە شانمەوە بوو، باوەڕم نەکرد ئەم شەپۆلانە هێندە بەهێز بن کە هەر لە یەکەم وێکەوتنییان لە ئاوەکەم ڕاکێشن و پشتاوپشت بەربمەوە و دەگەڵ گەڕانەوەشییان بۆ لای قوواڵیی ڕامکێشن! باران بە گوڕەم دەباری شەپۆلکان تا دەهاتن بەسامتر و بڵیندتر دەببوون بە چەشنێک هەر لە جێی خۆم دانیشتم و ڕێگەم دا هەموو جارێ بە سەرتای پای لەشمدا بێتەخوار و بمشواتەوە هێوڕ ببوومەوە. دەتگووت دەستێکی بەهێز دامدەمالێ. نازانم چۆن گەیشتبوومە ڕووبەڕووی پیاوەکە کە هەروا چاوی لە دوورترین سووچی دەریا بڕیبوو، سەمعەکەکەم فیتووی کێشا و زانیم تەواو خووساوە، دەرم هێنا و لە گیرفانی کیفەکەم ڕاکرد کە ئەویش تەواو تەڕ ببوو.

لە یەک ئان‌دا وڵات بە هەموو هەراهەرای خۆیەوە کووژاوە ، چەند جار حەولم دا بگەڕێمەوە کەچی دەریا ئەمانی پێنەدەدام و خێرا خێرا بەردەبوومەوە، کابرا هاتە لام چەترەکەی هەروا بە دەستییەوە بوو، تا سەر چۆک هاتە نێو ئاوەکە و دەستەکەی دیکەی بۆ لای هێنام، لە کاتێکدا دەلەرزیم ماوەیەک بێئەوەی دەستی بگرم لێی ڕامام، بۆخۆی دەستی گرتم و ڕایکێشامە دەرێ و چەند هەنگاو گەیشتینە سەر تاتە بەردەکان کە بە زللەی شەپۆلەکان ڕەشوشین ببوونەوە.

- پێت وا نەبوو ئەم وردە شەپۆلانە هێندە بەهێز بن، وایە؟

ڕاستی دەگوت، پێم وا نەبوو.

- چایەکی گەرم لە بن هۆو کەپرە دەتحەسێنێتەوە، وایە؟

ڕاستی دەگوت، پێی دەحەسامەوە.

- میوانی من باشە؟

ئەوەندەم گوت، هیچی نەگوت. تازە زانیم دەستم هەروا دەدەستی دایە و خێرا دەستیم بەردا. نەمدیبوو ئەوەندە گوڵ لە هەمە ڕەنگ پەرژینیان بۆ کەپرێک ساز کردبێ.

- لێرە گوڵ لە هەموو شتێک زیاترە، هەڵبەت دوای شینایی!

ویستم پێی بڵێم، نەمگوت. دیسان چاوی لە دوورترین سووچی دەریا ڕامابوو و دوای ئەوەی زانی من قەننە ناکێشم، خەریکبوو مژێکی قوولّی لێ دەدا. چا و نان و پەنیری وەرگرتبوو و لە پێشی دانا بووم. زۆرم برسی بوو بەڵام نەک ئەوەندە کە ئەوم پێ سەیر بوو. گوێم لە هیچ نەدەبوو و لە دەریا کە نەختێک دوور ببووینەوە، شەپۆلەکان ببوونە دێوەزمەیەک کە بۆ قووتدانی بەستێن دەهاتە پێش و بە چنگە فرکەوە دەگەڕاوە پشتەوە. دەلەرزیم و شەو خەریکبوو دادەهات.

- زۆر باشە جاروبار بکەوینە شوێنێک کەس نەماننناسێ وەک ئێستا کە تەنانەت من و تۆش یەکتر ناناسین!

بێئەوەی چاو لە دەریا هەڵگرێ مژێکی تری لە قەننەکەی دا.

- دایکم زۆر نیگەران بوو ...

بن کەپرەکە پڕ بوو لە قوولّتەقوولّت و بۆنی ئەسانسێکی خۆش کە لە قەننەکەی دەهات. کە بەشە نان و پەنیرەکەی خۆی لێ هێنامە پێش، بۆنی ئودکلّۆنە گرانبایەکەیم پڕ بە سینگم هەڵکێشا و ئیتر نەمدەزانی لە بۆنی گوڵ و باران و دەریا و قەننە و ئودکلّۆنەکەی کامییان خۆشترن؟ باران لێی کردەوە هەموو وڵات لە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی ماتدا تروسکەی دەهات. هەستامە سەرپێ. داوێنی مانتۆکەم و پووسەرییەکەم کوشی، سەمعەکەکەم لە گوێم کردەوە و هەموو وڵات لە یەک ئان‌دا هەڵ بۆوە و سەر لە نوێ شەپۆل و ماسیگرەکان و هەناسەی ژیان بەرز بوونەوە.

- سەرمات دەبێ زوو بگەڕیەوە ماڵێ!

ئەوجار من بێدەنگ بووم و تەنیا بزەیەکم کەوتە سەر لێو. سیمای پیاوانەی بە سەرێکی ماشوبرینجی و ئەو بێدەنگی و چاوە دەروێشکراوەکانی تەواو هێمنایەتی وەبەر نابووم ، پارەیەکم لە سەر کەشفەکە دانا، بێئەوەی چاوی لێ بکا هەڵیگرت و دایەوە دەستم و چاوی لە دوورترین سووچی دەریا بڕیەوە. وام هەست کرد دوو باڵی چکۆلە لە پشتمدا چەقەڕەی دەدا و نەختێک دەخورا، بە قەراغ دەریادا یەکە یەکە کۆڵانە باریکەکانم بەڕەو ماڵ بە جێ دەهێشت: کۆڵانی لادەن، کۆڵانی دەریا، کۆڵانی نیما، کۆڵانی شەقایق ، کۆڵانی گوڵی مریەم، باوی لاقەکانم زۆر خوشتر ببوون و جیا لەوەش باڵەکانم تا دەهاتن گەورەتر دەبوون و دوور و نزیکی ماڵەکەی هەر لە قەراغ دریا بە کرێم گرتبوو، سووکێک هەڵفڕیم و ڕێک لەسەر هەیوانەکەی هەڵنیشتمەوە. شەو تەواو بەسەر دەستاندا هاتبوو، لە تەنیشت شۆمینەکە لە سەر موبڵە نەرمەکە پاڵم داوەتەوە، پەتوویەکی سووکم لە خۆم هاڵاندووە، باڵە سپی و تووکنەکانم وەک پاڵپشتێکی نەرم دەملاوێننەوە. سەرخەوێکی خۆش دەشکێنم و چایەکی تازە تێدەکەم و بۆنی بە هەموو ماڵدا گەڕا، هەستامە سەرپێ و بەر لەوەی ڕۆمانی «گڕەوی بەختی هەڵاڵە»ی کاک عەتا نەهایی دەست دەمێ، چوومە بەر ئاوێنە باڵانوێنەکە، کۆڵمەکانم گەشاوەتەوە، چاوەکانم ناناسمەوە، باڵەکانم سەبرێک ڕادەوەشێنم ، دڵنیام دایکم ئەوجار بمبینێ دەگەڵ هەموو خەمەکانی خۆیدا خەم داینا‌گرێ. لە پەنجەرەڕا چاوێک لە قەراغ دەریا دەکەم ئەو پیاوە لە تاریکیدا دەناسمەوە کە هەروا چاوی لە دوورترین سووچی دەریا بڕیوە...

هەواڵنامەی کێبڕکێ





کوردستان گولبێ ئازەر

ئەو پیاوەی وا لە زەینی خۆیدا نەدەگونجا

لیوانە ئاوەکەی پڕ کردبوو. هاتبۆوە نێو هاڵەکە. چەند شەقاو دەگەڕێتەوە دواوە. ئاوڕ دەداتــەوە. چاوی لە جێگاکە بڕیوە. پــەتۆکە بە شپرێوی لــەسەر تۆشەگەکە لادرابوو. کوڕەکەی لە جێگاکەیدا نەمابووە. چەند قووم لە ئاوەکە دەخواتەوە. بــەرەو دیوەکەی دەچێ. ڕادەوستێ. چــەند شــەقاو دەگــەڕێتەوە نێو هــاڵەکە. لیوانــە ئاوەکە هــەر بە دەستیەوەیەتی. چاوی لە ساعەتی هاڵەکە بڕیوە. هێندەی نەمابوو بۆ سێی دوانیوەڕۆ. دیسان چاوی لە جێگای کوڕەکەی بڕیوە. بیرێک وەک بەرق بە مێشکی دادێ. بە لیوانە ئاوەکەوە هەڕا دەکاتــە درگای هــاڵەکە. هاتۆتە سەر پلیکانەکان. داوێنی کراســەکەی دەکەوێتە بەرلاقی. دەرکەی ژێرخانەکە لە دەستی بەر دەبێ. شەقەی دەرکەی ژێرخانەکە وەخۆی دێنێتەوە. لیوانە ئاوەکەی هــەر بە دەستیەوەیە. لە پلیکانی ژێــرخانەکە هاتۆتە خوارێ. جەستەی بەتەواوی سارد بۆتەوە. لیوانــەکە لە دەستی بەر دەبێتەوە.

کوڕەکەی خۆی هەڵواسیبوو. ئەژنۆکانی، هەر دوو نووشتانەوە. چاوی تێبڕیوە. لاقی شۆڕ بوونەتــەوە. زمانی لە زاری هاتۆتە دەرێ و ملی شۆڕ بۆتەوە. هەر دوو چاوی زەق لە ژێڵاڵا هاتــوونە. تازە باوەڕی بە قسەی کوڕەکەی دەکرد کە چەند جاران کوتبووی: خۆی دەکوژێ. ئەویش هەر لە ژێرخانی ماڵەکەیان‌دا. چەند جاریش کوتبووی. هێشتاش باوەڕی نەدەکرد بەڵام ڕووی دابوو. هــەستا بۆوە سەر پێ. بــەتەواوی هێزییەوە دەیهەوێ لــە پەتکەکەی بکاتەوە. دەیکێشێتە خوارێ. ناتوانێ. هەناسەی دەکێشا. بــە زەحمت هەناسەی دەکێشا. دیسان ناتوانێ. جەستەی بەتەواوی سارد بۆتەوە. هەڵدێتە دەرێ. دەرکەی ژێرخانەکە لە دەستی بەر دەبێ. هەڕا دەکاتە دەرگای حەوشە، دەروازەکەی کردۆتەوە...